پیشەییەکان گرنگی پیٚ بدەین، لەبەر ئەوە پیٚویستمان بەوەیە بەشی تازە بهیٚنینە کایەوە، ئەو بەشانەی کە تازە داهیٚندراون، ئەوەش پیٚویستی بەوەیە کەوا خولی مەشق پیٚ کردن بۆ ئەو مامۆستایانە کە ئـەو زانسـتە تازانەیان پیٚ نیە، لە دەرەوە ببیندریٚ، ئەوە وەکو مـەرجیٚك دابنـدریٚ، نـازانم لـە یاساکە جیـیٚ دەکریٚتـەوە، یاخود بە پیٚی ڕاسپاردە، خالیٚکی تر بەڕیٚز سەرۆکی پەرلەمان، یەکیٚك لە کیٚشـەکانی ئیٚمـە ئەوەیـە کـە لـەم بودجەیەدا دەبینین پارەیەکی ئەوتۆ بۆ تویٚژینەوە دەستنیشان نـەکراوە، ئـەوە بـۆ ئیٚـرە دەگەڕیٚتـەوە، لیٚـرە بۆی دابندریٚت، ناکریٚ تویٚژینەوە لەم ولاٚتـەدا پـارەی بـۆ دەستنیشـان نـەکریٚ، ئیٚمـە چـەند دەزگایـەکی زۆر گرنگمان هەیە، دەزگایەکمان هەیە سەنتەری تویٚژینەوەی زانسـتی یـە سـەر بـە وەزارەتـی خویٚنـدنی بالاٚیـە، ئیٚمە لەگەلٚ هاوکارانمان سۆزان خان ئاگادارە چووینەتە سەردانیان، بەڕاستی تویٚژینەوەی گرنگیان کـردووە، ئیختیراعاتی گرنگیان کردووە، لەسەر ئاستی دنیادا ئیختیراعاتەکانیان ناسـراوە، تویٚژینـەوەکانیان جیهـانین، نەك هەر گرنگی پیٚ نادریٚ، ئیٚمە لیٚرەدا دەبینین، بـەلکو هـەولی ئـەوە هەیـە کـە ئـەو سـەنتەرە داشـبخریٚ، لیٚرەوە من ئەوە دووپات دەکەمەوە، پیٚویستە بڕیٚکی بودجە بـۆ ئەوانـە دەستنیشـان بکـریٚ، بەتایبـەتی ئـەو سەنتـەرانەی کەوا تایبەتمەند بن پیٚوە، سەبارەت بەوەی کەوا کیٚن ئەوانەی دەچنە دەرەوە؟ بیٚگومان بـەڕیٚز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە وەکو ڕیٚنماییەك ڕیٚنمایی خۆیان دەریان کردووە، پیٚم باش نیە لیٚرەدا تـەداخولات بکەین، دەکریٚت لە ڕیٚی لیٚژنەکانەوە چاودیٚریان بکەین، چونکە هەموو ئـەو بابەتانـەی کـەوا هەشـن لەسـەر مالپەڕەکەی خۆیان بلاٚو کراونەتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕیٚز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕیٚز سمیرە عبدالله.

**بەڕیٚز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕیٚز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە کە پرۆژەی تەنمیەی (تطویر القدرات البشریة) ماددەیەکی زۆر گرنگە و جیٚی دلخۆشی هەموو لایەکمانە، چوار بوار دەگریٚتەوە خۆی، (زمالات، بعثات، أبحاث، دورات تدریبیة)، بەلاٚم بە داخەوە کەوا دیـار بوو یەعنی پارسالٚ زیاتر گرنگی بە زەمالات و بیعسات دراوە، ئـەبحاس و دەوراتـی تـەدریبی ئیهمـال کرایـە، خاصەتەن خـولی مەشـق و ڕاهیٚنـان زۆر گرنگـە، بـۆ نموونـە مـن لـە کۆمەلگەی فـاخیر میٚرگەسـۆری بـووم، کۆمەلگەیەك بوو کۆری دروستیان کردبوو، چەندەها ئەجهیزەی موتەتەویریان هیٚنـابوو، مـەوادی کیمیـاوی و فیزیاویان هیٚنابوو، مامۆستاکان سەریان لیٚ دەرنەدەچوو، بەلاٚم ئەگەر ئەو دەورانە هەبیٚ بـە بـەردەوامی، زیاتر ئیستیفادەی لیٚ دەکریٚ، هەم قوتابی و هـەم مامۆسـتا، بـە خۆشـمان دەزانـین سیسـتەمی پـەروەردە لـە جیهان دا، هەم لە کوردستانیش دا بەبەردەوام لە گۆڕانکاری دایە، پیٚویستمان بەو دەوراتانە هەیە، پیٚویستە لیٚرە تەحدیدی پارە بکریٚ بۆ دەورات، کە دیار بکریٚت، ئەوانی تریش نیسبەکانیان دیار بیٚ، پشکی وەزارەتی پەروەدە دیار بیٚ، پیٚشتر دیارە زیاتر گرنگی بە وەزارەتی خویٚندنی بـالاٚ دراوە، بـەلاٚم بـە پـەروەدە نـەدراوە، پیٚویست دەکات لیٚـرە حیصـەی وەزارەتـی پـەروەردەش دیـاری بکـریٚ، هـەروەها تەحدیـدی عـومر نـەکریٚت،

من ڕێزم بۆ ڕەئی جەنابت هەیە، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئازادیت کە ڕەئی خۆت دەربڕی، بەڵام ئصوڵ کەئێمە لەسەری ڕۆشتووین، بەپێی یاسا و بەپێی عورف پەرلەمانی کوردستان، هەر پرۆژە یاسایەك، کەموناقەشەی لەسەر کراوە، مادده بەمادده، هەندێك لەسەر ماددەیەك دەنگی داوە، هەندێکی تریش دەنگی نەداوە، لەکۆتایدا کۆی پرۆژەکە دەخرێتە دەنگەوە، ئەگەر زۆرینەی لەگەڵ بوو، ئەوە پەسەند دەکرێت، ئەگەر واش نەبوو، ئەوە پەسەند ناکرێت، ئەوەشی پێی ناڕازییە دەتوانێ دەنگی خۆی نەدات، زۆر ئاساییە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە، کە کۆی پرۆژەکە بەهەموو ماددەکانیەوە بخرێتەدەنگدانەوە؟، تکایە بادەستی بلند بکات، 68 بەڕێزی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟، 25 بەڕێزیشی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا پیرۆزبایی لەگەلی کوردستان دەکەین، سوپاس بۆ هەموو پەرلەمانتاران بۆ ئەوانەی کە لێرەدابوون و زۆر بەجدی کاریان کردووە، لەسەر ئەم پرۆژەیە، زۆر باش ئیشتان کرد، هەڵەکانتان چاك کردەوە، پارەتان لەزۆر جێگا گەڕاندەوە، بە نەفعی خەڵکی کوردستان و بەنەفعی پرۆژە ئیستسمارییەکان، نەفعی حکومەتی هەرێم، نەفعی گشت تاکێکی ئەم کوردستانە، جێگای شانازین ئێوە، سوپاستان دەکەین پیرۆزبایی لەگەنجانەکان دەکەین، ئەوانەی کەشوو دەکەن، ئەوانەشی کە ژن دێنن، ئەوانەی قەرز وەردەگرن، لەفەرمانبەران، لەهەر هەموویان، سوپاس بۆ پەرلەمانیش کە بڕیاریدا لە 10٪ ی مووچەی بەرپرسە باڵاکان کەمبکرێتەوە، بیخاتە سەر بودجەی شەهیدانی ئەنفالکراو، دەستخۆشیتان لێدەکەین، دەستخۆشی لە کۆمەڵگای مەدەنی و لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کۆمەڵێك پێشنیاری تر ماوە، ئێمە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان، ڕێکی دەخەین و بەکیتابێکی ڕەسمی ئاراستەی حکومەتی دەکەین، دەستخۆشیتان لێدەکەین، بۆ دانیشتنی دواتر ئاگادارتان دەکەینەوە، سوپاس.

پیرۆباییان لێ دەکەین، پیرۆزە بۆ ئەوانیش، زۆر سوپاس، زۆر زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری کاك شێخ بایز دەکەین، هەروەها وەزیری پلاندانان کاك دکتۆر عەلی، بەڕێز کاك رشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، کە ئەم ماوەیە لەگەڵمان هیلاك بوون، سوپاسیان دەکەین لەگەڵ لیژنەکان و لەگەڵ ئەندامەکانی پەرلەمان، ئەم ماوەیە بە یانیان و ئێواران ئیشێکی زۆر وردو بەتوانایان کردووە لەبواری دارایی، هەرێمی کوردستان پێیان سەربەرزە، سوپاسیان دەکەین و خۆشحاڵین بە ئەدای کارەکانیان و تەمەنا دەکەین باشتریش بێت لە ئایندەو بەردەوام بین، بەو تەنسیقە باشەی لە بەینی پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی دارایی و ئابووری و حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

2 - دانانی بەڕێز (کاوە محمد امین حسین) لە لیژنەی پێشمەرگە.

سێیەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانە:-

1 - پێشنیاری هەموارکردنی یاسای باجی خانووبەرە ژمارە(25)ی ساڵی 2007

2 - پێشنیاری هەموارکردنی دووەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە(17)ی ساڵی 2006.

3 - پێشنیاری یاسای دەلالی و بەدواداچوون(الدلالة والتعقيب).

4 - پێشنیاری یاسای سروودی نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان – عێراق(ئەی ڕەقیب).

چوارەم: پێش چاوخستن و گفتوگۆکردنی ناڕازیبوونی (اعراچ) بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەسەر بڕگەی (10) لەماددەی دووەمی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ژمارە(14)ی ساڵی 2010.

پێنجەم: پێش چاوخستن و گفتوگۆکردن لەسەر یاسای ئەنجومەنی ڕاژە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (25)، رۆژی دانیشتن 2011/6/14، بەرنامەی کار

بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی ماددەی(20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(25)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/6/14 دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: پێش چاوخستنی داخوازی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپێدانی متمانە بە بەڕێز (صباح احمد محمد) (مامۆستا ئارام) بە وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان و سوێند خواردنی یاسایی.

دووەم:

3 - دانانی ئەندامی بەڕێز( عمر عبدالعزيز بهاء الدين صادق) لە لیژنەی نەزاهەت لە جێگای(حمە سعيد حمە علی).

4 - دانانی بەڕێز (کاوە محمد امین حسین) لە لیژنەی پێشمەرگە.

سێیەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانە:-

5 - پێشنیاری هەموارکردنی یاسای باجی خانووبەرە ژمارە(25)ی ساڵی 2007

6 - پێشنیاری هەموارکردنی دووەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە(17)ی ساڵی 2006.

7 - پێشنیاری یاسای دەلالی و بەدواداچوون(الدلالة والتعقيب).

8 - پێشنیاری یاسای سروودی نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان – عێراق(ئەی ڕەقیب).

ئێستا بەڕێزیان وەزیری تازە، پیرۆزبایی لێ دەکەین، تەمەنا دەکەین لەو ئەرکە پیرۆزە بەراستی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان وەزارەتێکی گرنگە، ئەو وەزارەتەیە کە بەخوێنی ئەوان ئەمرۆ ئەم ئاوەدانی و تەجروبەی پێشکەوتنەی دیموکراسی لەکوردستاندا بەدی هاتووە، بۆیە تەمانای سەرکەوتنی بۆ دەکەین و پیرۆزبایی لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوکان دەکەین، لەخەڵکی کوردستانیش، ئێستاش داوایان لێدەکەین کەوا بچنە سەر وەزارەتەکەی خۆیان و دەست بەکار بن، خوا ئاگادارتان بێت، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار، دانانی ئەندامی بەڕێز( عمر عبدالعزیز بهاو الدین صادق) لە لیژنەی نەزاهەت لە جێگای( حمە سعید حمە علی)، بەڕێز کاک حمە سەعید، ئیستیقالەی پێشکەش کردووە، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ دەست لەکارکێشانەوە**

من پەرلەمانتار (حمە سعید حمە علی) ئەندامی لیژنەی نەزاهەت، داوای دەست لەکارکێشانەوە( استقالە) دەکەم، لە لیژنەی نەزاهەت بەهیوای ڕەزامەندیتان، بەڕێزان ئێستا کێی لەگەڵدایە کە کاک حمە سعید دەست لەکار بکێشێتەوە لە لیژنەکەی با دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ تەنها 3 کەسی لەگەڵدا نیە؟، دەست لەکارکێشانەوەکەی قبوڵ کرا، هیواداریین لە لیژنەیەکی تر بە کاری خۆی هەڵبستێت، ئێستاش کاک (عومەر عبدالعزیز بهاو الدین)کە داواکارییەکی نووسیوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەمە دەقەکەیەتی:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ گۆڕینی ئەندام**

داواکارین لە بەڕێزتان کە ڕەزامەندی بفەرموون بەدانانی پەرلەمانتار(عومەر عبدالعزیز بهاو الدین)لەشوێنی پەرلەمانتار بەڕێز( حمە سعید حمە علی) لە لیژنەی نەزاهەتی پەرلەمانی کوردستان، فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، تکایە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون 55 کەسی لەگەڵدایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، 14 بەڕێزی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆز بێت، تەمەنا دەکەین کە جێگا دەستی دیار بێت لە لیژنەی نەزاهەت، ئێستا بۆ بڕگەی دووەم لە خاڵی دووەم، دانانی بەڕێز (کاوە محمد امین حسین) لە لیژنەی پێشمەرگە. کە داواکاری هاتووە ئەمە دەقەکەیەتی:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ دەستبەکار بوون لە لیژنە**

بەڕێزان داواکارم وەك ئەرکی ئەندامی پەرلەمان لە یەکێك لە لیژنەکان ئەرکم پێ بسپێردرێت، خۆم ئارەزوومە کە لەیەکێك لەم دوو لیژنەیە کار بکەم، ( پێشمەرگەو ئاوەدانکردنەوە)، دوا بڕیاریش لای ئێوەی بەڕێزە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**مەسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**ئێستا دێمەوە سەر دەقی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی، کە ڕەئیەکەی بەم شێوەیەیە:**

**1 - لەڕووی ڕووخسارەوە پێشنیار دەکەین تانەگرتنەکە قبوڵ بکرێت، لەبەر ئەوەی لەماوەی یاساییدا پێشکەش کراوە، کە (15)ڕۆژ لەبەرواری وەرگرتنی پرۆژەکە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، بەپێی ماددەی (10)یەم (1)ەم فەقەرەی(2) لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم، ژمارە(1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو.**

**2 - دوو ڕا هەیە، لەسەر تانەکە، ڕای یەکەم: پێشنیار دەکات بڕگەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**(دەیەم: بایەخدانی تایبەت بە بوارەکانی کلتورو هونەر و وەرزشی ژنانەو کارکردن لەپێناو بڵاوکردنەوەی کلتوری یەکسانی لەنێوان ئافرەت و پیاو، لە ئەرك ومافدا)واتە لادانی دەستەواژەی (جێندەر) کەلە بڕگەکەدا هاتووە، چونکە دەبێتە هۆی دروست کردنی کێشە، ڕای دووەم: زۆرینە پێشنیار دەکەن، کە بڕگەکە بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:**

**( دەیەم: بایەخدانی تایبەت بە بوارەکانی کلتورو هونەر و وەزرشی ژنانەو کارکردن لەپێناوی بڵاوکردنەوەی کلتوری جێندەر ( یەکسانی لەنێوان ئافرەت و پیاو) لەئەرك ومافدا)، بۆ ئاگاداری، تانەی سەرۆکی هەرێم و ڕای لیژنەی یاسایی لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی بەڕێز، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکات و دەربڕینی ڕای گونجاو لەو بارەیەوەو، دەنگدانی لەسەر بدات، لەگەڵ ڕێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئیعتراز ەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێویستە بخوێندرێتەوە، بۆیە ئێستا بەردەوام بن. لیژنەی ڕۆشنبیری بۆ نەهاتنە جێگای خۆتان فەرموون.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا ڕای لیژنەی یاسایی سەبارەت بە تانە لێدانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەزمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقريراللجنة القانونية**

**اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الاحد 4 /طولان / 2711 كوردي المصادف ليوم 24/ 4 / 2011 ميلادي لدراسة اعتراض رئيس اقليم كوردستان على قانون وزارة الثقافة والشباب لاقليم كوردستان الذي اقره برلمان كوردستان بتاريخ 2010/11/10،وقد اعتراض رئيس الاقليم على**

**مصطلح(جيندر)الوارد في القانون وأقترح تبديله بمصطلح كوردى او عربي او تعريفه بشكل واضح وتقدم اللجنة رأيها بهذا الشكل :-**

**أولاً:-**

**من الناحية الشكلية تقترح قبول الاعتراض لتقديمه خلال المدة القانونية البالغة خمسة عشر يومأمن تاريخ وصوله الى رئاسة الاقليم استنادألحكم المادة العاشرة /أولاً/2من قانون رئاسة الاقليم رقم (1)لسنة 2005 المعدل .**

**ثانياً:هناك رأيان حول الاعتراض :**

**الرأى الاول:تقترح صياغتها بهذا الشكل :**

**عاشراً:**

**الاهتمام الخاص بمجالات الثقافة والفنون والرياضة النسوية ،والعمل من أجل نشر ثقافة (المساواة بين المرأة والرجل في الحقوق والواجبات )**

**اى حذف مصطلح (جيندر)من الفقرة.**

**الرأى الثاني :(الاغلبيه)نقترح صياغة الفقرة بهذا الشكل :**

**عاشراً:**

**الاهتمام الخاص بمجالات الثقافة والفنون والرياضة النسوية ،والعمل من أجل نشر ثقافة الجندر(المساواة بين المرأة والرجل في الحقوق والواجبات )**

**راجين التفضل بالأطلاع بعرض أعتراض رئيس الاقليم و رأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب بصدده والتصويت.**

**مع التقدير**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیری لەسەری بخوێننەوە، فەرموون.**

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەقی ڕاپۆرتەكە بەم شێوەیەیە:**

**لیژنەی پەیوەندیەكان ورۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوار، لە 2011/4/6، كۆبووەوە سەبارەت بە بڕیاری ژمارە (19)ی ساڵی 2011ی سەرۆكی هەرێم كە پەیوەندی بە بڕگەی (10)ی ماددەی (2)ی یاسای ژمارە(19)ی ساڵی 2010 ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانەوە هەیە، كۆبوونەوەكە لەگەڵ بەرچاوخستنی ئەو دوو ڕایەدا بوون، یەكەم: بایەخدانی تایبەت بە بوارەكانی رۆشنبیری وهونەرو وەرزشی خانمان وكاركردن بۆ بڵاوكردنەوەی كلتوری یەكسانی و ڕەخساندنی دەرفەتی وەك یەك لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)لەكۆمەڵگەدا، كە پێشتر لیژنەكەمان پەسەندی كردبوو.**

دووەم: ئـەم بڕگەیـە بـەم شـێوەیە دابڕێژرێتـەوە: ( بایەخـدانی تایبـەت بـەبوارەکانی ڕۆشـنبیری وهونـەرو وەرزشی خانمـان وکـارکردن بـۆ بڵاوکردنـەوەی کلتـوری (جێنـدەر) بـەمانای پێسـپاردنی ڕۆڵـی کۆمەڵایـەتی بەهەر کەسێك، بەپێی تواناو لیهاتوویی و شارەزایی بێگوێدانە ڕەگەزی ئەو کەسە).

لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئیعتزازی ڕێزدار جەنابی سەرۆکی هەرێم بۆ وشەی (جێندەر)کە لەماددەی (2) بڕگەی(10) هاتووە، دوو پێشنیاریان کردووە، یەکێك دەڵێت لابرێت، ئەوی تر دەڵێت ڕوونبکرێتـەوە، یـەعنی تـەوزیحی بکرێت، ئێستا بۆ ئەوەی کە دەوترێت با لابدرێت، ئەوە دوورترە لەوەی کە دەڵێت با تەوزیح بکرێت، بۆیـە داوا لە 4 بەڕێز دەکەین کە قسەی لەسەر بکات بۆ مانەوە، وە 4 بەڕێزیش بۆ ئەوەی کە لابدرێت، تا دوایـی بیخەینە دەنگدانەوەو بڕیاری لەسەر بدەن، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت دیفاع بکەن لەسەر ئـەوەی کە بمێنێت، ناویان دەنووسم، (سۆزان شهاب، ئاشتی عزیز، سالار محمود، پەریهان قبلای) ئەمانـە دەیانـەوێت دیفاع لەمانەوەی بکەن، ئەوانەی کە دەیانـەوێت لابچێت چوار کەسـیش دیفـاع لـە لاچوونی بکات، ناوتـان دەنووسم، (عمر عبدالعزیز، د. صباح بەرزنجی، د. بەشیر، ئارام قادر)ئێستا سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ تێکەڵاو بوونی کلتورو عەولەمەو هاتنە کایەی کۆمەڵێك چەمکی نوێ بۆناو کۆمەڵگاکەمان، بێگومـان وشەی (جێندەر)یش یەکێکە لەو وشانە، وەك ( فەیس بووك، تویتەر، ئەنتەرنێت) ئەمانە هەمووی وشـەن، ئیگلیزیشن بەس هاتوونەتە ناو کۆمەڵگای ئێمەوە، هەتا ئێستا کـەس نـەیوتووە بـا فـەیس بـووك تەرجومـە بکەین، کەس نەیوتووە با تویتەر تەرجومە بکەین، ئنتەرنێت کە ئێستا هەر هـەمووومان بـەکاری دەهێـنین، کەس ڕۆژێك لەڕۆژان نەیوتووە با ئەنتەرنێت تەرجومە بکەین بـۆ وشـەیەکی کـوردی، چونکە ئـەم وشـەیە ئەجنەبیەو هاتووەتە ناو کایەی زمانەوانی ئێمەوە، (جێندەر) وشـەیەکە عالەمیـەو وەکو هـەموو وشـەکانی تـر، ئەجنـدای سیاسـی، ئەجنـدا تائێسـتا نـەبووە لـەناو کلتـوری زمانـەوانی ئێمـەدا، هـاتووەو خۆشـی فـەرز کردووە، بایکۆت، وشەیەکی ئینگلیزیە، کەس وشەی کوردی بـەکار ناهێنێـت هـەموو دەڵـێن بـایکۆت، بـۆ، بـۆ ئەوانە ئیعتراز نیە؟، بەڵام بۆ وشەی (جێندەر) کەوەك هەموو وشەکانی تـرە، ئـیعتراز هـەبێت، ئـەو عەقڵـە پیاو سالارییە چیە؟، کە لەپشـتی ئەوەیـە کـە قبـوڵ ناکـات تەنانـەت بـە وشـەش ئەمـە قبـوڵ بکرێـت، بۆیـە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆر بە وازح و سەریحی من لەگەڵ ئـەوەدام ئـەم وشـەیە، وەك خـۆی بمێنێتـەوەو تەعریف بکرێـت، بـۆ ئـەوەی هـیچ کەسـێك تەفسـیری غەڵـەتی بـۆ نـەکات، بیریشـمان نەچـێت، هـەموو ئـەو بەڕێزانــەی کــە لێــرە بــووین لــەڕۆژی بڕیــاری 17 خاڵیەکــەدا کــە دەنگمــان بــۆدا، یــەکێك لــەداواکاری خۆپیشاندەران ئەوە بوو، کـە یەکسانی جێنـدەری بپارێزرێـت لەهـەرێمی کوردسـتاندا، ئـەوە داواکـاری ئـەو خەڵکە بوو، ئێستاش دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ داواکارییەکان لەوێ سەیری بکەن، خەڵك لـەوێ داوای کـردووە،

جادەی ئێمە هۆشیارە، خەڵکی ئێمە هۆشیارن، نەیانوتووە نابێ بمێنێت، وتوویانە کە زانیویانە دەبێتە مشت و مڕ وتوویانە دەبێت، پەیڕەوی یەکسانی جێندەری بکرێت لەناو هەرێمی کوردستاندا، ئەوە داواکاری خۆپیشاندەران بووە، هەمووش ڕێزمان لێگرتووەو دەنگیشمان داوە بۆ بڕیارە $17$ خاڵیەکە، دەنگیشمان داوە بۆ داواکارییەکانیان، هەر بۆ ڕێزگرتن لە ئارەزووی ئەوان، ئەمڕۆ ئەو وشەیە بمێنێتەوە، تەعریفێك بكرێت، کە ئەو تەعریفە هیچ مەجالی تەفسیرێك نەهێڵێتەوە، ڕۆشنبیری جۆری کۆمەڵایەتی – جێندەر یەعنی ئێمە ئیعترازەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمش زۆر بەنەزەری ئیعتیبارەوە وەردەگرین، لەهەردوو حاڵەتەکەدا، داوای وشەیەکی کوردی کردووە، تەعریفیشی دەکەین، ڕۆشنبیری جۆری کۆمەڵایەتی مانای وایە جۆری کۆمەڵایەتی تەعریف کردن یان گۆڕینیەتی، تەرجومە کردنی وشەی جێندەرە، دوای ئەوە قەوسێك دەکرێتەوە( بەمانای تێڕوانینی یەکسانی بۆ تاکەکان، لەسەر بنەمای شارەزایی، پسپۆڕی، توانا، دوور لەجیاکاری ڕەگەزی وپێگەی کۆمەڵایەتیان)، دوایی قەوسەکە دادەخەینەوە، چونکە ئەمە لەزمنی ماددەیەکدایە کە هی وەزارەتەکەیە، کە ئەویش یەکێك لە مەهامەکانیەتی، کە قەوسەکە داخرا، ئەمە دەنووسرێت، ڕەچاوکردنی پلان و پرۆژەکانی هونەری و ڕۆشنبیری ووەرزشی وەزارەت، ئەمە بەڕەئی من هیچ تەفسیرێکی تر هەڵناگرێت، غەیری ئەوەی کە ئێمەی ژنان کە داوا دەکەین یەکسان بین، لەگەڵ برا پیاوەکانمان لەسەر بنەمای شارەزایی، پسپۆڕی و تواناکانمان، نا لەبەر ئەوەی من ژنم، ئەو پیاوە، تەفزیلی ئەو بکرێت بەسەرمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاشتی عزیز، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەوانەیە بەرگری کردن لەوشەیەکی ئاوا بەرگری کردنەکە شێوازێکی جیا وەربگرێت، بەڵام لێرەدا ئەوەی کە من بەپێویستی دەزانم، بەرگری لەم وشەیە بکەم بۆ مانەوەی، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ ئەو جیاوازییانە، ئەو تێڕوانینە جیاوازانە لەسەر ئەم وشەیە، بەڵام بڕوام بەوە هەیە، کە پێویستە دەست و زمانی موشەریع لەناو پەرلەمانی کوردستاندا والآتر بێت، دەرگاکان کراوەتر بێت، چونکە ناکرێت موشەریع کە لەناو کوردستاندا تەشریعی یاسایەك دەکات پابەند بێت بەهەمان ئەو فەرهەنگ و زاراوانەی کە $10$ ساڵ بەر لەئێستا بەکارهاتووە، واتە دەکرێت لەئێستادا وشەیەك لەناو کوردستاندا قبوڵ کراو نەبێت، دەکرێت $5$ ساڵی تر زاهیرەیەك بێتە پێشەوە، گۆڕانکارییەك بێتە پێشەوە، کۆمەڵێك وشەی تر لەکوردستاندا خۆی فەرز بکات، هەمیشە موشەریع ئەو کەسەیە کە پێشەنگە لە کۆمەڵگادا، بۆیە ئەو سیفەتی پێشەنگیە، کە ئەدرێت بە موشەریع لەکوردستاندا، یان دەدرێت بە کەسایەتی پەرلەمانتار لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، ئەو حەقە دەدات بە ئەندام پەرلەمان کە بتوانێ کۆمەڵێك وشە بەکار بهێنێت، وەکو پێشەنگ کە ئەمە مانای ئەوە نیە، ڕەد کردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، دینی بۆ

کۆمەڵگاکەی خۆی بێت، ئەوەندەی زیاتر دەیەوێت وەکو پێشەنگ هەر دیاردەیەك دێتە پێشەوە وشەکان وەربگرێت و ئیستیفادەی لێ بکات، لێرەدا بەرگری دووەمم، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، ئایا وشە قیمەتەکەی لە خودی وشەکە خۆیدایە؟، یان لە سیاقی ئەو ڕستەیەدایە کە وشەکەی تێدا بەکار دەهێندرێت؟، ئایا ئەو وەزیفەیە چیە؟، کە ئێمە لەناو ئەم پرۆژەیەدا داومانە بە موصتەڵەحی (جێندەر)؟، ئایا وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی دەدرێتێ؟، بە وشەکە خراوەتە پاڵی، یان بەتەنها وەزیفەیەکی بایەلۆجی بەحتە خراوەتە پاڵ وشەی (جێندەر)کە ئەمەیە کێشەکە؟، لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا دروست دەکرێت، بۆیە من بڕوام وایە بەهای هەموو وشەیەك، سەرچاوەکەی لەوێوە وەردەگرێت، لە سیاقی ئەو وشەو ئەو وەزیفەیەی کە بەو وشەیە دەبەخشدرێت، لەناو ڕستەکەدا، بۆیە من بڕوام وایە هەموو قیمەت و دەلالەتی ئەم پرۆژەیە، کە پێشکەش کراوە، تەنها جۆری کۆمەڵایەتیە، یەکسانیەکی کۆمەڵایەتیە، ئەبەخشدرێت بە وشەکە، من متمانەم بە موشەریع هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، کە ئەو ئازادییەی بدرێتێ کە بتوانێت کۆمەڵێك وشەی تازە وەکو پێشەنگ بەکار بهێندرێت، لەبەرامبەریشدا بۆ ئەوەی ئەو چەواشە کارییە نەمێنێت، کە دەوری بەستووە لەدەور ئەو وشەیەدا، دەتوانین لەکەوانەیەکدا، بەجۆری کۆمەڵایەتی پێناسەی بکەین، لەتەنیشتیەوە دابندرێت، بۆیە مانەوەی ئەو وشەیە، جۆرێکە لە پێشەنگی و جۆرێکە لە متمانەدان بەو زمانە تازەیەی کە عەولەمەو جیهان بوون هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت، ئەمە جۆرێکە لەبەزاندنی سنوورەکان، پێویستە چۆن دەرگامان لەبەزاندنی سنوورەکانی تر کردۆتەوە، لێرەشدا پێمان ئاسایی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سالار مەحمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەگەر ئیجازە هەبێت، من دەتوانم داوا بکەم، دەرفەتەکەی خۆم ببەخشم بە کاك دکتۆر دانا، یان کاك عبدالسلام، باشە خۆم قسە دەکەم، مادام ناتوانم، لەڕاستیدا ئەم دەستەواژەی کەهاتووە، چەمکی (جێندەر) ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو سیاقەی کە لەناو ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە، کە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانە، وە بگەڕێینەوە بۆ ئەو برگەی کە بە چ مەبەستێك تێیدا تەوزیف کراوە، کە لەڕاستیدا ڕەخساندنی دەرفەتی کارو پێوەری یەکسانیە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێدا، بۆیە لە سیاقی خۆیدا، بێگومان هیچ تەفسیرێکی ناجۆر هەڵناگرێت، وەکو ئەوەی کە لێرەو لەوێ لە ڕابردوودا گوێمان لێبوو، بۆ ئەم ساتە وەختەش بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لەساتە وەختێکی مێژوویدا دەژین، کەدونیا لەزۆر ڕووەوە پێکەوە گرێدراوە، ئەم پەیوەندییە ئینسانی و تەکنەلۆجی و مەدەنیانە وای کردووە، زۆر چەمك و بابەتی جیهانی لۆکاڵی بووە، چەندین پرسی لۆکاڵیش وەکو دۆز و بابەت بەجیهانی

بووە، لەوبارەیەوە دەبینین بەجیهانی بوونی چەمك و دەستەواژەكان لە دونیای گلۆبالدا، مەسەلەیەكی حەتمیە، دژایەتی كردنی ئەو دەستەواژانەو قەدەغەكردنیان، دەچێتە چوارچێوەی فەرهەنگی قەدەغەكردنی وشە لە زمانی كوردەواریدا، تەجروبەش هەیە لەڕابردوودا تەنانەت بۆ ئەو چەمكانەی كە پەیوەندی بە مەسەلە ماددییەكانەوە هەبوو، یان ئالەتەكانەوە هەبوو، بۆ نموونە لەبەرامبەر تەلەفۆندا وشەی هاتف بەكارهێنرا لە زمانی عەرەبیدا، بەڵام ئەمە بەپێی تێپەڕوونی رۆژگار، وەكو زۆر چەمكی تر لەبەر هەژبوونی بەجیهانی بوونی پرەنسیپە نوێیەكاندا خۆی نەگرت، بۆیە من ڕام وایە ئەگەر ئەم دەستەواژەیە، بەمەرامێكی تر لێكدانەوەی بۆ نەكرێت، تەسەورم وایە بە مەسەلەیەكی ئاسایی، بەدەستەواژەیەكی ئاسایی بەڕوونكردنەوەیەكی نوێ و بابەتی هاتووە، بیریشمان نەچێت لەكۆمەڵگەی كوردەواریدا، ڕاستە لەڕابردوودا تا ئێستاكەش كە لەهەندێ جێگادا بەتایبەتی لە لادێكانی كوردستاندا، هەلی كار بۆ ژن و پیاو وەكو یەك ڕەخساوە، ژنان لەبەرامبەر پیاواندان، لەكارو لەهاوبەشی كردن و لە هەرەوەزیدا، توانیوویانە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی هەندێ پرسەوە، وەك گەڕانەوە بۆ هەندێ عادات و تەقالید، كە بارگاوییە بەهەندێ نەریت كە لە ڕاستیدا هەڵقوڵاوی ناو كوردەواری و كلتوری كوردەواری نیە، ئەم مەسەلەیە دەبینین بەرەبەرە خەریكە لە تەرازوودا دەبێت، بۆیە لەبەرامبەر ئەو هەژبوونە نێودەوڵەتی و ئەو گەشەكردنانەی كە ئێستا هەن، ناشكرێت لەوێدا ئێمە بەربەست دابنێین، بۆیە ئەمە بۆ خزمەتكردن بەڕەگەزی تر، بەتایبەتی ژنان و كچان لەم وڵاتەی ئێمەدا، هەر كەسێك كە دەچێتە وڵاتانی دونیا، لە ئێمە مانان، یەكەم پرسیار لە ئاستی ژیان لەهەرێمی كوردستاندا دەوترێت، ژن بۆ ڕۆڵی نیە لە كۆمەڵگادا، لەناوەندەكانی بڕیاردا، لە بازاڕدا، لە كەرتە جیاجیاكانی گەشەكردن و پێشكەوتندا، بۆیە بۆ ئێمە وەكو بەڕێز ئاشتی خان ئاماژەی پێكرد، موشەرعی كوردستانی ئەبێت بەجدی بیر لەم پرسانە بكاتەوە، كە لەدەرەوەی هەرێمی كوردستان، ئاراستەی هەرێمی كوردستان و كۆمەڵگەی كوردستانی دەكرێت، لەو ڕوانگەیەوە ئەمە، ئەگەر تەفسیری تری بۆ نەكرێت، یەكێكە لەو هەنگاوانەی كە ئەبێت ئێمە بەبێ دوو دڵی، لە حەریسیمانەوە بۆ ڕەخساندنی هەلی كارو ماف و ئازادییەكان بۆ هەر تاكە كەسێك، لەسەر بنەمای پاراستنی هاووڵاتی بوون، لەناو پرسە یاساییەكاندا، ئەمە بە دوو دڵیەوە تەماشا نەكرێت، ئایا ترس لە جێندەر بۆ؟، لەپای چی؟، ئەو تەفسیرانەی كە دەكرێن، تەفسیرێكی واقعی و مەنتقین، لەسەر بنەمایەكی سۆسۆلۆژین، بێگومان ئەگەر وابێت، ئەگەر لەبەرامبەردا قەناعەتێكی لەو جۆرە هەبێت، هەمووومان لەگەڵ ئەوەین كە كۆمەڵگاكەی ئێمە بەقۆناغێكی ڕاگوزەردا تێدەپەڕێت، لەڕووی فكریشەوە وەكو كۆمەڵگای ئێمە، لەبەرامبەر ئایینەكاندا، هەموو ڕێز وتەقدیرێكی هەبووە، وە هەموو ڕێز وتەقدیرێكی هەبێت، لە هەموو پرسێكدا بەر لەهەموو لایەك، بۆ نموونە لەناو پەرلەمانی كوردستاندا، زۆرینەی لیست لیستی كوردستانیە، لەهەموو بڕگەو بابەتەكاندا، لە یاساكانی ڕابردووشدا و ئێستاش ئەو یاسایانەی كە لەبەرنامەی كاردان و ئەو پرۆژانەشی كە لە داهاتوودا دەبن بە یاسا، ئەو ئیعتیبارانەمان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە، ئەو مەسەلانەمان بە مەسەلەیەكی بەهەند وەرگیراو تەماشا كردووە، بەشێك

بووە لەبەرنامەکانی خۆمان، وە پرسە مەدەنی و پرسە دیموکراسی وپرسەکانی پەیوەست بە ئازادی و ڕەخساندنی هەلی کارو یەکسانی نێوان ژن و پیاویش بەشێکە لە بەرنامەی هەرەزۆرینەی ئەم پەرلەمانتارانەو ئەو لیستانەی کە لێرەن، بۆیە هیچ دوو دڵیەك هەڵناگرێت، بۆیە پشتیوانی لە بۆچوونەکانی هەردوو خاتوونی بەڕێز سۆزانی خاڵە شهاب وخاتوو ئاشتی عزیز دەکەم، ئومێدەوارم بڕگەی دووەمی لیژنەی یاسایی بخرێتە دەنگەوەو پەسەند بکرێت، کاری لەسەر بکرێت، تەقدیریشم بۆ بۆچوونەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە، کەدواجار بڕیاری بۆ پەرلەمانی کوردستان هێشتووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەریهان قبلای، فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام، دیفاع لەوە دەکەم کە ئەو وشەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، وشەی(جێندەر) بۆچی؟، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر بێینە سەر ئەوەی لەڕووی زمانەوانیەوە ئێمە زۆر وشە هەیە، زۆر موراديفات هەیە، لە زۆر ڕستەدا بەکار دێت، کە مەعنای تر ئەگەیەنێت، ئەمە یەکەم: دووەم: لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری زۆر زۆر بەوازحی هاتووە، کە وشەی جێندەر مانای چیە، ئەویش نەهێشتنی ڕەخساندنی دەرفەتی وەکو یەك لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێرومێدا، یەعنی لابردنی ئەم وشەیە، یان ئەوەتا دانانی وشەیەکی تر، بەهای ئەو یاسایە لەم ماددەیەدا نامێنێت، ئێمە نیەتی موشەریع لەوێدا گرنگە، ئێمە خۆمان ئەزانین کە یاسایەك دادەندرێت گرنگ ئەوەیە لەو یاسایەدا، لەو ماددەیەدا تۆ نیەتەکەت چۆنە، یان ئەو مانایەی کە پێی دەگەیەنی، لەبەر ئەوە من تەئیدەن بۆ قسەکانی کاك سالار وئاشتی خان و سۆزان خان، داوا دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵ لابردنی نیم، لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا ئێستا زۆربەی وشەکانمان هەر ئینگلیزییە، زۆر وشەی تر هەیە موراديفی هەیە لە ڕستەی تردا، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە پاراستنی حەق و مافی یەکسانی ژن و پیاو، کە هەردووکیان لەهەمان کاتدا، هەمان قودرەیان هەیە، هەمان شهادەیان هەیە، لیهاتنیشیان هەروەك یەکە، بۆیە داوا دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەبێ گۆڕان وەك خۆی کە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەوانەی کە دیفاعی لێدەکەن کە نەمێنێتەوەو لابرێت، بەڕێز عمر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم مەوزوعە بەڕەئی من ئەوەندە قوڵ نیە بیکەین بە کێشەو مشتومڕی زۆری لەسەر بێت، بەس وجهە نەزەری بەرامبەریش بزاندرێت باشترە، من سەرەتا دەستخۆشی لەسەرۆکی هەرێم دەکەم بۆ

گەڕاندنــەوەی، کــە ئــەوە دیــارە لەمونتەڵــەقی خوێندنەوەیــەتی بــۆ واقعــی کۆمــەڵگای کوردســتانی، ئــەو مشــتومڕەی لــەم جــۆرە موصــتەڵەحانەدا دەکەوێتــەوە، ئــەم مەســەلەیە ڕەهەنــدی سیاســی نیــە، باســێکی یەکــەمجار زانســتیە، کۆمەڵایەتیــە زیــاتر، لــەوەی کــە مــەرامێکی سیاســی لــە پشــت هێشــتنەوەی یــان نەهێشــتنەوەی هــەبێت لەهــەردوو حاڵەتــدا، مــن ســەرەتا مولاحەزەیــەکی نیــزامیم هەیــە، لەســەر ڕاپــۆرتی لیژنـــەی یاســـایی بـــەڕێز، بـــۆ ئاگـــاداری پەرلـــەمانتارانی بـــەڕێز، لـــە 11 کـــەس لـــەم ڕاپۆرتـــەی کـــە لەبەردەستماندایە، 4 بەڕێز لەگەڵ ڕای دووەمدایە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عومەر من باش مولاحەزەم کـرد، دوای ئـەوەی کـە مولاحـەزەی جـەنابتم بـەیانی پێگەشـت، لـە ئەسنای ئـەو دانیشـتنەدا 6 کـەس حـازر بـووە، 6 ئەنـدامی لیژنـەی یاسایی، بـۆ گفتوگـۆ کـردن کـە دەکاتـە زۆرینە، ئەوەی کە حـازر نـەبووە، ئـەوە بـە غائیـب دا ئەنـدرێت، کەسـێکیش بـە غائیـب دابنـدرێت ئیمـزای نەکردبێت، حسابی بۆ ناکرێت، بۆیە ڕاپۆرتەکە زۆر بەڕێکی هاتووە، 6 ئەنـدامی بـەڕێز ئیمزایـان کـردووە، یەکێك تەحەفوزی هەیە، کە بەڕێز دکتۆر ئەحمەدە، جێگای ڕێزە، گرنـگ ئەوەیە ئـەو 6 کەسـەی کـە حـازر بوون زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەدا بـوون ڕاپۆرتەکـە بـەو شـێوەیە بێـت، تکایـە وەرەوە سـەر بابەتەکـەی خـۆت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەسـتم ئـەوە نـەبوو کـە نایاساییە، موجـەڕەد تێبینیـەك بـوو، کـە لـە 11 ئەنـدامی لیژنـەی یاسـایی 4 ئەندامی لەگەڵە، ئەوی تر کە غائیب بووە یان غائیب نەبووە ئەوی تر مەسەلەکە جێگای سـەرنجە، کـە لـە مەسەلەیەکی وا حەساس، ئەبوایە ڕای لیژنەمان بەزۆرینە بزانیایە، بەهەرحاڵ من ئـەوە عـەرز دەکـەم، کـە وتم زانستی کۆمەڵایەتیـە، وەرگەڕاندنـە کۆمەڵایەتیەکـەی دیـارە، کەئەمـە دەرهاویشـتەی واقعێکـی کلتـوری کۆمەڵگای خۆرئاوایە، وەکو ئەو دەستەواژەو زاراوانەی تر نیە، کە هـیچ کێشـەیەك دروسـت ناکـات، لـەڕووی زمانەوانی یان ڕۆشنبیری بۆ ئێمە، بەڵام وەرگێڕانی وشەی جێندەر بەهەر واتایەکی تر، کە هەڵی نـەگرێت، وەکو ئەوە وایە، کەسێکی ئینگلیز یان فەرەنسی یان ئەڵمانی، بێت وشەیەکی کـوردی ئێمـە، خـۆی تەفسـیری بکات بۆ خۆی، وشەی جێندەر، ناتوانین ئێمە لێـرەدا تەفسـیری بکـەین، بەغـەیری ئـەو واتایـەی کـە وشـەی جێندەر ئەیگەیەنێت، هەرکاتێکیش ئەو واتایەمان کرد لەوێوە، ئەو کێشەیە دروست دەبێت، کـە پەیوەنـدی یان بوعدە سەقافی و کۆمەڵایەتیەکەی زەق دەبێتەوە، لەبەر ئەوە نابێت ئێمـە تەفسـیر بـۆ جێنـدەر بکـەین، ئەبێت زمان زانان بڵێن جێندەر یەعنی چی؟، کە ئەوە نیە لەهیچ کام لەو دەسـتەواژانە کەباسـی لێـوە کـرا، باســی جــۆری ڕەگەزییــەو جیــاوازی نەوعیــە کــە ئەکێشــێتەوە بــۆ ئــەو کێشــەیەی کــە ئــەو بەڕێزانــەی ئیختصاصیان هەیە دەزانن کە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، کـە نەخوێندنـەوەی ئـەو کلتـورە ئایینیەیـە بـە شێوەیەکی گشتی باس لە ئیسلامیش نیە لـە خۆرئاواشـەوە ئەصـڵەن ئـیعتراز هەیـە لەسـەر وشـەی جێنـدەر

لەلایەن ئەوانەی کە دەزانن بوعدێکی کۆمەڵایەتی و سەقافی تێدایە، ئێمە دەستە پاچە نین لە بەکارهێنانی وشەی خۆمان، ئەوە نیە خودی لیژنە دەستەواژەی تری داناوە، کەلیمەی جوانی هێناوە، ئێمە بۆچی باس لە عەدالەت لە ئەرك و مافی ژنان و پیاوان نەکەین، بۆچی باس لە پاراستنی هاوسەنگی ئەرکی ژن و پیاو نەکەین، بۆچی باس لە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ژن و پیاو نەکەین، یەعنی کەی گیرمان خواردووە بەدەست ئەوەوە کە وشەیەك یان بەدیلێکمان نیە، من تێناگەم یەعنی ئەم جەدەلە سەقافیە، ئیجتماعیە بۆ خۆمان دروست بکەین، لەبەر ئەوە من پێم باشە، ئەم مشتومڕە، ئەم مەوزوعە ئەوەندە نەوروژێندرێت، تەفسیراتی جۆراوجۆر هەڵئەگرێت، بەدڵنیاییەوە من عەرزتان دەکەم، ئەمە بخرێتە ناو یاسای وەزارەتی رۆشنبیری دوو ڕەخنەی گەورەمان دێتە سەر، ڕەخنەیەك لەوەی کە خۆمان بەئارەزووی خۆمان تەفسیر دەکەین بۆ وشەیەك کە داڕێژەرانی یان بەکاربەرانی لەوڵاتی خۆیان دەزانن ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەوە ڕەخنەیەکی زانستیە دێتە سەر پەرلەمانیش، کە چۆن تێپەڕی بەسەر ئەم هەموو خوێندەوارو ئەکادیمیەدا، خۆیان بۆ خۆیان وشە تەفسیر دەکەن، ئەوە مولاحەزەی یەکەم بۆ ئەوەی نەکەوینە ئەو هەڵەیەوە، دووەم: ئەو بوعدە کۆمەڵایەتیەشی کە بەتەئکید لە بەعزێك جانبیەوە، باسی مەسائیلی ئاینی دەکات، چونکە باس لەوەیە کە دەستکاری ئەو ئەرك و فەرمانە کۆمەڵایەتیە بکرێت کە کلتور و رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگانە کردوویەتی بە بەشێك لە واقیع، کە لەوێوە بوعدێکی ئایدۆلۆژی و فکریشی تێ دەکەوێت، ئەم هەموو مولابەساتەی کەدروستی دەکات، ئەوەندە ناهێنێت کە ئێمە لەکاتێکدا کە بەدائیلی باشمان هەیەو وشەی جوانمان هەیە، پێشنیار دەکەم، کە ڕەئی یەکەمی لیژنە بخرێتە دەنگدانەوە، تێبینی ئەخیرم ئەوەیە، کە لیژنەی رۆشنبیری بەڕێز لە ڕاپۆرتەکەی پێشوویاندا هی ساڵی 2010، خۆیان لەگەڵ ئەوە بوون کە ئەم وشەیە لابرێت، ئێستاش زۆرینەی لیژنەکە لەگەڵ ئەوەدان کە لابرێت، کەمن ئەوەشم پێ سەیرە، کە لەڕاپۆرتی لیژنەکەدا نووسراوە زۆرینە لەگەڵی نیە، لەبەر ئەوە من پشتیوانی لەڕای یەکەمی لیژنەی یاسایی دەکەم، هیوادارم بەو شێوەیە تێپەڕێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر صباح بەرزنجی، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە جارێکی تر دەرفەتی دایەوە بە پەرلەمانی کوردستان، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە، بێگومان کەسەیری تانەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەکەین، جەنابیان وشەی تەبدیلیان پێش خستووە، یەعنی خیاری یەکەم، خیاری تەبدیلە، ئینجا بڕۆینە سەر تەعریفی هێشتنەوەی بەشێوەیەکی وازح، من پێم وایە، مەسەلەی وشە، ئەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو وشانەی کە بۆ دەستاوەردە تەکنەلۆژی و زانستیەکان بەکار دەهێندرێت، لەگەڵ ئەو وشانەی کەبەکار دەهێندرێن بۆ چەمکە کۆمەڵایەتی و چەمکە مرۆڤایەتیەکان، زۆر سروشتیە کە یەکێك

وشـەی تەلـەفزیۆن، یـان تەلـەفۆن، وشـەی تویتـەر، وشـەی فـەیس بـووك، ئەمانـە بـەكار بهێنێـت، هـیچ كێشەیەكیشـی لـێ نەكەوێتـەوە، هـەموو شارسـتانیەتە جیاوازەكـان وەری بگـرن، بـەڵام كاتێـك وشـەیەك كـە دەلالەتێكی كۆمەڵایەتی یان یاسایی ئـەدات، لـە عورفێكـەوە بـۆ عورفێـك جیـاواز، ڕەنگـە جیـاوازی دروسـت بكات، ڕەنگە ئەمە لەهەندێ كۆمەڵگادا كێشە دروست بكات، تەنانەت ئێمە ئێستاكە، بـۆ وشـەی دیموكراسـی وردە وردە خەریكـە لەكۆمـەڵگا ئیسلامیەكاندا جێگـای خـۆی دەكاتـەوە، كاتێـك كـە وردە وردە خـەڵك ئـەو قەناعەتەی بۆ دروست دەبێت، كە دیموكراسی واتە بەهەند وەرگرتنی ڕای زۆرینەو پاراستنی مـافی كەمینـە، ئەو هۆشیارییە بەنیسبەت وشـەی جێنـدەرەوە، هێشـتا بـەو شـێوەیە دروسـت نـەبووە، هێشـتا خـراپ حاڵی بوونێك لەژمارەیەكی زۆر لەناو خەڵكدا هەیە، سەبارەت بەو وشەیە، بەپێی ئەو پیناسەو ئەو تەعریفاتـەی كەبۆی كراوە، جامن پێم وایە هیچ كەسێك كێشەی لەگەڵ وشە نیە، كاتێك ئەو وشەیە بۆ خـۆی لـەبوارێكی تەكنەلۆژی، لە بوارێكی زانستیدا بەكار بهێندرێت، بەڵام كەوشە هـات، هـەڵگری بـاری ژیـاری، یـان هـەڵگری بـاری شارسـتانی، یـان هـەڵگری مـەفهومێكی سیاسـی بوو،یـان مـەفهومێكی فەلسـەفی بـوو، ئەوكاتـە ئێمـە لـە كۆمەڵگای كوردستاندا، ئێستا لەهەموو كاتێك زیاتر پێویسـتیمان بـە كـۆ دەنگـی هەیـە، ئاگـادارین كـە پـێش ماوەیەك، هەر لەسەر ئەم وشەیە هەندێ گێرەو كێشە لەكوردستاندا دروسـت بـوو، بـەڕێز سـەرۆكی هـەرێم هاتـە سـەر خـەت، وەكۆنفرانسـێكی زۆر گرنگـی لـەنێوان مامۆسـتایانی ئـایینی و ڕۆشـنبیراندا ڕێكخسـتن، وە هەردوولا گەشتنە تـەفاهومێك، ئێمـە لەڕاسـتیدا پێویسـتیمان بـەو تـەفاهوم و كۆدەنگیـە هەیـە، بەتایبـەتی ئێمە هەندێ بنەمای یاسایشمان هەیـە، كـەوامان لێـدەكات، هـەر وشـەیەك كێشـەمان بـۆ دروسـت بكـات لێـی بەدەر بـین، بـۆ نموونـە ئێمـە قاعیدەیـەكمان هەیـە، دەڵێـت( العـبرة بالمقاصـد والمعـاني لا بالالفـاظ والمبـاني) وەكاتی خۆشی شاعیری گەورەی كورد (نالی) (مەلا خدری گەورەی خدری شـارەزووری)خـۆی كـە ڕەخنـەیان لێگرتووە، كاتێ كە شعری بە كوردی وتووە، بەڵام ئەو وتوویـەتی ئێـوە تـاڵبی مـەعنا بـن، مـەعناو نـاوەڕۆك گرنگە، ئەولەویەتی هەیە بەسەر وشەدا، ئینجا ئێمـە بەڕاسـتی ئـەو وشـەیە بهێڵینـەوە، تەفسـیرێكی یاسـایی لەپاڵدا لە كەوانەیەكدا بۆ بكەین، ئەمە لایق نیـە بـە دەقێكـی یاسـایی، كـەدەقی یاسـایی حـەق وایـە، كـەمتر تەفسیری لەگەڵدا بێت، ئێمە سـەیری یاسـاكانمان دەكـەین، حـەدی ئیمكـان هـەوڵ دەدەیـن، تەفسـیری لەگـەڵ نەبێت، قاعیدەیەكی ترمان هەیە، ئێمە لەكاتی پێویستیدا ئەچین بۆ ئەو تەفسیرات و ئەو تەعریفاتە، ئـەو قاعیدەیە ئەوەیە( دع ما یریبك الی ما لایریبك)هەر شتێك گومانت بۆ دروست ئەكات وازی لێ بێنە بچۆ بـۆ ئەو شتەی كە گومانت بۆ دروست ناكات، بەڕێزان فەرهـەنگی كـوردی، فەرهـەنگێكی ڕەسـەنە، فەرهەنگێكـە پێویست بەوە ناكات لەملاو ئەولاوە وشـەی بـۆ بهێـنین، كاتێـك كـە ئێمـە تـەركیز لەسـەر مانـەوەی زمـان و ڕەسەنایەتی زمـانی خۆمـان دەكـەین، ئێمـە نابێـت هـەر وشـەیەك لـەملاو ئـەولاوە هـات، بـەبێ لەبێژنگـدان یەكسەر وەری بگرین، ئینجا كەباسی عەولەمەش دەكرێت، بەڕاستی عەولەمە، بۆ ئێمە لەبواری عەولەمـەدا تەنها هەر وەرگر بین، هەر موتەلەقی بین، هەر ئەوە بین كە بڵێین ئادەی تخوا چ وشـەیەك هەیـە بـا وەری بگرین، ئەی بۆ خۆشمان دەستێكی وامان نەبێت، بەشداربوو هاوكـار بـین لـە مەسـەلەی ئەمـەدا، بـۆ نێـرەر

نەبین، باسی کۆن ونوێیەتی دەکرێت، یەعنی بەپێی زانستی زمان هەر وشەیەك کەئێستا تۆ بەنوێی دەزانی، ڕەگ وریشەیەکی لە مێژووی دێرینی ئەو زمانەدا هەیە، هەر ئەم وشەی جێندەرە کاتی خۆی، (بەڕێز عزیز گەردی)لە تەرجومەی داغستانی مندا بەکاری هێناوە، وەکو ژانەر، بەمانای جۆر، ژانـەری ئـەدەبیمان هەیـە، هیچ کێشەیەکی نیە، بەڵام کەبێتە سەر بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کەبێتە سەر ئەوەی خۆتان دەزانـن، هەندێ کێشەو هەندێك ئیستینتاجاتی خراپی لێدەکەوێتەوە، ئینجا هەندێ تەئسیراتی هەیە لەسەر خێزان، لەداهاتووی درێژ ماوەدا، جا بەڕێزان ئاگامان لەوەش بێت، وشە لەزمانەوە دێت، بەڵێ لەزمانەوە دێت، بەڵام بە کارخانەی عورفی زانستی وعورفی تایبەتیدا تێپـەڕ دەبێـت، ئینجـا مـەعناو دەلالـەتێکی تـازە وەردەگرێـت، یەعنی کاتێك کەوشەیەك بەکار دەهێنین لەدەقێکی یاساییدا، ئەوکاتە مانایەکی یاسایی تایبەت وەردەگرێت، بۆیە دەبێت ئێمە زۆر ئاگادار بین، ئەم وشەی جێندەرە، ئەگەر لاشی ببەین هـیچ کێشـەیەکمان بـۆ دروسـت ناکات، بەتایبەتی ئیقتراحی یەکەم، کە هاتووە ئیقتراحێکی زۆر گونجاوە، کاتێك کەبڵێین، ( الاهتمام الخاص بمجالات الثقافة والفنون والرياضة النسوية، والعمل من اجل نشر ثقافة المساواة بـين المـرأة والرجـل في كـل الواجبات)باشە چ مافێك هەیە کە ئەم دەقە دەستەبەری نـەکات بـۆ ژن، ئایـا بەتـەنها وشـەی جێنـدەر ئێمـە دەتوانین بڵێین مافەکانی ژنمان دەستەبەر کردووە، مافەکانی ژنمان سەلماندووە، چەندین ساڵە لەکوردستاندا لـە سـاڵی 1991 ـەوە، لەخـوا بـەزیاد بێـت تەمـاشا دەکـەین ژن ڕۆڵـی هەبـووە، کارایـی هەبـووە، تەئسیری هـەبـووە، بـەشداری هەبـووە، وشـەی جێنـدەریش لەئـارادا نـەبـووە، ئەگـەر ئێمە پێـمان وابێـت بـە تـەنها وشـەیەك، ئـەوە ئێمـە قـەڵای خەیبـەرمان فـەتح کـردووە بـۆ خوشـکانمان، بـۆ ژنـان، ئـەوە فیعلەن، بەڵام بەتەنها وشەیەك، وە بەتەنها گوڵێك بەهار نایەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز مەلا بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشير خليل تۆفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گومان لەوەدا نیە، کە ئێستا کۆمەڵگای ئێمە لەمەرحەلەیەکی ئینتیقالیدا دەژین، لەزۆر لەبوارەکانی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتیدا، لەو مەرحەلەیـەدا زۆر گۆڕانکـاری کـراوە، زۆر هـەنگاوی مـەزن نـراوە، بەتایبـەتی لەبواری کۆمەڵایەتیدا، زۆر داب و نەریتی خراپ لە گۆڕ نراوە و گۆڕاوە بەشتی چاك، بەتایبـەتی لـە بـواری ئافرەتـدا، ئـەو گۆڕانکاریانـە لـە مەیـدانی ئافرەتـدا زۆر پێشـکەوتنێکی گـەورەی بـە خۆیـدا بینیـوە، لەگـەڵ ئـەوەش کـە هێشـتا زۆر کێشـەمان مـاوەو زۆر داب و نـەریتی نـەرێنیمان مـاوە کـە پێویسـتە بگۆڕدرێـت، لـە تێگەیشتن لە مەسەلەی مافەکانی ئافرەتدا، هەموو لایەکیش کار بۆ ئەوە دەکەین، کە بەڕاستی دادپـەروەری و یەکسانی و ڕێز بۆ مافەکانی ئافرەت بگەڕێنینەوە، ئەویش دیارە بە شەو ڕۆژێك یان بە یاسـایەك نـاکرێ، بەڵکو بە بلاو کردنەوەی وشیاریەکی زۆر لە ناو کۆمەڵگادا بـۆ هـەموو تاکـەکانی کۆمەڵگـە ئەمـە دەسـتەبەر

دەبێ، بۆیە من لێرە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ترس لەوە دانیە، کە ئەمڕۆ بە مانەوەی وشەیەك یان بەلاچوونی وشیەیەك پیاو سالاری بچەسپێ لە کوردستاندا، یان مافەکانی ئافرەت لە دەست بچێت، کە ئەمڕۆ ئەمە لە هەموو لایەنەکان، یان لەهەموو چین و توێژەکاندا قەناعەتمان بەوە هەیە کە ئافرەت پێویستە ڕۆڵی تەواوی ڕاستەقینەی خۆی لەناو کۆمەڵگادا ببینێ، لە واقعی ئەمڕۆشماندا لە کوردستان ئەمە ئیسپات دەکات کە لەم قۆناغەدا، بەڕاستی ئافرەت لە زۆر بوارەکاندا بەشدارە، لە بواری سیاسی، لە بواری ئیداری، لە بواری کۆمەڵایەتی، لە بواری بازرگانی و ئابووریدا، لە زۆر بوارەکاندا، ئەمە هیچ کەسیش گلەیی لێ نەکردووە، چەند ڕۆژێك پێش ئێستا ئێمە بیستمان کەوا چەند ئافرەتێکی کورد لە مولتەقایەکی تیجاری (businss man) لە خەلیج لە دەوڵەتەکانی کەنداو بەشدار بوون، ئەمە جێی دەست خۆشی و خۆشحاڵی هەموو لایەکمان بووە، بۆیە ئەم زاراوەیە، بەڕاستی مانەوەی ئەم زاراوەیە، هیچ لە موعادەلەکە ناگۆڕێت، کە ئەگەر زاراوەکە نەمێنێت لەوانەیە ترس لە مەسەلەکان بێتە گۆڕەوە، بوونی هەندێك زاراوەی تر، ئێمە ئێستا لە سەردەمی عەولەمەین، لە سەردەمی جیهان گەرایداینە، بوونی مەسەلەی زاراوەی تر کە ئێستا بەکاردێنین، ئێمە هیچ موشکیلەیەکمان نیە، لەبەر ئەوەی ئەوان بە یاسا نەچەسپاون، بەلاَم ئەم وشەیە دەیەوێ بە یاسا بچەسپێ، بۆیە ئەمە بەڕاستی وردبینیەکی زیاتری تێدا دەوێ، بیر کردنەوەیەك و حیکمەتێکی زیاتری پێویستە، وشەکانی تر، ئەوانەی کە بەکاردێت، مەسەلەن، عەولەمەیە، فەیس بووکە، لەگەڵ ڕێزم ڕەئی خۆمە وەلاَم دانەوە نیە، ئەمانە پاش خانێکی فکریان نیە، ئەمانە پاش خانێکی کۆمەڵایەتیان نیە، بەلاَم وشەی جەندەر، پاش خانێکی فکری، پاش خانێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆیە پێویستە زۆر بە دیقەت و زۆر بە حەساس و بە حیکمەتەوە ئیشی لەگەڵدا بکەین، ئێمە کێشەکەمان لەگەڵ ئەم وشەیە نیە، بەڵکو لەگەڵ تەفسیراتی وشەکەدا هەیە، بۆیە وشەکە ئەگەر بمینێت و یان نەمینێت بۆ ئەوەی لە شوێنانی دیکە، یان لە فکری دیکە، لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ولاَتانی دیکە مانای دیکەی لێ دراوەتەوە، ئەنجا ئەم مانایە بۆخۆی بێ یان بۆخۆی نەبێ، من بڵێم چی کەوا شارستانیەتێك لە ولاَتانی ڕۆژئاوادا هەندێك دیاردەی زۆر ناشایستەو نامۆیان کردووە، ئیعتیماد لەسەر ئەم وشەو زاراوەیە، منیش لەوانەیە بڵێم زاراوەکە هەڵی نەگرێت، بەلاَم ئەوان بەستوویانەتەوە بەو شەیەوە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، ئێمە تەماشا دەکەین ئەمڕۆ، یەعنی بە ڕاشکاوانە دەڵێم ئەم وشەیە زیاتر لە یەك مەفهوم هەڵدەگرێ، بۆیە پێویست ناکات لەناو یاسادا بمێنێتەوە، وەکو وشەیەکی مەتاتی بێ، بەلگەم چیە بۆ ئەوەی کە لە یەك مانا زیاتر هەڵدەگرێ، گەڕاندنەوەی ئەم یاسایە لە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەمە مانای ئەوەیە دیارە سەرۆکایەتی هەرێمیش دوو دڵیەکی هەیە لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەدا، دووهەم، بوونی دوو ڕا لەناو ڕاپۆرتەکانی لیژنەی یاسایی و لەناو لیژنی ڕۆشنبیریدا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە زیاتر لە ڕایەکی هەیە، ئەمە دوو، بۆیە ئەگەر ئێمە بێین بڵێین ئەم دوو ڕایە، ڕای یەکەم وەربگرین، هیچ لە کێشەکە ناگۆڕدرێت، لێرە بە زەروری دەزانم کەوا بڵێم پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەو پێشنیارەی یەکەم کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری هاتووە، ئەو بەکاربێنین، چونکە ئەگەر تەماشای هەردوو پێشنیارەکەش بکەین، کە لە

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایشدا، لە یەکەم دەڵێ ( نشر ثقافة المساواة بين المرأة والرجل في الحقوق والواجبات) لە دووەمیش هەمان شت ئەگەر جەندەرەکەی لابەین، دەبێتە (نشر ثقافة المساواة بين المرأة والرجل في الحقوق والواجبات) نەفسی شتە،هەمان شتە، کەواتە بەس وشەکەیە موشکیلەکە دروست دەکات، بۆیە ئەم وشەیەش من بە زەروری دەزانم کەوا لابچێت، چونکە یەك لە مانایەکانی ئەم وشەیە کە هەموو یەکسانیەکانی بایەلۆجی و سۆسیالیزی لە نێوان ژن و پیاودا یەکسان بکات، کە ئەمەش ئەگەر هیچ نەبێ، هیچ نەبێ بە لایەنی کەم خیلافی لەگەڵ یەك ئایەتی قورئاندا دەبێ، کە دەڵێ (وليس الذكر كالانثى) زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ئارام قادر، تکایە جارێکی تر لەجێگەی خۆت بەو شێوەیە مەبە، ڕەجائەن، فەرموو.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی زاراوەی جەندەر، کێشەکە لەوە دانیە کە ئێمە چەند زاراوەیەك بێنینە ناو زمانی کوردی، چونکە ئەو دەسەڵاتەی کە ئێمە خۆمان تێدا دانیشتووین، پێی دەوترێ (پەرلەمان) زاراوەیەکی ئینگلیزیە، کەسیش کێشەی لەسەر بەکارهێنانی نیە، چونکە ماناو مەفهومەکەی زۆر زۆر وازحە دیارە کە بۆچی بەکاردەهێندرێت، هەروەها ئەبێ ئێمە جیاوازی بکەین لەو زاراوانەی کە بۆ میکانیزمێك بەکاردەهێندرێت، هەروەها ئەو زاراوانەی کە چەمکێکی فەلسەفی یان کۆمەڵایەتی هەیە، کە بێگومان جەندەر یەکێکە لەو زاراوانەی کە چەمکێکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی هەیە، ئەبێ ئێمە ئەوەش بسەلێنین کە کێشەی تەفسیر کردنی ئەم زاراوەیە لە کوردستان سەرچاوەی نەگرتووە، بریتی نیە لە مەسەلەی هیچ مەرامێکی سیاسی، یاخود بیر کردنەوەیەکی ئاینی، بەڵکو ئەو زاراوەیە کە لە ئەوروپا سەرچاوەی وەرگرتووە، هەرلەوێوە تەفسیرەکەی جیاوازە، چەندین تەفسیری کراوە سەبارەت بە بەکارهێنانی، هەروەها جێبەجێ کردنی، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە پێشنیارەکەی یەکەمی لیژنەی یاسایی بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەسڵی کێشەکە لەسەر تەفسیرەکە دروست بووە، نەوەك لەسەر زاراوەکە، ئەگەر بێتو ئێمە بەو مانایە دایبنێین، خەڵکیش ئەڵێ نەخێر جەندەر مانایەکی تر هەڵدەگرێ، کە هەقی خۆشیەتی، ئەو کاتە کێشەیەکی تریش دروست دەکەین بۆ خۆمان، لەبەر ئەوە من وای بە باش دەزانم کەوا خاڵی یەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر مەسەلەش بریتی بێ لە داکۆکی کردن لەمافی ئافرەت، بێگومان بە یاسا دەبێ، کە ئێمە هەوڵ بدەین، جەخت بکەینەوە لە مافی ئافرەت، کە ئەوەش بە یاسایەك لەبەر دەستمان دایە، کە بریتی یە لەبەرەنگار بوونەوە لە توندو تیژی بەرامبەر بە خێزان، کە ئەوەش ڕاپۆرتەکەی ئامادەیەو، لەو کاتەدا ئەتوانێ هەموو لایەك پشتگیری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، ئێستا ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان تەواو بوون، ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری کاك کاوە دەکەین، فەرموو ڕەئی جەنابتانیش.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ئیعتیرازەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێم هاتووە، قەدەغە کردن و لابردنی چەمکەکە نیە، بەقەدەر ئەوەی داوای ئەوە دەکات بە کوردی بناسرێت و پێناسە بکرێت، ئەمە جەوهەری داواکاریەکەی سەرۆکایەتی هەرێمە کە هاتووە، نەوەك لابردنی مەفهومێك، وەکو ئەو مەفهومە کە هەیە، وەتەنانەت لە وانەیە لە شوێنی تر جەنابی سەرۆکی هەرێم وەکو مەفهومیش بەکاری هێنابێ، ئەمە یەك، دووەمین، ئەرکی من وەکو ئەرکی وەزیری ڕۆشنبیری، لە چوار چێوەی سیاسەتی حکومەتێکدا کە ئەو سیاسەتە بەرەو مەدەنی کردنی کۆمەڵ، بەرەو دیموکراتی کردنی کۆمەڵە، ئەرکی من لەم بوارەدا داکۆکی کردنە لە مافی مرۆڤ، بە مانا فراوانەکەی مافی مرۆڤ، دووەمین داکۆکی کردنە لە حوریەتی ئیبداع، نەهێشتنی کەلتوری قەدەغەکردنی چەمکەکان، ئەم کەلتورە ئەگەر بلاّو بێتەوە لە ناو کۆمەڵگای ئێمە، کە خۆش بەختانە لە کۆمەڵگای ئێمە پێشتر نەبووە، ئەو حاڵەتانەش کە لە کۆمەڵگای عەرەبی ئیسلامی کە مەحاکمی تەفتیش هەبووە، شتی قەدەغە کردووە، زۆر کەم بووە، ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی، کە مەحاکمی تەفتیشیان هەبووە، لەبەر ئەوە ئێمە ناگەرێینەوە بۆ ئسلوبی کۆنی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی بۆ مەحاکمی تەفتیش، کە موستەلەحات و چەمك و مەفاهیمیان قەدەغە کردووە، خۆشبەختانە ئەم کۆمەڵگایە موتەفق بووە، من پێم وایە ئەبێ هەوڵ بدەین وەکو ئەم چەمکانەی کە هەیە، بە پێناسەی خۆمان و بە پێناسەی کە هەیە، بە پێی دەستکەوتەکانی زانستیە کۆمەلأیەتیەکان بیخەینەڕوو، هەر لە چوارچێوەی ئەوەی کە پێویستە شتەکان ڕوون بکرێتەوە بۆ سەر ئەساسی ئەو قاعیدە فقهیەی کە ئەڵێ( العبرة بالمقاصد والمعاني لا بالالفاظ والمباني) من هەر لەو چوار چێوەیەوە باسی ئەوە دەکەم، ئەگەر گومان هەبێ لە نێوان موستەلەح و لەنێوان شەرح کردنی موستەلەح، ئەبێ تۆ بگەڕێیتەوە بۆ شەرح کردنی موستەلەح، سەرۆکایەتی هەرێم پشتی بەو حاڵەتە بەستووە، ئەڵێ بۆ ئەوەی کە ئەم ئەلفازو مەبانیە کە هەیە گومانی تیا نەبێ، تۆ بۆم تەفسیر بکە، بگەڕێرەوە بۆ مەقسەدو مەعناکە، بۆ ئەوەی ڕوون بێ بۆ خەڵك، ئەمە یەك، دووەم، ئەو حاڵەتە، ئەو قاعیدیە فیقهیەمان بۆ دروست دەکات، (دع ما يريبك الى مالا يريبك) تۆ تەفسیرەکەی بۆ ئەکەی، ئەچی لەوەی کە تۆ گومانت تێدایە، تەفسیرت کرد، ئەچی بۆ شتێك کە گومانی تێدانیە، کە ئەو شەرحەو ئەو پێناسەیەی کە هاتووە، حاڵەتی سێیەم، زۆر گرنگە کە باسی مەرحەلەی ئینتیقالی دەکەین، کە ئێمە بە چ ئیتیجاهێك ئەچین بۆ مەرحەلەی ئینتیقالی، بەو ئیتیجاهەی کە لەسەرەتاوە باسم کرد، کە سیاسەی حکومەتە، زۆر فەرق هەیە لە بەینی ئەو موستەلەحە، لەبەینی جیاوازی بایەلۆجی وجیاوازی سۆسیۆلۆجی کە ئەمە بۆ مەجالێکی تەعریفێکی تر ئەگەڕێتەوە، کە تەعریفەکان هەیە، کە پێی ئەڵێن (جنس)، جنس جیایەو، مەفهومی جنسیش جیایە، دیسانەوە تەئکید

لەوەی کە لە قورئانی پیرۆز کە ڕەچاوی تایبەتمەندیەکانی کردووە، لە چوارچێوەی سەقافەی سائید، کەلتوری ڕۆشنبیری، دیسانەوە ئەو ئایەتە کە باسی ئەوە دەکات، (لیس الذکر کالانثى) ئەبێ بزانین لە چ سورەتێك، لە چ ئایەتێك باس کراوە، باسی کۆمەڵگایەك ئەکات، ئەڵێ خەڵکەکە جیاوازی ئەکات لە نێوان نێرو مێ، وە بالفعل ئەسلەن ناوەڕۆکی جیاکاری جەندەری ئەو ئایەتە دەخاتەڕوو، کە ئەو سەقافەیەی لەو مەرحەلەیە هەبووە، خوازیار نەبووە کە کچی ببێ، چونکە کوڕو کچ لەو سەقافە سائیدە لەیەك ئاستدا نیە، ئەمە جەوهەری مەسەلەکەیە کە بوعدێکی کۆمەڵایەتی ئەداتێ، لەبەر ئەوە ئەوەی ئێمە لە کۆمەڵگای ئێمە بەشێکین لە موجتەمەعی نێودەوڵەتی، ئەو موستەلەحە لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارهاتووە، ئەو پێناسەیەی کە تەماشای تاك دەکات، بەپێی کەفائات و بە پێی لێهاتوویان، ئەمە تەئکید دەکەین کە حاڵەتی دووەم، وە پێشم وابوو باشتر بوو کە ئیحتیمالی یەکەم نەخرێتەڕوو، زیاتر ئیحتیمالی دووەم بێ، کە پێناسەکەی بۆ بکرێت، خۆش بەختانەش، ئێمە لە کۆمەڵگای ئێمە ئەوەی کە پەیوەندی بە پێناسەی زەواجەوە هەبێ، ئەوە قانونی ئەحوالی شەخسی هەیە تەعریفی کردووە، وە موحەرەماتیشی داناوە، جگە لەوە ئێمە قانونی عقوباتمان هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە تەعامول لەگەڵ ئەم چەمکە ئەکەین، لەو سیاغەی کە لە قانونەکە هاتووە، لە سیاغەیەك لە ماددەکە باسی کردووە، ئەم سیاغەیەش ناکۆك نیە لەگەڵ قانونی عقوبات، لەگەڵ قانونی ئەحوالی شەخسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان ئێستا هەموو ئەو بەڕێزانە قسەیان کرد، ئەوەی ناویان نووسرابوو، شتی وانیە، زیاد، خەلاس، لە ئیعتیرازەکەی ڕێزدار سەرۆکی هەرێم، زۆر وازحە ئەڵێ دەستەواژەی جەندەر، ئەو جەندەرەی کە لە شەش حەرف پێك هاتووە، لە بڕگەی دەیەم ماددەی دەیەمدا هاتووە، بگۆڕدرێت، یەعنی ئەو وشەیە لەوێ هەڵگەندرێت ئەو جەندەرە، لابچێت لە باتی وشەیەکی کوردی ڕەسەن، یان عەرەبی ئەگەر هەیە جێگەی بگرێتەوە، ئەگەر هەیە، ئێستا موناقەشەکە ئێوەی بەڕێز دیفاعتان کرد، ئەوانەی ویستیان بگۆڕدرێت ڕوون بوو لێرانە، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستەواژەیەکی تر لە باتی جەندەر دابندرێت، یەعنی وشەی جەندەر لانەچێت، یەعنی وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەلام حاڵەتی دووەم ئەمێنێت پاش ئەوەی کە ئەڵێ وشەی جەندەر بمێنێ، شەرحەکەی، وەسفەکەی ئەوجار هەم دیسان لەسەری قسە دەکەین، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە وشەی جەندەر بمێنێ، بەلام شەرح بکرێ، کێ لەگەڵە وشەی جەندەر ئیلغا بکرێ عەفوەن، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 23 بەڕێز لەگەڵدایە، ئینجا ئەچێنە سەر بابەتەکەی تر، کێ لەگەڵدانیە، یەعنی ئەمێنێت، وشەی جەندەر ئەمێنێ، بەس شەرح دەکرێ تەفسیر دەکرێ، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وشەی جەندەر لە ناو یاساکە ئەمێنێ، بەلام تەوزیح دەکرێ تەفسیر دەکرێ، ئێستا بۆ تەفسیرەکەی لیژنەی یاسایی ئەو سیاغەیەی ئامادەتان کردووە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیری ئەو صیاغەمان ئامادە کردووە،

(الاهتمام الخاص بمجالات الثقافة والفنون والرياضة النسوية والعمل من اجل نشر ثقافة الجندر (اي المساوات بين المرأة والرجل في الحقوق والواجبات وتكافؤ الفرص).

بە کوردیەکەی (بایەخ دانی تایبەت بە بوارەکانی کەلتورو هونەر و وەرزشی ژنانەو کارکردن لە پێناو بلاّو کردنەوەی کەلتوری جەندەر واتە (یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە ئەرك و مافدا، وە هەوڵ و دەرفەتی یەکسان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری ڕەئیتان لەسەری.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو سیاغەیەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیەوێت موناقەشە بکات، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، احمد وەرتی، پەیمان عزالدین، گەشە دارا، عبدالسلام، تارا ئەسعەدی، شەونم محمد، عزیمە نجم الدین، دانا سعید سۆفی، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزدار د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ڕاستیدا ئیعتیرازەکەی سەرۆکی هەرێم، ڕەئی یەکەم ئەوەیە کە وشەکە لابرێت، ئەوە دیارە خرایە دەنگدانەوە، بەلاّم مەبەست لێرەدا بەڕاستی پێناسە کردنی وشەکەیە، ئێمە لەجاری پێشووش لەدانیشتنی 2010/11/10 ی پەرلەمان، کە ئەوە لێرە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، لەوێش پێناسە کرابوو، یەعنی لێرە هیچ گۆڕانکاریەك نەهاتووە، پێناسەکە لەجیاتی ئەوەی لەناو کەوانە جۆری کۆمەلاّیەتی بنووسرێ، کە ئەوکاتە وشەی جەندەر هاتبوو، لەناو کەوانە مانای جۆری کۆمەلاّیەتی دانرابوو، لەگەڵ ئەوەی کە ئەمجارە یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە ئەرك و مافدا، یەعنی هیچ جیاوازیەك نەبووە، گۆڕانکاریەك لە وشەکە دروست نەبووە، لە راستیدا، ئەو کێشەیەی کە لەناو کۆمەڵگای ئێمە لەسەر چەمکی وشەی جەندەر پەیابوو، لەکاتی خۆی من پێموایە هەمان ئەو کێشەیەی باقی ئەمێنێتەوە لە کۆمەڵگای ئێمە، بۆیە پێویست بوو بەڕاستی ڕەئی یەکەمی سەرۆکی هەرێم بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت، ئەم وشەیە لابرابە، چونکە ئەم وشەیە لەناو یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکات، چونکە ئەو فەقەرەیەی کە

لەماددەی دووەمی وەزارەتی ڕۆشنبری و لاوان هاتووە، باس لە گرنگیدان بە بواری وەرزشی و پەرەپێدانی لایەنی ئافرەتانە، یەعنی ئەم فەقەرەی دووەم کە بۆی زیاد کراوە، (العمل من اجل نشر ثقافة الجندر)ئەمە لەکاتی خۆشی من باسم کرد لە کۆبوونەوەی پێشووتری پەرلەمان کە پڕۆژە یاساکەی تێدا پەسەند کرا، کە لە دەقەعەرەبیەکەی وشەی جەندەر نەهاتووە، تەنها (والعمل من اجل نشر ثقافة المساواة بين الجنسين في المجتمع) ئەمە کە لە هەمووکاتەکان ئێمە دەقە عەرەبیەکەمان کردووە بە ئەسڵ نەوەك دەقە کوردیەکە، بۆیە لێرەدا بەڕاستی، ئەگەر مەبەست ئەوەیە پێناسەی ئەم چەمکە ئەکەین، ئایا پێناسەی یەکەممان ڕاست بووە کە جۆری کۆمەلأیەتیمان مانا کردووە، یان ئەم پیناسەی ئەمجارەمان لە کوردیدا کردووە، یەکسانی لەنێوان ئافرەت و پیاو لە ئەرك و مافدا، من پێموایە پێناسە کردنی ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بەو ئاسانیە نابێ، چونکە ئەوانەی کاتی خۆی لە کۆنگرەی قاهیرەو لە کۆنگرەکانی تر، باسیان لەم وشەیە کرد، نەیانتوانی پێناسەیەکی وازحی بکەن بەڕاستی، تەنانەت لەماددەی پێنجەم لە سی داو کە هاتووە زۆرێك لە ولأتان بە تایبەتی ولأتە ئیسلامیەکان تەحەفوزیان لەسەری دەربڕی، مەسەلەی ئیجهال و مەسائلی تری تێدابوو، ئەمە لەوەوە هات، کە نەتوانرا پێناسەیەکی وازح بۆ ئەو وشەیە بکرێ، بۆیە من پێموایە لێرەدا مانەوەی ئەم وشەیە، چ پێناسەی ئەمەی بۆ بکەی کە ئەمجارە هاتووە، چ لە پێناسەی پێشووتر کە لە نەوعی ئیجتیماعی، یان جۆری کۆمەلأیەتی بوو، ئەم کێشەیە باقیە لەناو کۆمەلگای ئێمەو چارەسەر نەکراوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئەوە حەسم کرا، بەڕێز جەنابی سەرۆك پێشنیارەکەی داوە کە ئەگەر لابچێت لە جێگەی بێ ئەوە خرایە دەنگدانەوە، زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیە دەنگیاندا، ئێستا خاڵی دووەمی، یەعنی پێشنیاری دووەمی بەڕێزیان، پێناسەیەکی ڕوونتر، یەعنی داوا دەکرێت ئێستا ئەو بەڕێزانە قسە ئەکەن لەسەر ئەوە، پێناسەیەکی ڕوونتر بێ، ئەو لایەنانەی کە کۆمەلگای ئێمە تەوەقوع دەکات سلبیاتی تیا هەیە، یان لێی ئەترسێ، ئەو بابەتە نەگرێتەوە، یەعنی مەبەست لێرە دەقیق ئەوەیە شتێکی وا حازر بکەن، کە جێگەی ئەوە بگرێتەوە، ئەو سلبیاتە کە باسی ئەکەن، کە لێی ئەترسێن، شمولی نەکات لێرە، بەڕێز پەیمان عزالدین.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو پێناسەیەی کە هەردوو لیژنە دایان ناوە، کە بۆ زاراوەی جەندەرە بە حیساب، ڕاستیەکەی زیاتر پێ ئەچێ هەردوو لیژنە لەگەڵ ڕێزم بۆیان، ئیشیان لەسەر پەندی (نەشیش بسووتێ نە کەباب) کردبێ، چونکە ئەمە بە هیچ شێوەیەك ناچێتە چوار چێوەی پێناسە کردنی وشەی جەندەرەوە، وەکو ئەوەیە وشەکە لابرابێ، یەعنی ئەگەر ئەو پێناسەیە بمێنێتەوە، وەکو ئەوەیە خاڵی یەکەم ئێمە قسەمان لەسەری کردووە، دەنگمان بۆی دا وەکو مانەوەی جەندەر، وەکو ئەوەیە ئەوە نەمابێ، بۆیە ئەوەی کە جەنابیشت وتت، ئێمە کە پێناسەیەك دابنێین کە بەهەموو شێوەیەك هەموو ئەو گومان و دڵەڕاوکێ و تەفسیر و تەئویلانە لاببات کە

کۆمەڵگای ئێمە ئەیکات، من دڵنیات دەکەمەوە کە شتی وانیە، یەعنی پێناسەی وانیە ئەمانە هەمووی لاببات، لەبەر ئەوەی بۆخۆی جەندەر لە موقابیلی جۆری کۆمەڵایەتیە، ئەکرێ بوترێ (جۆری کۆمەڵایەتی بێ گوێ دانە یان بێ حیساب کردن یان چوونە ناو بنەمای جیاکاری ڕەگەزیەوە) چونکە ئەگەر ئێمە لەو تەفسیرانە بترسێین، یان لەوانەی کە خەیاڵی زۆربەمان بۆی ئەڕوات، هەموو ئەوانە هەیە بەبێ وشەی جەندەر هەبووبێ لە موجتەمەعی ئێمە، هەمووی هەیە هەمووی مومارەسە ئەکرێت بەبێ کەلیمەی جەندەر، بۆیە نەلابردنی جەندەر، ئەودیاردانە لائەبات، نەهێشتنەوەشی زیادی ئەکات و شەرعیەتی پێ ئەدات، تاکە زەمانەت بۆ ئەوەی کە ئەو شتانەی لێی ئەترسین، ئەو خەمانەی هەمانە بۆی، کە ئەترسین بە غەڵەت لێك بدرێتەوە، تاکە زەمانەت ئەوەیە واقعی موجتەمەعی ئێمە ئەوەیە کە ئیمکان نیە، لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دە ساڵی تریش و بۆ بیست ساڵی تریش پرۆژەی زەواجی مسلی بێتە ئێرەو موناقەشە بکرێت، کە ئەمە گرەنتیەکی زۆر گەورەیە بۆ واقعی موجتەمەعەکەمان، کە ئەو ترسانەمان بڕەوێنێتەوە، زائیدەن ئەوەی کە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری ئیشارەتی پێیدا، ئێمە تەعریفی زەواجمان لە قانونی ئەحوالی شەخسی بە وازحی هەیە، جەریمەی لواتە یان فعلی لواتە بە تاوان حیساب کراوە لە قانونی عقوباتی عیراقی، بۆیە ئەمانە زەمانەتن، بۆ ئەوەی کە ئەو تەفسیرانە هەڵنەگرێ، نەوەك ئەوەی ئێمە بە پێناسەیەکی خراپ وشەکە بچوێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز گەشە دارا.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمە گفتوگۆی زۆری هەڵگرت، بەداخەوە تەفسیرێك کرا ئەم وشەیە کە بەکارهێنرا لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بەدەر لە ئیرادەی موشەریع کە ئاشتی خان و پەیمان خانیش باسیان کرد، کە پێموایە ئێمە هەموو ئەندامانی پەرلەمان پەروەردەی ئەو خێزانانەین کە بەها کۆمەڵایەتیەکانیان بەلاوە گرنگەو بە هەند وەریان گرتووە، کەسمان بە دەرنین لەوەی کە خێزان بە یەکەیەکی گرنگ بزانین بیپارێزین لە هەر یەکێك لەوانەی کە دەنگیشیان نەداوە بۆ جەندەر، بەداخەوە، بەڵام دیارە جەندەر ڕەهەندێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری هەیە، بەپێی ئەوەی کە لە ستانداردی جیهانی کە بەکارهێنراوە، بۆنموونە، بەداخەوە کە کاك مەلا بەشیر باس لەوە ئەکات، باسی جنس و جیاوازی.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕەجائەن، ناوی مامۆستا مەلا بەشیر مەهێنە، ڕەئی خۆت بدە، ڕەجائەن، مایکەکەت بکەرەوە باسی کەس مەکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە تەعریفی مەوسوعەیەکی ئەڵمانیە، کە تەرجومە کراوە، مەوسوعەیەکی علمی ئیجتیماعە، کە جنس، لەسەر ئەساسە بایەلۆجیەکە کە جیاوازی هەیە لە نێوان ژن و پیاو، ئەو ئەرکە جنسیانەی لە نێوان ژن و پیاو دیاری کردووە، کە لەگەڵ لەدایك بوونمان لەدایك ئەبێ، دێتە ناو واقعەکەو کەسمان ناتوانین بیگۆڕین بۆمان نیە بیگۆڕین، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەلاتی ئێمە، ناتوانین بە یاسا هەندێ شت بگۆڕین، لێرە دێت تەعریفی جەندەر ئەکات، ئەڵێ ( الاختلافات المستحدثة من قبل المجتمع بين النساء والرجال) کەواتە کۆمەڵگا ئەمەی بۆ من دروست کردووە، کە ئەوەی تەوەقوعیەتی لە من جیاواز بێ لەوەی کە لە پیاوەکەیەتی، (الاطفال يولدون فتيات والاولاد ويتعلمون مايتوقع المرأة منهم من حيث التفكير او السلوك الرجالي او النسوي تختلف هذه التوقعات من الثقافة والمجتمع الى ثقافة والمجتمع اخر وتتغير بمرور الزمن كما انها تحدد من يمتلك النفوذ والسلطة على هذا الامر او ذاك) کەواتە پێویستە ئێمە، ئەوەی ئەو دوو لیژنە بەڕێزە، تەعریفێك کە جامع مانع بێ، لەچوارچێوەی ئەم تەعریفەدابێ کە مەوسوعەیەکی عالەمیە و بڕیاری لەسەر دراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عبدالسلام بەرواری.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر قسە کرا، تەسەوڕ دەکەم وەختی ئەوە هاتووە، بچینە ناو خۆدی بابەتەکەمان، ئەویش ئەو بڕیارەی کە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەرچووە، کە داوا ئەکات لە پەرلەمانی ئێمە گفتوگۆ بکەین لەسەر دوو شت، هیچ مەجالی تری نیە، یان وشەی جەندەر لە باتی ئەو دەستەواژەیەکی کوردی یان عەرەبی پەسەند کراو دابنێین، ئێمەش دەنگمان دا لەسەر مەسیرەکەی، یانیش ئێمە وشەی جەندەر بهێڵینەوە لەناو ئەو بڕگەی دەی ماددەی دووەم، بەلام لەناو یاسایەکە پێناسەی بکەین، هەموو مەسائیلی تر، تەسەوڕ ئەکەم قسە قسە ئەکێشیت وەکو ئەڵێن، بەڕێزان جەندەر وشەیەکی علمیە، وشەیەکی زانستیە، نەعیلاقەتی بە ئاین هەیە، نە عیلاقەتی بە ئەخلاق هەیە، مەسائیلی کۆمەلایەی من لەگەڵ هاوڕێم لەگەڵ د.صباح و ئەو بەڕێزانەی کە وتیان دەرئەنجامی وشەیەکی تەکنەلۆجی جیاوازە لە دەرئەنجامی وشەیەکی کۆمەلایەتی، لەلایەکەوە لەگەڵ ئەوانم، بەلام ئێمە هەموومان ئەزانین هێزی کلتورو هێزی زمان چەندە، ئاشتی خان زۆر بە جوان باسی کرد، کە لە ئەخیرەوە ئەو وشەیە لائەچێت، کاریگەری گەورەی لەناو کۆمەڵگا ئەوەی لە پشت وشەکەیە، بۆیە من تەسەوڕ دەکەم مادام وشەکە لە زمانی عەرەبی و کوردی و لە کەلتوری ئیسلامی و مەسیحی و بودی نەهاتووە، لە زانستی کۆمەڵناسی هاتووە، پێویستە بڕوا بکەین، بەو سەرچاوە سەرەکیانەی کۆمەڵناسی، واتە زانستە مرۆییەکان بێت، یان زانستە کۆمەلایەتیەکان، بەپێی پسپۆڕی خۆم قسە ئەکەم، هەموو ئەو ئینسکلۆپیدیانە ڕێکن لەگەڵ یەك تەعریفی ئیجرائی، ئەوانەی بحوسی علمیان کردووە ئەزانن، لەتەفاسیلی تەعریف لەیەکتری

جودانه، تەعریفی موتەفق عەلەیهی، له ئەوساتی علمی ئەزانن، هیچ نه مەشحون به ئەیدۆلۆجیەیەك یان به تەوەجوهێکی ئەخلاقی تر، ئەڵێت ئێمه جودا ئەکرێین وەکو دکتۆر .........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی عبدالسلام، ئێستا سیاغەی خوێندرایەوە، ئێمه سیاغەکه موناقەشـه ئەکـەین، ئـەوی تـر تـەواو بوو ڕۆیشت، تکایه نا.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان هەوڵـەدەم، ئـەو سـیاغەی مـن پێشـنیاری ئەکـەم موقەدیمەیـەك بـدەم، چونکه مەسەلەیەکی ئیختیساسیه، شەرت نیه هەمووومان لەو ئیختیساسەبین ، له ئیختیساسـی خـۆم وەکـو موعـەلیم، وەکو یاسازان ئیختیساسم هەیه، بەلاّم ئەمە ئیختیساسی عیلمیـه، مـن ڕەئـی خـۆم نـادەم، جەنـدەر تێڕوانینـی کۆمەڵگایه بۆ تاکەکان لەسەر ئەساسی جۆرە بایەلۆجیەکـەی، واتـه ئافرەتـه یـان پیـاوە، ئـەو نـاو ڕۆڵـی کـه بـه شایسـتەی ئـەزانی لەسـەر ئـەو ئەساسـه ئـەبێت، واتـه دوو موهەنـدس بـه یـەك چـاو تەماشـا نـاکرێن، بـەڵکو ئافرەتەکه ڕۆڵێکی هەیه، بۆیەش ناوەکانمان نازك و نازدارو تریسکەو، ئەوە بەدرخان و شێرو دلێر و زیرەکـه، واته کۆمەڵگا سیفەتێکم ئەداتیْ ڕۆڵێکم شایسته ئەبینیْ لەسەر ئەساسی من، بۆیه منیش دەنگم ئەخەمه پـاڵ دەنگی پەیمان خان و گەشه خان، ڕێزی زۆرم هەیه بۆ بەڕێزانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری، جـەنابی سەرۆك داوای شی کردنەوەکه ئەکات، من ئەڵێم ئەو پێشنیارەی خوارەوە که سۆزان خانیش بەشێوەیەك باسی کـرد، گەشــەخانیش، ئەبینــه ســیْ کــەس، هــاتووە لــەویْ، کــارکردن لــەپێناو بــلاّو کردنــەوەی کــەلتوری جەندەر(جۆری کۆمەلاّیەتی) پێشنیار دەکـەم بـۆ جێبـەجیْ کردنـی هـەردوو داخوازیەکـەی جـەنابی سـەرۆك، بڵـێین بـلاّو کردنـەوەی کـەلتوری جـۆری کۆمەلاّیـەتی-جەنـدەر، ئەمـه یەکـەمین مەتلـەبی بـەڕێزیان بـوو، وشەیەکی شایستەی کوردی بۆ بدۆزینەوە که موتەفەقە، جۆر له ڕووی زمانـەوە، د.شاهۆ جـارێکی تـر زۆر بـه تەفسیل بۆمان باسی کرد، واته پێشنیاری منـی موحـەدەد کـه بووینـه سـیْ، بـلاّو کردنـەوەی کـەلتوری جـۆری کۆمەلاّیــەتی-جەنــدەر قــەوس تــاوەکو جەندەرەکــه شــەرح بکــەین ئــەوەی کــه جــەنابی ســەرۆك داوای کردووە،(تێڕوانینی یەکسان بۆ تاکەکانی کۆمـەڵگا لەسـەر بنـەمای پسـپۆڕی و لێهـاتوویی و شـارەزایی، نـەوەك ڕەگەزو پێگەی کۆمەلاّیەتی) ئەمە تەعریفی جەندەرە علمیەن، ڕەچاو کردنی ئەگەر ئیزافه بکـەین، ئەمـه لـه پلانەکانی وەرزشی و هونەری و ڕۆشنبیری وەزارەت، نەسەکەتان بۆ بڵێم تاوەکو بینووسن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تارا ئەسعەدی کەرەمکه.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی قسەیەکی زۆر کرا لەسەر ئەم وشەیە، کەمن بە وشەیەکی دادەنێم، کە لەناو هەرێمی کوردستان خۆی هەر هەیە، لە ئاینی ئیسلامیش وەکو کۆمەڵگایەکی ئیسلامی بە شانازیەوە ئـەڵێم، کـە جەنـدەر بەڵانسی بێ، یان باس کردنی یەکسانی بێ لە نێوان پیاو و ژن، هەر خۆی لەناو قورئان هەیە وابزانم لـە سـورەی (الحجـرات) خۆی ئەڵێ (بسم الله الرحمن الرحيم)( يا ايها الناس انا خلقناكم من ذكر وانثى وجعلناكم).......**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕەجائەن، وتمان پێناسەیەکمان ئەوێت، مەجال نـادەم لـەوە زیـاتر، ڕەجائـەن، لـەوە دەرمەچـوو، پێناسـەیەکت هەیە فەرموو، نیە، دانیشە.**

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەناو کۆمەڵگاکەمان هەیە، بەڵام وشەکە بەنامۆ دیارە، لەبەر ئەوە ئەگەر جەنابی سەرۆکی هـەرێم، دەڵـێ یـان پێناسەی بکەن، بەرێك و پێکی وشەیەکی کوردی هەڵبژێرن لەباتی، هەردوکمان وابزانم کرد، تەئیدم هەیە بۆ سۆزان خان و بۆ کاك عبدالسلام، کە ئێمـە پێناسـەی جەنـدەر وەکـو ڕۆشـنبیریەك، وەکـو کەلتوریـەکی جـۆری کۆمەڵایەتی، کەبەمانای تێڕوانین بـە یەکسـانی بـۆ تاکـەکان، لەسـەر بنـەمای شـارەزایی و پسـپۆری و توانـا لـە هـەردوو ڕەگەزەکـە، پێگـەی کۆمەڵایـەتی و هونـەری، وەرزشـی بگرێتـەوە، ئەگـەر ئێمـە تەماشـای بنـەماکانی بکەین، بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، چوار شت ئەگرێتەوە، کەوابزانم پیاو پێش ژن ئەگرێتەوە، ژنیش لەگەڵی تەواوکەرە بۆی، یەکەم، (المساواة في الحقوق والواجبـات بـين الرجـل والمـرأة)دووەم، (العدالـة في تكـافؤ الفـرص) سێیەم (التمكين) مەسەلەیەکی سینی هەیە ئەڵێ، لەباتی ئەوەی تۆ ماسیەکەی بۆ بگری فێری بکە چۆن ماسی بگرێ، ئێمەش ئەم وشەیە زۆر نامۆیە لە لامان، (دع مايريبك الى مالا يريبك) بالفعل ئێسـتا وابـزانم دوای ئـەم شەرح کردنە، تەمکین کردن و بە توانا کردنی ئەو بەشانەی لە پیاو لە ژن بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان بە جوانی لە ناو کۆمەڵگا ببینن، ئەمە هەدەفی وشەی جەندەرە، چوارەم خاڵ کە زۆر زۆر گرنگە(تكاملى أدوار)ە، واتە چۆن پیاو و ژن تەواوکەرن بۆ یەکتری.....**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تارا خان، پێشنیارەکەت چیە؟، ڕەجائەن، یان دانیشە، چونکە شەرحم بۆ مەکە، پێشنیارەکەمان بدەرێ.**

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**برای بـەڕێز ، جـەنابی سـەرۆك، مـن پێشـنیازەکەی خـۆم وت، وابـزانم ئەگـەر ئەشـێلێن ئەیلێمـەوە، پێناسـەی جەندەری(ڕۆشنبیری جـۆری کۆمەڵایـەتی) گـۆڕینی بـەو وشـەیە، بـەمانای (تێڕوانینـی یەکسـانی بـۆ تاکـەکان لەسەر بنەمای شارەزایی، پسپۆڕی، توانایی، هەردوو ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی، هونەری، وەرزشـی، هـەروەها تەندروستی، دوور کردنەوەش لە هەموو نەخۆشیەکان کە سەبەب کارە بۆ مردن)، ئەمە پێشنیازی من بوو بـۆ پێناسەکە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شەونم خان کەرەمکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان پشتگیری تەواو لە بۆ ئەو بۆچوونەی هاوڕێکانم ئەکەم کە کاك عبدالسلام و گەشە خان و هاوڕێیانی تر، کە بۆ ڕوونکردنەوەی پێناسەی جەندەر، مانەوەی وشەکەو ڕوونکردنەوە بەو شێوەیەی کەباسی لێ کرا، ئەمەوێ یەك ئیزافە بکەم لێرە، ئەگەر بکرێت، ئەم وشەیە خۆی بەکارهاتووە بۆ گوزارش کردن لە بەرز کردنەوەی پێگەی ژنان و، ڕەخساندنی هەلی یەکسان لەکایەکانی ژیاندا، بۆ هەردوو ڕەگەزەکە، نێرو مێ بەبێ ئەوەی جیاوازی ڕەگەزی هەبێ لەنێوانیاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عظیمة نجم الدین کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆخۆی وشەی جەندەر کەئێستا موشت و مڕێکی زۆری لێ کەوتۆتەوە، من پێموایە ئەم وشەیە کە هاتۆتە ناو فەهەنگ و زمانی ئێمەوە، وشەیەکی نامۆ نیە، ئەمە وشەیەکی جیهانیە، پێموایە هیچ کێشەیەك دروست ناکات، ئەگەر ئێمە بێین لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر بکەین لەسەر ئەوەی کە ئەم وشەیە لە فەرهەنگ و کەلتوری داب و نەریتی ئێمە گونجاویەکەی چۆنە، ئێمە ئەتوانین پێناسەیەکی بەو شێوەیەکی بۆ دابنێین، ئەتوانین سوودی لێ ببینین، بەلاَم ئەم وشەیە، وشەیەکی ترسناك نیە، بەو شێوەیەی ئێمە بە ماناکەی کە لەهەر شوێنێك لە ناو هەر فەرهەنگ و زمانێك بە شێوەی جیا جیا تەفسیری بۆ کراوە، من پێموایە وشەی جەندەر کە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری ئەم وشەیە بەکارهاتووە بۆ زیاتر بایەخدان، لێرە ئەڵێ بایەخدانی زیاتر بەبوارەکانی هونەرو وەرزش و ڕۆشنبیری و لە ڕووی کۆمەلاَیەتیەوە بە ژنان، ئەم بایەخدانە تایبەتە بۆ ئەوەی کە یەکسانی جەندەری دروست بێ، لەو حاڵەتەدایە کە کۆمەڵگای ئێمە هێشتا نەهونەرو نەوەرزش و نە ڕۆشنبیری وەکو پێویست ژن تیای بەشدار نەبووە، ئەمە نایەکسانیەکی دروست کردووە لەناو کۆمەڵگایا، بەم شێوەیە لە ڕووی کۆمەلاَیەتیشەوە وشەی جەندەر واتە لە پشتی دەم و چاوەکانەوە ئەرك و ماف ئەدرێت بە ئینسان، نەوەك لەسەر ئەوەی کە ئەمە چ ڕەگەزێکە، واتە جۆر دەور نابینێت لەم حاڵەتە، چ جۆرێکە، بەلاَم لێرەدا کە ئەڵێی ئەرك و ماف، واتە هەردوو ڕەگەز وەکو یەك سەیر دەکرێت، من لێرەدا یەك پێناسە بۆ ئەو حاڵەتە، من پێموایە وشەی جەندەر واتە جۆری کۆمەلاَیەتی واتە (یەکسانی لەئەرك و مافدا) واتە لە پشتی دەم و چاوەکانا سەیری ئینسان دەکرێت، ڕۆڵ و ئەرکی پێ ئەدرێت، بەلاَم لە ڕووی ئەوەی کە لە ڕووی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزش و کاری کۆمەلاَیەتی، واتە یەکسانی ئەگەیەنێ، واتە یەکسانی جەندەری لەم ئەرکانەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دانا سعید سۆفی کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئێمە ئیتیفاقمان کرد لەسەر ئەوەی کە وشەی جەندەر بمێنێتەوە، دەنگمان لەسەری دا، جا بۆیە پێموایە هەر پێشنیارێکی تر بۆ ئەوەی تەرجەمە کوردیەکە پێش ئەوە بکرێ، ئەوە پێموایە نا یاسایی دەبێ، بۆیە وشەی جەندەر دەبێ بمێنێتەوە، ئەگەر بمانەوێ تەرجەمەی کوردی بکەین دەبێ بنووسین (جۆری کۆمەڵایەتی) نەوەك جۆری کۆمەڵایەتی پێشی جەندەر بکەوێ، ئەوە یەکەم، دووەمیان پێموایە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ئەگەر ئێمە پێمان وابێ یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەوەیە کلتوری جەندەری بلاَو بکاتەوە، لەبەر ئەوەی تەواو تناقضی ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێ، لەبەر چی؟، لەبەر ئەوەی تۆ ئەگەر کەلتوری جەندەری بلاَو بکەیەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری واتە، ئەوەی کە پێی دەڵێن باوك سالاری، ئەوەی کە پێی دەڵێن ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیانەی کە پێش وەخت بەجیاوازی دراوە بە ژن و بە پیاو، واتە دووبارە ئینتاجی دەکەیەوە، بۆیە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە ئێمە بڵێین کەلتوری جەندەری بلاَو دەکاتەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین بلاَو کردنەوەی زانستی جەندەری ، یەعنی کەلتوری جەندەری هەموو کۆمەڵگایەك کەلتورێکی جەندەری هەیە، یەعنی بە پێی ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتیانەی کە هەیەتی لەو موجتەمەعە، دەوری ژن و دەوری پیاوی بە جیاوازی دیاری کردووە، بۆ نموونە ئێمە لە کۆمەڵگای خۆمان ئەگەر ئێستا لەو مەمەڕە، بوتڵێك غاز هەبێ بمانەوێ بیگوازینەوە، ژنێك و پیاوێك بەوێدا بڕۆن چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە پیاوەکە بوتلە غازەکە بگوازێتەوە نەوەك ژنەکە، یەعنی جیاوازیەکەمان داناوە، یەهەمان شێوە، ئەگەر کوڕێکمان ببێ کەرەستەی فوتبۆڵی بۆ دەکڕین، ئەگەر کچێکمان ببێ بووکۆکەیەکی بۆ دەکڕین، یەعنی ئەوە کەلتوری جەندەری هەر کۆمەڵگایەکە، بەلاَم ئەگەر وەزارەتی ڕۆشنبیری بێ ئەو کەلتورەمان بۆ بلاَو بکاتەوە، ڕاستی ئەو ئەرکەی هەرنەبێ باشترە، جا بۆیە پێموایە لە تەعریفەکە تەعریفێکی زۆر زۆر بە هەڵە نووسراوە، دەبێ لەجیاتی بلاَو کردنەوەی کەلتوری جەندەری بێ، دەبێ زانستی جەندەری بێ، بۆیە ئەو مەترسیانەی کە هاوکارانیشم لێرە هەیانە، لەو مەجالە دەرەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوکاتە ئێمە وەکو زانستێك تەماشای دەکەین، وشەی جەندەر بارگاوی ناکەین بەهیچ ئایدۆلۆژیایەك، بەڵکو وەکو بۆ نموونە، لە هەموو زانکۆکانی دونیا چەند دەرسەدی هەیە دەخوێندرێ، دەخوێندرێ بەو مانایەی کە لەموجتەمەعی ئێمە ئەوەیە وا دەکات کە ئێمە بە شێوازی جیاجیا تەماشای ڕۆڵی ژن و ڕۆڵی پیاو بکەین، بەلاَم لە هەمان کاتدا ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتیانە هەیە، پێویست ناکات ببنە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە ئەرك و مافدا بە جیاوازی جیاکاری دابنێین لە بەینی ژنان و پیاوان، لە هەلی کاردا جیاوازی دابنێین لەبەینی ژن و پیاودا، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەجیاتی هەمان ئەو سیاغەیەی بابڵێین لیژنەی یاسایی کردیان، لەجیاتی ئەوەی بڵێین بلاَوکردنەوەی کەلتوری جەندەری، بکرێت بە زانستی جەندەری بە چ مەبەستێك، لەبەر ئەوەی وەکو گوتم کەلتوری

جەندەری تەواو دژە لەگەڵ ئەو تەئریخەی کە دانراوە یەکسانی لەنێوان ئافرەت و پیاو، ئەوە هیچ بەو مانایە نیە، بەڵکو دەبێ بڵێین زانستی جەندەری، بەمەبەستی بەدەست هێنانی یەکسانی ئافرەت و پیاو لە ئەرك و ماف و لە هەلی کاردا، پێموایە ئەو کاتە تەعریفەکە، تەعریفێکی دروست دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، تەواو بوو، ئێستا لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری هەردوولاتان بەیەکەوە، سیاغەتان بخەنە پێش ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای ئەوەی گوێ بیستی هەندێ لە بۆچوون بووین، بەڕاستی ئێمە لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیری سیاغەیەکمان ئامادە کردووە، ئێستا عەرزی بەڕێزتانی دەکەین، بە عەرەبیەکەی سیاغەکە بەم شێوەیەی لێ دێ:

عاشراً: الاهتمام الخاص بمجالات الثقافة والفنون والرياضة النسوية والعمل من اجل نشر ثقافة النوع الاجتماعي الجندر (اي بمفهوم نظرة المساوات الى الافراد على اساس الكفاءة والخبرة والاختصاص دون التميز بينهم على اساس الجنس والموقع الاجتماعي.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بە کوردیش بیخوێننەوە، سۆزان خان تکایە لە جێگەی خۆت قسە مەکە، ڕەجائەن.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بایەخدانی تایبەت بە بوارەکانی کەلتور و هونەرو وەرزشی ژنانەو کار کردن لە پێناو بلاۆ کردنەوەی کەلتوری جۆری کۆمەڵایەتی-جەندەر(بە مانای تێڕوانینی یەکسان بۆ تاکەکان بە پێی شارەزایی و لێهاتوویی و پسپۆڕی دوور لەجیاکاری ڕەگەزی و پێگەی کۆمەڵایەتیان.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێزان بەو شێوەیە بە عەرەبیەکە ئاخیر جار بیخوێننەوە، ئەیکەینە ئەساس پاشان، با ترەجومەیەکی دروست بکرێ، عەرەبیەکەی بخوێنەرەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەکە بەم شێوەیە دەبێت:

عاشـراً: الاهتمـام الخـاص بمجـالات الثقافـة والفنـون والرياضـة النسـوية والعمـل مـن اجـل نشـر ثقافـة النـوع الاجتماعي الجندر (اي بمفهوم نظرة المساوات الى الافـراد علـى اسـاس الكفـاءة والخـبرة والاختصـاص دون التميـز بينهم على اساس الجنس والموقع الاجتماعي.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە تكايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانيـە تكايـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟، 12 كەس لەگەڵدانيە، بە زۆرينەی دەنگ پەسـەند كـرا، زۆر سـوپاس بـۆ گشـت ئێـوەی بـەڕێز، ئێسـتا بـەو شـێوەيە تەواو بوو، دانيشتنی ئەمڕۆمان دوا ئەخەين، بۆ سبەی سەعات (10) ی بەيانی خوا ئاگادارتان بێ.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

أ- گوزارەی (كردەنی و كار تێدا كردنی) لە دوای وشەی (ڕاژە) زیاد بكرێ و ماوەی ڕاژەكە (لە دە ساڵ كـەمتر نەبێ) لە جیاتی (پازدە ساڵ) و، سەبارەت بە هەڵگری بڕوانامەی (ماجستێر) دوو ساڵ داشكێندرێ و، پێـنج ساڵیش بۆ هەڵگری بڕوانامەی (دكتۆرا) كەم بكرێتەوە.

ب- هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕگەیە، چونكە پێویست بە مەرجی تەمەن ناكات، بەڵكو ئەوەندە بـەس بێـت كـە لە بڕگەی پێنجەمدا لە مەرجی ساڵەكانی ڕاژەدا هاتووە.

شەشەم: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

حەوتەم: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

هەشتەم: ئەم بڕگەیە هەڵوەشێتەوە، چونكە لەوێ ڕێسای گشتی هەیە، كە ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەكات.

لیژنە پێشنیاز دەكات ماددەی چوارەم بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

## بەشی سێیەم

## پێكهاتەی ئەنجومەن و میكانیزمی كاركردن

ماددەی چوارەم:

یەكـەم: ئەنجومـەن لـە سـەرۆك و جێگـری سـەرۆك و حـەوت ئەنـدامی خۆتەرخانكـەر پێكـدێ لەوانـەی بڕوانامەی بەرایی زانكۆیان لەو پسپۆڕانەدا هەبێ، كە پەیوەندی بە كارو ئەركی ئەنجومەن هەبێ.

دووەم:

أ- سەرۆك بە پلەی (بریكاری وەزارەت) دەبێ.

ب- جێگری سەرۆك بە پلەی تایبەتی دەبێ و مووچەی تایبەتی (أ) وەردەگرێ.

ج- ئەندامانی ئەنجومەن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن.

سـێیەم: ئەنجومـەنی وەزیـران، سـەرۆك و جێگرەكـەی و ئەنـدامانی بـەپێی مەرجـەكانی كـە لـەم یاسـایەدا هاتوون دەپاڵێوێ.

چوارەم: ئەو پاڵاوتنەی كە لە بڕگـەی (سـێیەم) لـەم ماددەیـەدا هـاتووە، بـەپێی ئـەم میكانیزمـەی خـوارەوە دەبێت:

أ- ئەنجومەنی وەزیران دەرگای داوا پێشكەش كـردن لـە هـەموو هۆیـەكانی ڕاگەیانـدن (بیسـتراو و بینـراو و خوێنراو) بۆ ماوەیەك لە سی ڕۆژ زیاتر نەبێت ڕادەگەیەنێ.

ب- ڕاگەیاندنەكە هەموو مەرجەكانی پاڵاوتنی كە لەم یاسایەدا هاتوون ڕادەگەیەنێ.

پێنجەم: پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە لە سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی و ئەندامانی بێنەدی:

أ- دەبـێ خـاوەن شـارەزایی و شـیاوی وا بێـت كـە وای لێ بكـات بتوانێـت ئـەم فەرمانانـە بـەڕێوە ببـات و، خزمەتگوزاریی كردەنی و كاركردنی لە بواری پسپۆڕیەكەیدا هەبێت كە لە (10) ساڵ كـەمتر نـەبێ و دوو ساڵ لەو ماوەیە بۆ خاوەنی بڕوانامەی (ماجستێر) و پێـنج سـاڵیش بـۆ خـاوەنی بڕوانامـەی (دكتـۆرا) كـەم بكرێتەوە.

ب- دەبێ خۆڕەوشتی باش بێت.

ج- نابێ بە تاوانێك، یان كەتنێكی ئابڕووبەر حوكم درابێ.

شەشەم: سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن، بەپێی یاسا بۆ ماوەی پێنج ساڵ دادەمەزرێن و قابیلی نوێ كردنەوەیە بۆ یەكجار.

حەوتەم: سەرۆكی ئەنجومەن دەسەڵاتی وەزیری تایبەتمەند بەكاردێنێ لەوانەی پەیوەندیدارن بە كاروباری كارگێڕی و دارایی تایبەت بە ئەنجومەن.

ماددەی پێنجەم:

لیژنە پێشنیازدەكات ئەم ماددەیە هەڵوەشێتەوەو زنجیرەی ماددەكان بەو پێیە بگۆڕدرێ.

ماددەی شەشەم (زنجیرەكەی دەبێتە ماددەی پێنجەم): هیچ تێبینی لەسەر نییە.

ماددەی حەوتەم (زنجیرەكەی دەبێتە ماددەی شەشەم): لیژنە پێشنیاز دەكات:

یەكەم: بانگهێشت بۆ كۆبوونەوە لەسەر داوای سەرۆك، یان جێگرەكەی دەبێ.

دووەم: بڕیارەكانی ئەنجومەن بەزۆرینەی ئەندامانی دەبێ لە جیاتی بە زۆرینەی ڕەها و ماددەكە بەم شێوەیەی خوراەوە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی شەشەم:

یەكەم: ئەنجومەن لە سەر داوای سەرۆك، یان جێگرەكەی كە سەرۆك ئامادەنەبوو كۆدەبێتەوە.

دووەم: بڕیارەكانی ئەنجومەن بەزۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەكان بەلانی كەم دەردەچن و، ئەگەر دەنگەكان وەكو یەك بوون، ئەوا ئەو لایەنە پەسەند دەكرێ كە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە.

ماددەی هەشتەم (زنجیرەكەی دەبێتە ماددەی حەوتەم): لیژنە پێشنیاز دەكات:

یەكەم: لادانی گوزارەی (گشتی بۆ هەرێم لە كاتی دانان) و گوزارەی (ڕاژەی شارستانی و میلاك) زیاد بكرێ لە دوای (یاسای ڕاژە).

دووەم: گوزارەی (زیاد كردنی ڕاژە) بخرێتە دوای گوزارەی (ڕاژەی گشتی).

سێیەم: هیچ تێبینیەكی لەسەر نیە.

چوارەم: گوزارەی ( ولایەنە پەیوەندیدارەكان) زیاد بكرێ بۆ كۆتایی بڕگەكە.

پێنجەم: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

شەشەم: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

حەوتەم: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

هەشتەم: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

نۆیەم: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

**دەیەم: گوزارەی (و بەرزکردنـەوەی بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان و سـەرۆکایەتی هـەرێم) لـە کۆتـایی بڕگەکـە لاببرێ و، تەنیا ئەوەندە بمێنێ (بە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیـران)، لەبـەر ئـەوەی ئـەم ئەنجومەنە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە لکاوە.**

**یـازدەم: لابردنـی (پەرلـەمانی کوردسـتان و سـەرۆکایەتی هـەرێم) لـە دێـڕی دووەمـی ماددەکـە و، گـوزارەی (بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی و گەشەپێدانی لە ڕاژەی شارستانی) زیاد بکرێ بۆ کۆتایی بڕگەکە.**

**دوازدەم: هەردووبرگـەی (أوب) لێـك بـدرێن و بکرێتـە دەقـی بڕگـەی دوازدەم لەگـەڵ زیـاد کردنـی گـوزراەی (بەهەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری) بـۆ دوای دێـڕی یەکـەم دوای ئامـادەکردنی پـرۆژەی بودجە.**

**سێزدەم: هیچ تێبینەکی لەسەر نییە.**

**چواردەم: هیچ تێبینەکی لەسەر نییە.**

**پێشنیاز دەکەین برگەیەك بەزنجیرەی (پازدەم)ی بخرێتە سەر و بەم شێوەیەی خوارەوە بێ:**

**(یاخود هەربابەتێکی تر، کە پەیوەندیدار بێ بە بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی و گەشەپێدانی لە راژەکەدا کە ئەنجومەنی وەزیران بۆی دەنێـرێ)و، لیژنـە پێشـنیاز دەکـات کـە مـاددەی حەوتـەم بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دابڕێژێتەوە:**

## بەشی چوارەم

## ئەرکەکانی ئەنجومەن

**ماددەی حەوتەم:**

**ئەنجومەن ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**یەکەم: جێبەجێ کردنی یاسای راژەی شارستانی ومیلاك و جێبەجێ کردنی هەرچیەکی پەیوەندیـدارە بـە فرمانی گشتی لە یاساکانی دیکەی پەیوەندیدار.**

**دووەم: دامەزراندن و دووبارە دامەزراندنەوەو بەرزکردنـەوەو خسـتنە سـەر راژەو، ئەمـەش تـەنیا لـە کـاری تایبەتی ئەنجومەن دەبێ و، لەسەر بنەمای پێوەری پیشەیی و لێهاتوویی دەبێت.**

**سێیەم: نەخشەکێشانی کاروباری فرمانە گشتیەکان و سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنـی لـە دەزگاکـانی هەرێم و نەخشە کێشانی سیاسەتەکانی راژەی گشتی و دەست نیشان کردنی هۆیەکانی جێبـەجێ کردنـی و هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێ کردنەکەی.**

**چـوارەم: پێشـنیازکردنی پرۆژەکـانی یاسـاکان و پێـرەوە تایبەتمەنـد بـە رێکخسـتن وپەرەپێـدانی کاروبـاری فرمانە گشتیەکان و دەربڕینی ڕا لەبارەیـەوە بـە هەماهـەنگی کـردن لەگـەڵ وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری و لایەنە پەیوەندارەکان.**

پێنجەم: ئامادە کردنی هەیکەلی فرمانی بۆ وەزارەتەکان و لایەنە نەلکاوەکان بە وەزارەت و هەموو دەزگایەك، کە فرمانی گشتی تێدابێت و، ئەمەش بەهەماهەنگی دەبێت لەگەڵ لایەنە پەیوەندارکاندا.
شەشەم: وەسف کردنی فرمانە گشتیەکان و مەرجەکانی پڕکردنەوەی بەهەماهەنگی کردن لەگەڵ دەزگا تایبەکان لە وەزارەتی پلاندانان و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکە.
حەوتەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی شیاندن و مەشق کردن لەکاتی راژەدا بۆ فەرمانبەرانی هەرێم و، ئەمەش بە هەماهەنگی دەبێت لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەدا.
هەشتەم: دانانی سیاسەت و بەرزەفتکاری وا کە دەستەبەر بێت بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان ژمارەی فەرمانبەران لە فەرمانگە جیاوازەکانی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەدا.
نۆیەم: دەستکردن بە لێکۆڵینەوەو ئەنجامدانی ئەو باسانەی کە پەیوەندیدارن بە پەرەپێدانی فرمانی گشتی و پێشکەش کردنی راسپاردەکان لەبارەیانەوە بۆ لایەنە پەیوەندارەکان لە هەرێمداو، ئەمەش بە هەماهەنگی دەبێ لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەندەکان.
دەیەم: ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانە لەبارەی کارەکانی ئەنجومەن، کە ئەنجامەکانی پێداچوونەوە بۆ کارەکانی دامەزراندن و راسپاردەکانی تێدابێ، کە بە پێویستی دەزانێ بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی راژەی گشتی و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران.
یازدەم: ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانە لەبارەی هەر وەزارەتێك، یاخود لایەنی نەلکاو بەوەزارەت و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە راسپاردەکان و پێشنیازە پێویستەکانی بۆ دەستەبەرکردنی جێ بەجێ کردنی کارەکانی بە رێکوپێکی و بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی و گەشەپێدانی لە راژەی گشتیدا.
دوازدەم: ئامادە کردنی پرۆژەی بودجەی ئەنجومەن تاکو لە ناو بودجەی گشتی هەرێمدا دابنرێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و لێکۆڵینەوەی پێشنیازەکانی وەزارەتەکان لەبارەی پرۆژەی یاسای بودجەی هەرێم ئەوەی پەیوەندیدارە بە تەرخان کردنی پارەی پێویست بۆ فەرمانبەران و خەرجی کارگێڕیی و پەسند کردنی و پێشکەش کردنی بە ئەنجومەنی وەزیران.
سێزدەم: جێبەجێ کردنی رێ پێوو لێکۆڵینەوەو ئامارکردن و پێشکەش کردنی پێشنیازەکانی کە پەیوەندارن بە هێنانەدی هاوکێشەیی لە نێوان هەیکەلی مووچەکان و نێوان ئاستی ژیان و گوزەرانی گشتی، لەبەر رۆشنایی تێچووی ژیان و گوزەران و نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان و پێوانە ئابوورییەکان و دەست نیشان کردنی رادەی نزم بۆ ژیان و گوزەرانی تاك لە فرمانی گشتیدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا .
چواردەم: ئەنجومەن بۆی هەیە توانستەکانی ئەو کەسانەی کە مەبەستە دابمەزرێن، یاخود دابمەزرێنەوە تاقی بکاتەوە، چ بە بەرەو رووبوونەوە، یاخود بە ئەزموونی بەنووسین بێ، یاخود بە هەردووکیان، تاکو سیفەت و شیاویان بزانێت، ئەوەی راژەی پێشووی هەبێت لە فەرمانێك کە تێیدا چەسپا بێت، یاخود

**بڕوانامەی باڵای هەبێت بەدەر دەکرێن، مەگەر ژمارەی ئەوانەی داوایان کردووە دابمەزرێن لە فرمانگەکان، کە پێویستە پڕبکرینەوە پتربن لە ژمارەی ئەو فرمانانە.**
**پازدەم: هەر بابەتێکی تر کە پەیوەندیداربێ بە بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی و گەشە پێدانی لە راژەکەدا، کە ئەنجومەنی وەزیران بۆی دەنێرێ.**

## بەشی پێنجەم

## هەیکەلی رێکخستن

**ماددەی نۆیەم: (زنجیرەکەی دەبێتە ماددەی هەشتەم) هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.**
**ماددەی دەیەم: (زنجیرەکەی دەبێتە ماددەی نۆیەم) لیژنە پێشنیاز دەکات:**
**یەکەم: ساڵەکانی راژەی لابرێ، چونکە بنەمای گشتی هەیە بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**
**یەکەم: ئەو فرمانگانەی کە دەقی ناوەکانیان لە بەندەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم ) لە ماددەی دەیەمدا لەم یاسایەدا هاتووە، بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەیان دەبات، کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەلانی کەم هەبێت و خاوەن شارەزایی وپسپۆریی بێت.**
**دووەم: هیچ تێبینەکی لەسەر نییە.**
**سێیەم: ئەم بڕگەیە بگوازرێتەوە بۆ ماددەیەکی سەربەخۆی کۆتایی، چونکە ئەم ماددەیە لە پێکهاتەکانی ئەنجومەنەوە لەخۆ دەگرێ.**
**چوارەم: ئەم بڕگەیە لابرێ، پێشنیاز دەکەین دوو ماددەی دیکە بە زنجیرەی ماددەی دەیەم و یازدەم بخرێتە سەری و زنجیرەی ماددەکان بەم شێوەیە خوارەوە بگۆڕدرێ.**
**ماددەی دەیەم:**
**ئامادە کردنی پێڕەوی ناوخۆی تایبەت بە ئەنجومەن.**
**ماددەی یازدەم:**
**ئەنجومەن بۆی هەیە بەڕێوەرایەتی، یان هۆبە، یان بەشەکان لە کاتی پێویستدا لە نوێ دابمەزرێنی، یاخود لێکیان بدات.**
**ماددەی یازدەم: دەبێتە زنجیرەی ماددەی دوازدەم، لیژنە پێشنیاز دەکات بە زیاد کردنی وشەی بڕیار لەدوای وشەی یاسایی، ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**ماددەی دوازدەم:**
**کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

## الفصل الثاني

## التأسيس والاهداف

**المادة الثانية:**

**تقترح اللجنة ان يرتبط مجلس الخدمة بمجلس الوزراء بدلاً من ارتباطه ببرلمان كوردستان واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:**

**(المادة الثانية: يؤسس في الاقليم مجلس يسمى بـ(مجلس الخدمة العامة في اقليم كوردستان) ويتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري ويمثله رئيسه او من يخوله ويرتبط بمجلس الوزراء).**

**المادة الثالثة: تؤيد اللجنة المادة ولا توجد عليها اية ملاحظة.**

## الفصل الثالث

## هيكل المجلس وآلية العمل

**المادة الرابعة:**

**اولا: تقترح اللجنة عدم ذكر الاختصاصات وانما الاكتفاء بان يكون حاصلاً على شهادة جامعية دون ذكر الاختصاصات.**

**ثانيا: تقترح اللجنة ان يكون رئيس المجلس بدرجة وكيل وزارة ونائب الرئيس بدرجة خاصة (أ) واعضاء المجلس بدرجة مدير عام.**

**ثالثا: تقترح اللجنة الغاء عبارة (ويخضع لمصادقة برلمان كوردستان) الواردة في نهاية الفقرة واعادة صياغتها بالشكل الآتي:**

**(ثالثا: يرشح مجلس الوزراء رئيس المجلس ونائبه والاعضاء وفقاً للشروط الواردة في هذا القانون).**

**رابعا: لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**خامسا: تقترح اللجنة:**

**أ- اضافة عبارة (فعلية وممارسة) الى ما بعد كلمة (خدمة) وجعل مدة الخدمة (لا تقل عن عشر سنوات) بدلا من (خمسة عشرة سنة) وتنزل من هذه المدة سنتين بالنسبة لحاملي شهادة الماجستير وخمس سنوات بالنسبة لحاملي شهادة الدكتوراه.**

**ب- الغاء هذه الفقرة نظراً لعدم الحاجة الى شرط العمر وانما الاكتفاء بما ورد في الفقرة السابعة من شرط سنوات الخدمة.**

**سادسا: لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**سابعا: لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**ثامنا: الغاء هذه الفقرة لان هناك قواعد عامة تعالج هذه المسألة.**

**تقترح اللجنة اعادة صياغة المادة الرابعة بالشكل الآتي:**

واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

(المادة السادسة:

اولاً: يجتمع المجلس بدعوة من رئيسه او نائبه عند غياب الرئيس.

ثانياً: تصدر قرارات المجلس باغلبية اعضائه الحاضرين على الاقل واذا تساوت الاصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس).

## الفصل الرابع

## مهام المجلس

المادة الثامنة: (وتصبح بتسلسل المادة السابعة): تقترح اللجنة:

اولا: حذف عبارة (العامة للاقليم عند تشريعه) واضافة (الخدمة المدنية والملاك) الى ما بعد (قانون الخدمة).

ثانيا: اضافة عبارة (وإضافة الخدمة) الى ما بعد عبارة (الخدمة العامة).

ثالثا: لا توجد عليها اية ملاحظة.

رابعا: اضافة عبارة (والجهات ذات العلاقة) الى نهاية الفقرة.

خامساً: لا توجد عليها اية ملاحظة.

سادسا: لا توجد عليها اية ملاحظة.

سابعا: لا توجد عليها اية ملاحظة.

ثامناً: لا توجد عليها اية ملاحظة.

تاسعاً: لا توجد عليها اية ملاحظة.

عاشراً: حذف عبارة (ورفعه الى برلمان كوردستان ورئاسة الاقليم) في نهاية الفقرة وانما الاكتفاء برفع التقرير الى مجلس الوزراء، نظرا لارتباط هذا المجلس بمجلس الوزراء.

حادي عشر: حذف (برلمان كوردستان ورئاسة الاقليم) في السطر الثاني من المادة، واضافة عبارة (وادارة الموارد البشرية وتنميتها في الخدمة المدنية) الى نهاية الفقرة.

ثاني عشر: دمج الفقرتين (أوب) وجعلها متنا للفقرة ثاني عشر مع اضافة عبارة (بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد) الى ما بعد السطر الاول بعد اعداد مشروع الموازنة.

ثالث عشر: لا توجد عليها ملاحظة.

رابع عشر: لا توجد عليها ملاحظة.

نقترح اضافة فقرة بتسلسل الفقرة (خامس عشر) وبالشكل الآتي:

(اي موضوع آخر يتعلق بادارة الموارد البشرية وتنميتها في الخدمة يحيلها اليه مجلس الوزراء).

تقترح اللجنة اعادة صياغة المادة السابعة بالشكل الآتي:

## الفصل الرابع

## مهام المجلس

**المادة السابعة: يتولى المجلس المهام الآتية:**

**اولاً: تنفيذ قانون الخدمة المدنية والملاك وتنفيذ كل ما يتعلق بالوظيفة العامة في القوانين الاخرى ذات العلاقة.**

**ثانياً: التعيين واعادة التعيين والترقية في الخدمة العامة واضافة الخدمة ويكون ذلك من اختصاص المجلس حصراً وعلى اساس المعايير المهنية والكفاءة.**

**ثالثا: تخطيط شؤون الوظيفة العامة والاشراف والرقابة عليها في مؤسسات الاقليم ورسم سياسات الخدمة العامة وتحديد وسائل تنفيذها وتقييم مستوى الانجاز.**

**رابعا: اقتراح مشروعات القوانين والانظمة الخاصة بتنظيم وتطوير شؤون الوظيفة العامة وابداء الرأي فيها بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد والجهات ذات العلاقة.**

**خامساً: اعداد الهيكل الوظيفي للوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة وكل مؤسسة فيها وظيفة عامة وبالتنسيق مع الجهات المعنية.**

**سادساً: وصف الوظائف العامة وشروط اشغالها بالتنسيق مع الأجهزة المختصة في وزارة التخطيط والجهات الأخرى ذات العلاقة.**

**سابعاً: رسم سياسة التأهيل والتدريب أثناء الخدمة لموظفي الاقليم وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والجهات الاخرى ذات العلاقة.**

**ثامناً: وضع السياسات والضوابط الكفيلة بتحقيق التوازن بين عدد الموظفين في دوائر الاقليم المختلفة وبين الخدمة المؤداة.**

**تاسعاً: إجراء الدراسات والبحوث المتعلقة بتطوير الوظيفة العامة وتقديم التوصيات في شأنها الى الجهات المعنية في الاقليم وبالتنسيق مع الوزارات المختصة.**

**عاشرا: اعداد تقرير سنوي عن اعمال المجلس يتضمن نتائج المراجعة لعمليات التوظيف والتوصيات التي يراها ضرورية لرفع مستوى الخدمة العامة ورفعه الى مجلس الوزراء.**

**حادي عشر: اعداد تقرير سنوي عن كل وزارة او جهة غير مرتبطة بوزارة ورفعه الى مجلس الوزراء يتضمن التوصيات والمقترحات اللازمة لضمان حسن اداء العمل وادارة الموارد البشرية وتنميتها في الخدمة العامة.**

**ثاني عشر: اعداد مشروع موازنة المجلس لدرجها في الموازنة العامة للاقليم بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد ودراسة مقترحات الوزارات حول مشروع قانون موازنة الاقليم فيما يتعلق بالاعتمادات المطلوبة للموظفين والنفقات الادارية والموافقة عليها وتقديمها الى مجلس الوزراء.**

ثالث عشر: اجراء المسوحات والدراسات والاحصاءات وتقديم المقترحات المتعلقة بتحقيق التوازن بين هيكل الرواتب وبين المستوى المعيشي العام في ضوء تكاليف المعيشة واسعار السلع والخدمات والمعايير الاقتصادية وتحديد الحد الادنى لمعيشة الفرد في الوظيفة العامة بالتنسيق مع الجهات المختصة.

رابع عشر: للمجلس اختبار مؤهلات الاشخاص المراد تعيينهم او اعادة تعيينهم بالمقابلة او بالامتحان التحريري او بهما معا للوقوف على صفاتهم ولياقاتهم ويستثنى من ذلك من له خدمة سابقة في وظيفة مثبت فيها او يحمل شهادة عليا الا اذا كان عدد المتقدمين للوظائف المطلوب اشغالها اكثر من عدد تلك الوظائف.

خامس عشر: اي موضوع آخر يتعلق بادارة الموارد البشرية وتنميتها في الخدمة يحيلها اليه مجلس الوزراء.

## الفصل الخامس

## الهيكل التنظيمي

المادة التاسعة: (وتصبح بتسلسل المادة الثامنة): لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة العاشرة: (وتصبح بتسلسل المادة التاسعة): تقترح اللجنة:

اولاً: حذف سنوات الخدمة نظراً لوجود قواعد عامة لتعيين المدراء العامين.

واعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي:

(اولاً: يدير الدوائر المنصوص عليها في البنود (اولاً وثانياً وثالثا ورابعا من المادة العاشرة) من هذا القانون مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

ثانياً: لا توجد عليها ملاحظة.

ثالثاً: نقل هذه الفقرة الى مادة مستقلة ضمن الاحكام الختامية لان هذه المادة تتناول تشكيلات المجلس.

رابعاً: الغاء هذه الفقرة.

نقترح اضافة مادتين بتسلسل المادة العاشرة والحادية عشرة وتغيير تسلسل المواد تبعا لذلك بالشكل الآتي:

(المادة العاشرة: اعداد النظام الداخلي الخاص بالمجلس.

المادة الحادية عشرة:

للمجلس استحداث او الغاء او دمج مديريات او شعب او اقسام عند الاقتضاء).

المادة الحادية عشرة: (وتصبح بتسلسل المادة الثانية عشرة):

تقترح اللجنة اضافة كلمة (قرار) الى ما بعد كلمة (قانوني) واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

(المادة الثانية عشرة: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون).

المادة الثانية عشرة: (وتصبح بتسلسل المادة الثالثة عشرة):

تقترح اللجنة جعل مدة النفاذ بعد مضي (ستين يوما) بدلاً من ( تسعين يوما) واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

المادة الثالثة عشرة: ينفذ هذا القانون بعد مضي (60) ستين يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان) .

الاسباب الموجبة: لا توجد عليها ملاحظة.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت، مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی راپۆرتتان بخوێننەوە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی دارایی تەنها بە زمانی کوردییە.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان**

**ب/ کۆنووسی ژمارە (72)**

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك/343) لە بەرواری (2011/3/30) دەربارەی دەقی پرۆژە یاسای (ئەنجومەنی راژەی گشتی لە هەرێمی کوردستان)، کە لە دانیشتنی ژمارە (1)ی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی (2011/3/29) پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان (72)هەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا لە (2011/4/24)، بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەسەر پرۆژە یاسای ناوبراو و، بەزۆرینەی دەنگ گەیشتنە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

**بڕیار**

یەکەم: دەربارەی ماددەی یەکەم، پەسندە.

دووەم: دەربارەی ماددەی دووەم، دەستەواژەی کۆتایی بگۆڕێت لە (ویرتبط ببرلمان کوردستان) بۆ (ویرتبط برئاسة مجلس الوزراء).

سێیەم: دەربارەی ماددەی سێیەم:

1- لە (اولاً) پەسندە.

2- لە (ثانیاً) وشەی (الاشراف) شوێنەکەی بگۆڕێت لە دەستەواژە یاساییەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(ثانیاً: تخطیط واشراف شؤون الوظیفة العامة والرقابة علیها).

3- لە (ثالثاً) وشەی (الاجتماعیة) لە دەستەواژە یاساییەکە لابرێ.

چوارەم: دەربارەی ماددەی چوارەم:

1- له (اولاً) دەستەواژەی (سبعة اعضاء متفرغين) ببێت به (خمسة اعضاء متفرغين).

2- له (ثانياً) پەسندە.

3- له (ثالثاً) دەستەواژەی (ويخضع لمصادقة برلمان كوردستان) بگۆڕێت بۆ (ويخضع رئيس المجلس ونائبه لمصادقة برلمان كوردستان).

4- له (رابعاً/أ) دەستەواژەی (لاتزيد على ثلاثين يوماً) بگۆڕێت بۆ (لاتقل عن ثلاثين يوماً).

5- له (رابعاً/ب) دەستەواژەی (كل شروط المرشحين) بگۆڕێت بۆ (شروط التعيين).

6- له بڕگەكانی (خامساً/ أ، ب، ج) پەسندە.

7- دەربارەی (خامساً/د) دەستەواژەی (جنحة مخلة بالشرف) بگۆڕێت بۆ (جريمة مخلة بالشرف).

8- بڕگەیەك زیاد بكرێت بۆ (خامساً) بەم شێوەیە:

هـ- ان يكون من ساكني الاقليم.

پێنجەم: دەربارەی ماددەی پێنجەم:

1-دەستەواژەی (يؤدي رئيس المجلس ونائبه اليمين) بگۆڕێت بۆ (يؤدي رئيس المجلس اليمين).

2- وشەی (دون التحيز) زیاد بكرێ بۆ (............ والاخلاص دون التحيز).

شەشەم: دەربارەی ماددەی شەشەم، پەسندە.

حەوتەم: دەربارەی ماددەی حەوتەم:

له (اولاً) دەستەواژەی (بحضور خمسة اعضاء) بگۆڕێت بۆ (بحضور ثلاثة اعضاء).

هەشتەم: دەربارەی ماددەی هەشتەم، پەسندە.

نۆیەم: دەربارەی ماددەی نۆیەم، پەسندە.

دەیەم: دەربارەی ماددەی دەیەم، پەسندە.

یازدەم: دەربارەی ماددەی یازدەم، پەسندە.

دوازدەم: دەربارەی ماددەی دوازدەم، پەسندە.

سێزدەم: دەربارەی (الاسباب الموجبة)، پەسندە.

بەم جۆرە كۆنووس داخرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا ماددەی یەكەم لە ئەسڵی پرۆژەكە بە زمانی كوردی و عەرەبی بخوێننەوە، پاشان رەئی لیژنەكان لەسەری بدەن، فەرموو.

دووەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی لە هەرێمدا.

سێیەم: سەرۆکی ئەنجومەن: سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی لە هەرێمدا.

عەرەبیەکەشی بەم شێوەیە ئیعادەی صیاغەی کراوتەوە:

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً: المجلس: مجلس الخدمة العامة في الاقليم.

ثالثاً: رئيس المجلس: رئيس مجلس الخدمة العامة في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیەکی دەربارەی ماددەی یەکەم نییەو پەسندە لەلای، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیرو مونەسەقی نێوان پەرلەمان و وەزارەتیش دەکەین، کاك کاوە ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕەئی لیژنەی قانونین، کە دەبێت ئەوەی یەکەم ئیقلیم زیاد بکرێت.

دووەم/ ئەوەی کە لە هەیئەت نووسراوە، ئەو هەیئەتە هیچ شوێنێك و هیچ کارێکی نییە لەقانونەکە، سەلاحیاتی نییە، لەبەر ئەوە زیادە، لە حاڵەتێکدا هەبێت، ئەگەر کاتێك ئەم مەجلیسە خەڵکی تر لە دەرەوەی مەجلیسەکە بەشدار بێت تیایدا، لە دیوانی وەزارەتەکانی تر، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم خۆی مەجلیسەکە خۆیەتی، هیچ سەلاحیاتێك نییە بۆ ئەوە، کەواتە ئەو هەیئەتە زیادە لێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئێستا کێ لەسەر ماددەی یەکەم و ناوی پرۆژەکە دەیەوێت قسە بکات؟ ناویان دەنووسین، ئەم بەڕێزانەی ناویان تۆمار کردووە، دەیانە وێت موداخەلە بکەن، ڕێزداران (بەفرین حسین، جمال طاهر، ڕێباز فتاح، سیوەیل عثمان، بەیان احمد، عبدالسلام بەرواری، هاوڕاز خۆشناو)، کەسی تر هەیە؟ نییە، بەڕێزان، چوار دەقیقە کات تەحدید دەکەین، تکایە ئیلتیزام بە وەخت بکەن و تیکراریش نەبێت، تیکرار هەبێت مەجبورین راتان بگرین، تکایە هەوڵ بدەن گوێتان لە یەك بێت، بۆ ئەوەی تیکرار نەبێت، فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من سەرەتا قسەم لەسەر ناوی پرۆژەکە هەیە، ئەنجومەنی راژەی گشتی لە هەرێمدا، دیارە لە پێناسەی ئەنجومەندا زاراوەی لە هەرێمدا جارێکی تر هاتووە، بۆیە پێویست ناکات لێرە جارێکی تر لە هەرێمدا دووبارە بێتەوە، هەر ئەنجومەنی راژەی گشتی بێت، لەبەر ئەوەی لە پێناسەی زاراوەکاندا ئەوە شی کراوەتەوە، هەروەها لە پێناسەی زاراوەکانیشدا پێناسە بۆ زاراوەی هەرێمدا نەهاتووە، لە هەمان کاتدا کە پێویستە ئەوەش بێتە پێناسە کردن، پشتگیری لە رەئی لیژنەی یاسایی دەکەم لە پێناسەی زاراوەی ئەنجومەن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەن، وشەی لە هەرێمی کوردستاندا بکرێتە لە هەرێمدا، هەروەها پێناسەی دەستەواژەی دەستەش لەنێو ئەم پرۆژەیەدا هەڵبگیرێت، لەبەر ئەوەی هیچ دووبارە بوونەوەیەکی لەنێو پرۆژەکەدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەمال طاهر کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو بێین سەیری ئەم ماددەیە بکەین، ئەوەلەن من پشتگیری لە رەئی لیژنەی قانونی دەکەم بە لادانی هەیئە، ئەگەر بێتو سەیری قانونەکە هەمووی بکەین، دەبینین دوو موستەلەح زۆر دووبارە دەبێتەوە، یەك/ (الوظيفة العامة).

دوو/ (الخدمة العامة).

بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم دوو دەستەواژەیە بێن لێرە خدمەی عامە چیە؟ وەزیفەی عامە چیە؟ نەصەکەم ناردووە بۆ لیژنەی قانونی لە رێگەی جەنابی سکرتێر، پێم باشە بکرێتە (الخدمة العامة/ اي خدمة تقدمها الحكومة من خلال هيئاتها بقصد اشباع حاجة عامة)، (والوظيفة العامة/ اي وظيفة يمارسها موظف حكومي في مجال تقديم الخدمة العامة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار رێباز فتاح کەرەم بکە.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا قسەکەی من لەسەر ئەوەیە کە ناوی ئەنجومەن لێرە هاتووە، لەڕاستیدا ئێمە کێشەیەکمان هەیە لە کوردستاندا، کە ئەویش کێشەی دامەزراندنە، بەڵام ئەگەر دواتر، من لەسەر کۆی پرۆژەکە قسە بکەم کە دروست کردنی ئەنجومەنێکی راژەیە، لێرەش ناوی ئەنجومەنەکە هاتووە، ئایا ئێمە هەدەفمان لە دروست کردن ئەوەیە کە دەزگایەکی تازە دروست بکەین، یان هەدەفمان ئەوەیە کە کێشەیەك چارەسەر بکەین؟

ئەگەر لە دواتردا مەهامەکانی ئەم پرۆژەیە بخوێنینەوە، بەشێکی زۆری ئەو مەهامانە وەزارەتی پلانـدانان جێ بەجێی دەکات، لەبەر ئەوە من پرسـیارەکەم ئەوەیـە، ئایـا پەرلـەمان بـە پێویسـتی دەزانێـت لـەوەی کـە دەزگایەکی نوێ دروست بکات و ئەم دەزگایە تا ئاستی ئەوە دەڕوات کە ..................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئێستا لە بـابی تـەعریفین، لەسـەر ئـەوە قسـە بکـە، کـەی چـووینە ئـەوێ باسـی بکـە، تێدەگـەم چـی دەڵێیت، ئێمە دادەنێین ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوەیە کە تـەعیینات دەبێـت بـە یەکسـانی بێـت، بـەپێی قابلیـەت بێت، جیاوازی نەبێت، لایەنی سیاسی تەئسیری لەسەر ئـەم و ئـەو نـەبێت، ئـەو دائیرەیـە پێویسـتی بەچـیە، بەوەیە، ئەوە دروستە، بەڵام ئێستا لەسەر ماددەکە، ئـەو موداخەلـەی جـەنابت لـە وەخـتی خـۆی دەبـوو لـە لیژنەکان تەرحت بکردایە، ئێستا پرۆژەکـەمان لەبـەر دەسـتدایەو رەئـی لیژنـەکان هەیـە، مـاددەی یەکەمـە لەگەڵ ناوەکەی، کەرەم بکە، فەرموو.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك/ من ئەندامی لیژنەی یاسایی نیم تا لەوێ تەرحی خۆم بکەم، ئەمە یەك.

دوو/ لە ئێستاوە ئەگەر ناومان نا بـە ئەنجومـەنی راژەی گشـتی، کەواتـە ئێمـە بڕیارمانـداوە کـە دەزگایـەکی نوێ دروست بکەین، قسەکەی من لەسەر ئەوەیە کە ئایا...............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئێستا موناقەشەی ماددەکە دەکەین، ئەندامی لیژنەی یاسایی نیت، بـەڵام تـۆ ئەنـدامی پەرلـەمانی و راپۆرتەکەت هەیـە، نوێنـەرت لـە لیژنەکـە هەیـە، دەبـوو لـە وەخـتی خـۆی ئـەوە بکـەیت، ئێسـتا وەرە سـەر ماددەکە، ماددەی یەك تەعریفەکان موناقەشە دەکەین، ناچینە هیچ بابەتێکی ترەوە، فەرموو، کەرەم بکە.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، من هیچ قسەم لەسەر تەعریفەکە نییە، بەس تەنها................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مادام دانیشە، تەواو، بەڕێز سیوەیل عثمان کەرەم بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئـەو ماددەیـە (ثانیـاً) نووسـراوە رەئیسـی مـەجلیس، ئەگـەر بنووسـریت (رئـیس مجلـس الخدمـة العامة في الاقليم)، ئیقلیمەکە لاببەین، چونکە دووبارە کراوەتەوە، یەعنی هەم ناونیشانەکە ئیقلیمی تێدایە، هەم لە ئەوەلەن (مجلس الخدمة العامة في اقليم كوردستان)، واتا دووبارەیە.

بەنیسبەت سێیەم، (ثالثاً: هیئة) لابردرێت، هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی، کەدەڵێت لابرێت، لەبەر ئەوەی هەموو قانونەکەی بخوێنینەوە ناوی دەستەی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بەیان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سەبارەت ڤێ بابەتی، من پێم باشە پێشنیارێك پێشکەش بکەم کو بەڕاستی ئەنجومەنی راژە، ئەڤە تشتەکی گەلەك باشە، هەدەفا سەرەکی ژی بەرز کرنا ئەدائا وەزیفیا بۆ فەرمانبەرێ هەرێمی کوردستانێ، تەئهیل و تەدریب، مادام ئەڤ ئەهدافەما هەنە پێ تی ڤیا (معهد الوظیفة العامة) ئەز پێشنیار دکەم ئەڤە لێرە هەبیتن، بە گرنگی دزانم لە بابەتێ تەعریفا هەبیتن و یەعنی بێتە پەسند کرن ئی ل ڤێرێ، چونکی وەکی مە گوتن بەرز کرنا ئاستێ فەرمانبەرا لە هەرێما کوردستانێ.

خاڵە دوێ/ تەئهیل و تەدریبە، یەعنی وەکو وەسیلەیەك بۆ تەحقیقا ڤێ هەدەڤێ بە پێویستیا دزانم، کۆ ئەڤ مەعهەدا وەزیفا عامە بێتە ناو وی بابەتێداو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە، تێکەڵیەك و نا وزوحیەك لەخودی هەموو یاساکەدا هەیە، لەکاتی باسی ئەنجومەنی راژەی گشتی دەکات، ئەو دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن، ئەنجومەن باسی دەمودەزگایەکەیە هەمووی، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتی هەیە، کە پێکهاتووە لە سەرۆك و ئەو حەوت ئەندامە، ئەگەر تەماشای بکەین، کە باسی ئەنجومەن دەکات، من باسی هەموو یاساکە دەکەم، بۆیە دەبێت لە ماددەی یەکەم، کە ئێمە شت تەسبیت بکەین، چونکە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆی، بۆیە رجاتان لێ دەکەم لە هەردوو لیژنە، تۆزێك سەرنجی ئەوە بدەن، باسی ئەنجومەن، وەکو دەزگایەکەیە، لەناو یاسا کە باسی ئەرکەکانی ئەنجومەن خۆی دەکات وەکو فەرمانگەو باسی ئەرکەکانی دەستەی سەرۆکایەتی دەکات، هەمان وشە بەکار دێنێت، بۆیە تەحدید کردنی لە سەرەتاوە ئەو شتانە دەبێت لەوێ بگۆڕدرێت، من پێشنیار دەکەم ئەو لادانی دەستە، ئەوەی پێشنیارتان کرد بوو زۆر راست بوو، لەبەر ئەوەی لەناو یاساکە هیچ لەو دەڤەی ئێستا دەستە نییە، من پێشنیار دەکەم دوو زارەوە لێرە بنووسرێت:

یەك/ دەستەی سەرۆکایەتی/ دەکاتە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی راژەی گشتی لە هەرێم.

دوو/ دەستەی کارگێڕی/ دەکاتە دەستەی کارگێڕی، بۆ؟ چونکە لە ماددەی نۆ باسی فەرمانگاکان دەکات، لەوێ دێین باسی دەکەین، پێشنیارەکەم تێ بگەن، لەوێ هەیکەلیەتێکی ئیداری هەیە، بێجگە لە ئەنجومەن،

خۆ دەبێت مودیریەتی ئەو هەیکەل ئیدارییە وەکو مودیری تەنفیزی ئەندام بێت لە ئەنجومەن، تاکو حەلەقەی وەسڵ بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەر لە ئێستاوە هەردوو دەستە ناوی بنووسرێت و لەبیرمان بێت کە ئێمە باسی ئەو ئەنجومەنەی لەوێ هاتووە باسی دەستەی سەرۆکایەتی دەکات، ئەو تەعدیلاتە پێویستە بکەین، لە ماددەی نۆیەم بیر لەوە بکەینەوە کە پێویستی بە بەڕێوەبەرێکی گشتی کارگێری مودیری تەنفیزی کە ببێتە ئەندامی دەستە، خۆزگە ئێمە یاسایەکی راژەی گشتیمان دەرکردبا، پێش ئەوەی یاسای ئەنجومەنی راژە دەربکەین، چونکە یاسای راژەی گشتیە دیار دەکات چۆن خەڵك دادەمەزرێت و مەرجەکان و چۆنیەتی ئیش کردن، ئەم ئەنجومەنە بۆ جێ بەجێ کردنی یاسای راژەی گشتیە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرە سەر تەعریفەکە، تەوزیحی دەرەوەی بابەتەکە مەکە، رجائەن، بەڕێز هاوڕاز خۆشناو کەرەم بکە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەنجومەنی راژە، پێمانوایە شتێکی زۆر گرنگە، بۆیە زوو خراوەتە ناو بەرنامە، ئەم پرۆژە یاسایە کە هاتووە رێك دەقاودەق قانونی مەجلیسی خدمەی عامەی ئیتیحادییە، بەم گۆڕانکارییانە تەنها ئیتیحادییەکە کراوەتە ئیقلیم و مەعهەدی وەزیفی کراوەتە.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە شەرحم بۆ مەکە، تەعریفەکانم بۆ باس بکە، ئەمە ماددە یەکە، سێ تەعریف دراوە، ئیزافەی دەکەی، کەمی دەکەی، رجائەن لە ماددەکە نابێت دەر بچیت، شەرحیشی مەکە، دەبوو لە لیژنەکە باست کرد بوایە، سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو مولاحەزەی کە درا، کە ئەو دەستەیە ناوی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان نەهاتووە، جارێ دەستوورەکە پەسند نەکراوە، ئەوە یەك.

دووەمین/ دەسەڵات دراوە، کە بتوانرێت جگە لەو هەیئاتانەی تر کە دیاری کراوە، وەکو رەقابەی مالی، نەزاهە، دەسەڵاتی ئەوەش هەیە کە دەستەی تر دروست بکرێت، مولاحەزەکانی تر تەئیدی لیژنەی قانونی بوو.

سەبارەت بەوەی خدمەی عامەو وەزیفەی عامە لەو قانونە زیکر بکرێت، راستە تەعریفێکمان بۆ هاتووە، بەلاّم من موتەئەکیدم تەعریفی خدمەی عامەو وەزیفەی عامە لە زۆربەی زۆری یاساکانی ئێمەدا هاتووە، دەتوانین ئێمە ئیعتیماد لەسەر ئەو تەعریفانە بکەین بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.

بەنیسبەت مەعهەدی تەتویری ئیداری، ئێمە بەنیسبەت تەتویری ئیداری دەسەلاتمان داوەتێ، چۆن موعامەلەی دەكات، بەم شێوەیە با موعامەلەی خۆی بكات، دەیان نێرێتە دەرەوە، لێرە تەدریبات دەكات، مەعهد دەكاتەوە، ئەمە بۆ ئەنجومەنەكەمان بەجێ هێشتووە.

بەنیسبەت دەستەی سەرۆكایەتی، بە قەناعەتی ئێمە ئەوە بەگوێرەی یاساكە دەستەی سەرۆكایەتی بەشێكە لە ئەنجومەنەكەو جیا نەكراوەتەوە، واتا سەرۆك و جێگرەكەی لەگەڵ ئەندامەكانی ئەنجومەنەكە تەشكیل دەبێت، نەوەك دەستەی سەرۆكایەتی بەجیا بێت و، ئەنجومەنەكەش بە جیا بێت، ئەمە رەدی ئێمەیە بەنیسبەت ئەو مولاحەزاتانەی كە درا.

بەنیسبەت تەعاریفیش، ئەوەی كە زۆر دووبارە بۆتەوە، ئێمە دەست نیشانمان كردووە، بەنیسبەت لیژنەی یاسایی ئەوەندە مولاحەزەیەمان هەیە، نازانم ئەگەر لیژنەی داراییش مولاحەزەی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی بابەتەكە زۆرتر پەیوەستە بە یاساوە، ئێمە تەئیدی رەئی لیژنەی یاسایی دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر بۆ ئەو موداخەلاتانە رەئیت، تكایە.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ رەئی لیژنەی یاساییین، بەنیسبەت موەزەفی عام و خدمەی عامە لە چەند جێگایەك تەعریف كراوە لە قوانینی جیاوازدا، هەتا ئەخیر شت لە قەواعیدی سلوكی موەزەفی عامە ئیشارەتی پێ كراوە.

بەنیسبەت مەعهەدی وەزیفە، ئەوە تەتویری ئیداری هەیە، كراوەیە بۆی كە هەر میكانیزمێك بەكار بێنێت، هەتا مەعهەدیش دابنێت، پێویست ناكات لە قانونەكەدا هەبێت.

بەنیسبەت ئەو تێبینیەی كە كاك عبدالسلام بەرواری باسی كرد، سەبارەت بە ئیشەكە، ئیشی ئەو هەیكەلیەتەش هەر بەشێكە لە ئیشی مەجلیسەكە، لەوانەیە موعالەجەی تری بۆ بكرێت لە قانونەكە، ئێمە پێشنیازمان هەیە بۆ موعالەجە كردن، بۆ ئەوەی هەم مودیریات زیاد نەبێت، چونكە ئەو مەجلیسە دیسان لە هەیكەلیەتەكە ئەو ئیشانە دەكات، واتا موعالەجە دەكرێت لە ماددەیەكی تردا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش كەرەم بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**التأسيس والاهداف**

المادة (2): يؤسس مجلس في الاقليم يسمى (مجلس الخدمة العامة في اقليم كوردستان) ويتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري ويمثله رئيسه او من يخوله و يرتبط ببرلمان كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە داین، كە ئەنجومەنی ڕاژە ڕەبت بێت بە ئەنجومەنی وەزیران، نەوەك پەرلەمان، ماددەكەمان صیاغە كردووە بەم شێوەیە:

ماددەی دووەم: لە هەرێمدا ئەنجومەنێك دادەمەزرێت پێی دەگوترێ (ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی لە هەرێمی كوردستان) و كەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و كارگێڕی خۆی دەبێ و سەرۆكەكەی، یاخود ئەوەی دەسەڵاتی پێدەدات نوێنەرایەتی دەكات و بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلكێ.

بە عەرەبیەكەشی بەم شێوەیە:

المادة الثانية: يؤسس في الاقليم مجلس يسمى بـ(مجلس الخدمة العامة في اقليم كوردستان) ويتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري ويمثله رئيسه او من يخوله ويرتبط بمجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی دارایی وەكو لە ڕاپۆرتدا هاتووە، دەربارەی ماددەی دووەم، دەستەواژەی كۆتایی لە (ويرتبط ببرلمان كوردستان) بگۆڕێت بۆ (ويرتبط برئاسة مجلس الوزراء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمانوایە مەسەلەی تەعینات و مەسەلەی تەرقیەو مەسەلەی تەئهیل هەمووی ئەمانە کاری تەنفیزین، کاری پەرلەمان نییە، دەسەلاًتەکانی پەرلەمان هەمووی دیاری کراوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە رەبتی ئەنجومەنی وەزیران بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئەرکانەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەم مەجلیسە، ئەرکی تەنفیزییە، تا ئێستا ئەم ئەرکانە لە وەزارەتی پلاندانان بەشێکی لەدارایی و بەشێکی لە مەجلیسی وزەرا جێ بەجێ دەکرێت، ئەم مەجلیسە هەر هەمووی کۆ دەکاتەوە، بەلاًم ئەرکەکان تەنفیزییە، جەنابیشتان لە ئێمە شارەزاترن، کە ئەرکی پەرلەمان چیە لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی دووەم موداخەلە بکات؟ ناویان دەنووسین، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بکەن، بێریڤان، جلال، شڤان احمد، سیوەیل عثمان، عظیمة، صباح، عبداللە، قادر، فاضل، دلێر، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم، بەوەی ئەو ئەنجومەنە پێویست ناکات بە پەرلەمانەوە ببەسترێ، بە هیچ شێوەیەك، چونکە ئەوە ئەرکی پەرلەمان نیە بۆ دامەزراندن، خۆمان داوای ئەوە دەکەین کە متمانەمان بە حکومەت هەبێ و بە ئیش و کاروباری خۆی هەستێت، پێویست ناکات زۆربەی ئیش لە حکومەت بستێنینەوە و بیدەین بە پەرلەمان، لە ولاًتانی تریش ئەو ئەنجومەنە کە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە شەرحیان کرد، تیکرار مەکەنەوە، رجائەن ئەوەی تەئیدی دەکات و دەست خۆشی دەکات و لیژنەکە داوای کردووە ڕەئی هەردوو لیژنەکە وازحە و بلێ تەئیدیان دەکەم، بۆ ئەوەی وەختەکە ئیستفادەی لێ بکەین، کەرەمکە، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەربەخۆیی دارایی و سەربەخۆیی کارگێری هەیە دەتوانێ هەستێ بە کارەکانی خۆی، لە کاتێك دا پەرلەمان ئەگەر هاتو بینی ناعەدالەتی هەیە، ئەو وەختە پێداچوونەوە دەکات، بۆیە دووبارە دەڵێم پشتگیری دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشگیری لە پێشنیارەکەی هەردوو لیژنە دەکەم کە ئەو دەستەیە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ببەسترێتەوە، پێشنیارێکیشم هەیە، هەرچەندە جەنابت وتت عەرەبیەکە دەکەین بە ئەساس، بەڵام ئیرتبات کراوە بە لکاندن، لکاندن یەعنی (الصاق) لەبەرئەوە ئەگەر بکرێت ئیرتباتەکە بکرێت ئەبەسترێتەوە یان پەیوەست دەبێت یان گرێ دەدرێت لە کوردیەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 2 بەو سیغەی کە هاتووە من هەندێك تاخیر بووم، پێم باشە بەو شێوەیە بێت، (وتتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري) نازانم ئیستقلالی مالی بەو مانایە دێت کە هیچ ئەوە نەبێت، یەعنی نەچێتە بن رقابەی مالی، ئەم ئستقلالی مالیە هەموو هەیئەیەك و هەموو وەزارەتێك و هەموو مودیریە عامەیەك هەیە، لە جیاتی ئیستقلالی مالی بنووسرێت (وله ميزانية خاصة ضمن ميزانية الاقليم والاسقلال الاداري، ويرتبط بمجلس الوزراء) منیش تەئیدی لیژنە دەکەم بە مەجلسی وزەرا رەبت بکرێت، زۆر زۆر دروستە، بەڵام ئەوەی (ويمثله رئيس او من يخوله) من دەیبینم تەحسیلێ حاسڵە ئەوە، بنووسرێ و نەنووسرێت شتێکی ئیزافیە، رەئیس و ئەوەی کە تەخویل دەکرێت دائیمەن کە تەمسیلی ئەو هەیئە دەکات یان ئەو وەزارەتە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

با لە بن دەست کەس نەبێت، ئیستقلالیەتێکی لامەرکەزی هەبێت بۆ ئەوەی بە عەدالەت خەڵکەکە تەوزیعی تەعیناتیان بکات، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم کە حکومەتی دیموکراسی و هەنگاویش دەنێین بەرەو دیموکراسی و قوڵ بوونەوەی دیموکراسی زۆر کەرەت ئێمە پێویستیمان بە زۆر دەستە دەبێ لەمەودوا دروستی بکەن و دەستەی زیاتریش، لە هەمان کاتدا باسی ئەوەش دەکەین کە تەرشیق بکرێت لە حکومەت و وەزارەتەکاندا، لەبەرئەوە من بە باشی دەزانم ئەم ئەنجومەنە سەر بە وەزارەتی پلاندانان بێت، لەبەرئەوەی کە سەر بە وەزارەتی پلاندانان بوو ئەبێتە هۆی کەمکردنەوەی حەجمی ئیداری و نەفەقاتی مالیش کەم دەکاتەوە و بەهەمان ئەرك وئامانجیشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت وەڵلا فکرەکە باشە بەس با جارێ فێر بین پاشان لە موستەقبەل چاکی دەکەین، زۆر سوپاس بۆ جەنابتان، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقریبەن هەموو هەر پشتگیری لە بۆ ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی، بەس بە نیسبەت ئەوەی کاك جلال بە نەزەری ئیعتبار وەردەگرین لە کوردیەکەی، بەڵام بەنیسبەت کاك شڤان کە دەڵێ خازعی رەقابەی مالی دەبێت یان نابێت؟ ئەمەش وەکو هەر دەزگایەکی حکومی خازعی رەقابەی مالی دەبێت، بەڵام مەسەلەی ئیستقلالی مالی و ئیداری شتێکە و مەسەلەی خازع بوون بۆ رەقابەی مالی شتێکی ترە، ئەمە عیلاقەی بە شەخسیەی مەعنەوی هەیە، ئەوە عیلاقەی بەو مەوزوعەوە نیە، بۆیە ئەوەی کاك دلێر بەشێکە لە حکومەت، پێمان باشە لەبەرئەوەی هەموو وەزارەتەکان لەوێ تەعیناتیان هەیە و سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی؟ کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر رەئی خۆمانین کە تەنها گۆڕینەکە ئەوە بێت و ئیرتباتەکەی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت نەك بە پەرلەمان و هیچ تێبینی ترمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ئاخر سیاغەتان؟ کاك شێروان فەرموو.

ثالثاً: تطوير الجهاز الاداري ورفع مستوى الهيكل الوظيفي للاقليم وتطوير كفاءة موظفي الخدمة العامة وتوفير الرعاية الاجتماعية الملاءمة لهم بالتنسيق مع الجهات المختصة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیەكی ئەوتۆمان نیە، تەنها موئەسەساتی ئیقلیم لە فەقەرە 3 داخل بكەین لە دوای (هیكل الوظیفي لمؤسسات الاقلیم).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟، كاك خورشید فەرمووو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی 3 ئەوەلەن پەسەندە، دووەم، لە وشەی الاشراف شوێنەكەی بگۆڕدرێت لە دەستەواژەی یاسایەكەدا بەم شێوەی خوارەوە، (التخطیط والاشراف علی شؤون الوظیفة العامة والرقابة علیها)، لە سێیەم وشەی (تطویر الجهاز الاداری ورفع مستوی الهیكل الوظیفی للاقلیم وتطویر كفاءة موظفی الخدمة العامة وتوفیر الرعایة الاجتماعیة) لێرە بە ڕەئی لیژنەی دارایی و ڕەئی ئێمە ئەو وشەی ئیجتماعیە زیادە و لابردرێت، چونكە جێگای ئێرە نیە، مەعنایەك بۆی نیە بۆ ئەوەی لێرە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر (وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیەكمان هەیە لەسەر ماددەی 3 بڕگەی 2 ((تخطیط شؤون الوظیفة العامة) ئێمە لەگەڵ لابردنی وشەی ڕەقابەین، چونكە ڕەقابە دەزگایەكی تری ڕەقابەمان هەیە، ئەو دەزگا ڕەقابەیە، ڕەقابەی ئیداری و دارایی دەكات و هەیكەلیەتی تەواوی خۆی هەیە و دەستبەكارە، تێ كەڵكردنی ئەمە لەگەڵ مەجلسی خدمە پێموایە (تخطیط شؤون الوظیفة العامة والاشراف علیها) ڕەقابەكە دەزگای تری هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كێ ئەیەوێ لەسەر ئەوماددەیە قسە بكات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن، حمە سعید، جمال، بێریڤان، د.احمد، عبدالقادر، ئارام قادر، ئەڤین، لانە، فاضل، نەریمان، سیوەیل، شوان، شڤان، سەردار، كاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعيد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی ئەمە یەکێك لە ئامانجە ڕەئیسی و گرنگەکانی دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە باسی دامەزراندن و تەعینە، بۆیە من پێشنیاری زیادکردنی دوو خاڵ دەکەم بۆ ئەم ماددیە، خاڵی یەکەم/ وردبوونەوە لە لیستی ئەو کەسانەی کە داوای دامەزراندن دەکەن بە بێ گوێدانە تەزکیەی حزبی و ئینتمای ئایدۆلیۆجی و دینی و مەزهەبی و قەومی و بە بێ واستە و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، بەڵکو بە شێوەیەکی عادلانە و یەکسان و لەسەر بنەمای هاوولاتی بوونی هەرێمی کوردستان و پاشان بەرزکردنەوەی لیستەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە ئامانجێکی ترە و پێموایە ئامانجێکی ڕەئیسیە، ئامانجێکی تر کردنەوەی خول بۆ مەشق و ڕاهێنانی پسپۆری فەرمانبەران بۆ ئاستەکانی بەڕێوبەری گشتی و بەڕێوەبەر و بەرپرسی هۆبە و بەش و یەکە کارگێڕی و دارایی و ژمێریاریەکان، لەو سێ بوارەدا پێویست دەکات تەنمیەی موەزەفینی بکات کە مەسئولی هۆبە و مودیری عامن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەس لە بیرتان نەچێ چوار دەقیقەتان هەیە، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم فەقەراکا دی ئیزافا ڤێرێ بکەن، ئەویش مەبەست لەم ئەنجومەنە نە تەنها تەعینە، مەبەست لێی ئەوەیە کە نەهێشتنی گەندەڵی ئیداریش وابزانم دەکەوێتە ئەو بوارە، بۆیە من پێشنیار دەکەم فەقەرەیەکی تر ئیزافە بکرێت ئەویش (چوارەم/ محاربة الفساد الاداری بکل اشکاله والحد من اشارە) هەرچەندە ئەمە لە دەستەی نەزاهەش هاتووە، بەلأم وابزانم لێرەش چاکتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعيل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی 3 لە بەشی 2 مەبەستمان دامەزراندن و ئامانجە، بەلأم هیچ باسی دامەزراندن لەو ئامانجانە نەکراوە، بۆیە بە ڕەئی من ئامانجی سەرەکی ئەو ئەنجومەنی دامەزراندنە بۆ ئەوەیە فەرمانبەری تازە دابمەزرێت، ئەو ئەنجومەنە تاکە شوێن دەبێت بۆ پێشکەشکردنی کار بۆ فەرمانبەری شیاو لە شوێنی شیاو، چالاککردنی هاوولاتیانە بۆ ئەوەی دەرفەتی کاریان هەبێ و بزانن ئەو شوێنە تاکە شوێنە کە بتوانن داوای کاری لێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على(وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە كە باس لە ئامانجەكان دەكات، لێرە من پێشنیار دەكەم كە ئەو خاڵەی كە كاك جمال ئیشارەی پێی دا (محاربە الفساد المالی والاداری) بۆ زیاد بكرێت، لەگەڵ لابردنی وشەی رەقابە وەكو جەنابی وەزیر ئیشارەی پێیدا (تخطیط الشؤون الوظیفة العامة والاشراف علیها) رەقابە لێرەدا نەبێ، من پێموایە هەندێك تێكەڵی هەیە لە نێوانی ئامانجەكانی ئەم ئەنجومەنە لەگەڵ مەهامەكانی، كە لە ماددەی 8 هاتووە لە فەسڵی 4، لێرە باس لە رەفعی مستەوای وەزیفەی عامە دەكات، (تخطیط الشؤون الوظیفة العامة والاشراف علیها، تطویر الجهاز الاداری، مستوى هیكل الوظیفی للاقلیم و كفاءة الخدمة) ئەگەر سەیری بڕگەكانی ماددەی 8 بكەین، لە فەسڵی 4 لەوێش بە هەمان شێوە لە 3 دەڵێ (تخطیط شؤون الوظیفة العامة والاشراف والرقابة علیها في مؤسسات الاقلیم) لە چوارەم، (اقتراح مشروعات القوانین والانظمة الخاصة بتنظیم وتطویر الشؤون الوظیفة العامة) هەمان شت دووبارە بووەتەوە، لە نۆیەم /اجراء الدراسات والبحوث المتعلقة بتطویر الوظیفة العامة وتقدیم التوصیات فی شأنها الى الجهات المعنیة) دیسانەوە لە دەیەم/ لە كۆتایی دا دەڵێ (لرفع مستوى الخدمه العامه)، یەعنی هەموو ئەو خاڵانەی لێرەدا هاتوونە لە ماددەی 3 لە ئامانجەكانی ئەنجومەن بە جۆرێك لە جۆرەكان لە ماددەی 8 یش دا دووبارە بوونەتەوە، بۆیە من پێشنیار دەكەم یا ئەوەتا ئەوانە لەوێ دەربكرێن یان ئەم فەسڵە تەنها ناوەكەی تەئسیس بێت و ئەهدافەكان لەگەڵ مەهامەكانی تێكەڵ بكرێن، ببنە فەسڵێكی سەربەخۆ بەناوی (اهداف ومهام المجلس)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، عبدالقادر فەرمووو.

**بەڕێز عبدالقادر جميل بازرگان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە فەقەرەی 1 لە ماددەی 3 داهاتووە و تەئكید دەكاتەوە كەوا دامەزراندنی یەعنی دەبێ فورسەتی یەكسانی هەبێ، یەعنی بە سەراحەت ئەوەش شتێكی ئیجابیە، ئەمما ئایا ئەم جۆرە فورسەتە ئیجابیە چۆن دەبێ و بە چ شێوەیەك دەبێ؟ هەروەكو خۆم ئیقتراح دەكەم كە دەبێ دامەزراندن لەسەر ئەساسی شەهادەو خیبرە و پێداویستی دامودەزگاكانی هەرێم بێ و بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی هەر سێ شارەكەی هەرێم بێ، دوو/ دەبێ بایەخ بدرێت بە دامەزراندنی دەرچووانی كۆلێژ و زانكۆكان و لەسەر ئەساسی شەهادە، سێ/ دەبێ بایەخ بدرێت بە دەرچووانی ساڵانی پێشوو لە كۆلیژ و پەیمانگاكان، چوارەم/ ئەبێ بایەخ بدرێت بە دامەزراندنی ئامادەییە پیشەییەكان، چونكە بە سەراحەت چەند ساڵێكە ئامادەیی پیشەییمان هەیە، ئەوانە حكومەتیش ئیحتماڵە پێویستی بەو نەوعە هەبێ، پێنجەم/ بایەخدان بە دامەزراندنی ئەو قوتابیانەی كە لە كۆلیژ و پەیمانگاكان كە تەخەروجیان كردووە كە عەشرە ئەوائیلن،

ئەوانە دەبێ یەکەم ودووەم و سێیەمیان بە تەئکیدی تەعین بن لە زانکۆکانی هەرێم، یەعنی ئەوانی تریش دەبێ بە تەئکیدی تعین بن، چونکە ئەوانە پێیان دەڵێن عەشرەت ئەوائیل، دەبێ بایەخ بدرێت بە دامەزراندن لە دامودەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی، چونکە بە سەراحەت ئێستا هەرێمی کوردستان پێویستیەکی زۆری هەیە بە دکتۆر و ئەوانەی کە لە بواری تەندروستی دا ئیش دەکەن، شەشەم/ دەبێ بایەخ دان بە دامەزراندنی مامۆستایان، خاسەتەن ئەساسی و ئامادەیی، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستان بە سەراحەت پێویستی بە مامۆستا هەیە، بە نیسبەت دەرچوانی کۆلیژ و پەیمانگاکان ئەوانەی فورسەتی دامەزراندنیان حاسڵ نیە لەم ساڵەدا، دەبێ ئەولەویەتیان بدەینێ بۆ ساڵی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەوانە عمومیاتە، تکایە ئەوەی ئەمە ئەساسێکە و تەعلیمات پێی دەدرەچێ و بە نیزام، ئەو شتانە نایەتە ناو قانونەوە، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم هەیە بۆ ئامانجەکان، یەکەم/ دروست کردنی هاوسەنگی لە نێوان سیستەمی مەرکەزیەت و سیستمی لامەرکەزیەت لە بواری خزمەتی گشتی، بەهەماهەنگی لە نێوان پارێزگاکان لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتووان و پێداویستیەکان، ئەوەش لە پێناو ئەوەی کە ئەگەر بێتو سەیری یاسایی پارێزگاکان بکەین لە ماددەی 2 و5 تەئکید لەسەر سیستمی لامەرکەزیەت دەکات لە مەسائیلی ئیداری دا، لە ئیختساساتی ئەم مەجلسەش لە ماددەی 8 بڕگەی 2 باس لەوە دەکات بە حەسری هەموو دامەزراندنێك لەسەر ئەم مەجلسەیە، ئەگەر بێتو وابێت هیچ دەسەڵاتێك بۆ پارێزگاکان نامێنێتەوە، جا بۆ دروست کردنی هاوسەنگی لە نێوان مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت، لە نێوان ئەم مەجلسە و موحافەزات ئەو ئامانجەش زیاد بکرێت، هەروەها پێشنیارێکی تریشم هەیە بۆ دروست کردنی هەماهەنگی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت لە بوارەکانی خزمەتی گشتی، ئێمە لە پرۆژەی بودجەی ساڵی 2011 باسمان لەوە کرد کە میکانیزمێك زیاد بکەین بەوەی کە فەرمانبەران لە کەرتی گشتی نەقل بکرێن بۆ کەرتی تایبەت، هەروەها تەوەجوهێکیش هەیە بەوەی کە ئێمە هەوڵ بدەین ئەوەی کە لە کەرتی تایبەتە لە پاشەڕۆژدا بە خزمەت حساب بکرێ و هەروەها مەسەلەی تەقاعودیشی بۆ دابین بکرێت، لەبەرئەوە پێم باشە ئەو هەماهەنگیە دروست بکرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوو دا کێشە بۆ فەرمانبەران دروست نەبێت بە تایبەتی بۆ ئەم مەجلسەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی بەڕێزت گوتت دروستە بەس لە مەهام لە ماددەی 8 تەقریبەن جێگەی دەبێتەوە، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی هەدەفی ئەساسی لە دامەزراندنی یاخود لە دروست کردنی ئەم مەجلسە سەرەتا بۆ ئەوەیە کەوا فورەسی موتەساوی دورست بکات لە نێوان هاوولاتیاندا یاخود لەوانەی کە دەیانەوێ دابمەزرێن، بۆیە بە ڕەئی من ئەگەر (اتاحة الفرص المتساوية) ببێ بە خاڵی یەکەم، لەبەرئەوە ئەمە هەدەفی ئەساسی دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنەیە، بۆیە ئەگەر بێتو ئەوەڵەن لە (اتاحة الفرص المتساوية و ضمان مبدأ التساوی) ببێ بە خاڵی یەکەم، (ورفع مستوی الوظيفة العامة) ببێتە دووەم و بکرێتە (ورفع تطوير مستوی الوظيفة العامة) تا ئێرە و کۆتایی پێ بهێندرێ، چونکە تەتویری خدمەی عامە خۆی بە یاسایەك و بە ڕێنمایی تەنزیم دەکرێت، بۆیە پێویست ناکات ئێمە لێرە بیکەین بە هەدەفێك بۆ ئەم مەجلسە و لەوێدا زکری بکەی، هەروەها من لەگەڵ ڕەئی وەزیری ڕۆشنبیریم کە باسی ئەوەی کرد لە دووەم دا کە رەقابە هەڵبگیردرێت، بەڵکو ببێتە (تنظيم وتخطيط شؤون الوظيفة العامة والاشراف عليها)، لە سێیەم باسی ئەوە دەکات تەوفیری رەعایەی ئیجتماعی بکرێت، بەڕاستی لێرەدا من پرسیاریشم هەیە و جێگەی گومانە بۆ من ئایا ئەم مەجلسە چ پەیوەندی بە ڕەعایەی ئیجتماعیەوە هەیە؟ یەعنی ریعایەی ئیجتماعی لێرە هیچ باوەڕ بکەم جێگای نیە، بۆیە لابردنی باشترە لە دانانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 3 خاڵی یەکەم هیچ تێبینم لەسەری نیە، بەڵام بە نیسبەت خاڵی دووەم پێشنیار دەکەم کە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، ئەویش بکرێتە (تخطيط و تنظيم شؤون الوظيفة العامة وتقيمها والرقابة والاشراف عليها) بۆ؟ لەبەرئەوەی پێویستە لە هەموو دامودەزگاکانی حکومی بە نیسبەت وەزائفی عامە، یەعنی تەقیم بکرێت ئەو وەزائیفانە وەسفی وەزیفیمان هەبێ و لەگەڵ مواسەفاتی شاغلی وەزیفەمان هەبێ، بۆ خاتری کە ئەو دووانە هەبوو دەتوانین تەقیمی وەزیفەی عامە بکەین هەر چ وەزیفەیەك بێت لە دامودەزگاکانی حکومی، لێرە ئیزافە بکرێت لە پشتی (الوظيفة العامة وتقيمها) بە نیسبەت خاڵی 3 (تطوير واصلاح الجهاز الاداری) یەعنی کە ئەو مەجلسە هەدەفی ئەوەیە و ڕاستە بە پێشکەوتنی جیهازی ئیداری بەس ئیسلاحیشی لەناو ڕووبدات، هەروەها پشتگیری لە لیژنەی دارایی دەکەم کە وشەی خوارەوە (توفير الرعايه الاجتماعيه) هیچ پێویست نیە لەو خاڵەی کە باس کراوە، ئەوە لابردرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 3 بڕگەی یەکەمی باس لە بەرزکردنەوەی ئاستی فەرمانبەریەتی دەکات، نازانم ئەو بەرزکردنەوەیە ئەگەر مەبەست لێی بەرزکردنەوەی مستەوای فەرمانبەر بێت، پێموایە ساڵانە بە دەیان هەزار دادەمەزرێ، چونکە جێگاکەی دیاری نەکراوە، ئایا دەورات دەبێ و لە ماددەی 4 باسی بڕوانامەی زانکۆ دەکات ئەوەی کە دەرچووی زانکۆ بێت بە تەئکید لە بوارێك دا پسپۆری هەیە، لێرەش باسی ئاستی بەرزکردنەوەی فەرمانبەریەتی دەکات، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو خاڵە لە ماددەی 3 ڕوون بکرێتەوە و تەوزیحی زیاتری لەسەر بدرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتگیری لە ڕای کاك حمە سعید دەکەم بەوەی کە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم مەجلسە دەبێ تەحقیقی مساوات بێت کە ئەویش بێ لایەنیە، بەڕاستی ئەو خاڵەی کە فەرمووی پێم باشە ئیزافە بکرێ و خاڵی دووەمیشی کە فەرمووی دەورات، بەڵێ دەوراتیش پێویستە بەوەی یەکێ لە ئامانجەکان بێ بۆ تەتویری ئیدارە، هەروەها پشتگیری لە بۆچوونەکەی مامۆستا جمال دەکەم سەبارەت بەوەی کە گەندەڵی ئیداری پێویست دەکات بەڕاستی ئامانجی ئەم مەجلسە بێ، (ومکافحە الفساد الاداری والملاك) لەبەرئەوە تایبەتە بە میلاکات ئەم مەجلسە فەسادی و ناتەبیعیەکی خراپی لە هەرێمی کوردستاندا لە میلاك دا هەیە و لە تەوزیعاتیش دا هەیە، من پێم باشە ئامانجێکی تر بۆ ئەم مەجلسە زیاد بکرێت کە بتوانێ بە شێوەیەکی باش ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێ و تەحقیقێکی ترە بۆ یەکسانی کردن لە نێوان هاووڵاتیان و بەندێکی بۆ زیاد بکرێت و (یهدف المجلس الی مایلی: یەکێك لە خاڵەکانی تر کە بۆی زیاد بکرێت (تحقیق حکومة المواطنة فی جمیع مجالات التعین) بەڕاستی ئێمە پێویستمان بە حکومەتی مواتەنە وهاووڵاتی بوون هەیە کە یەکسانی دابین بکات، هەروەها لە ماددەی 3 لە بڕگەی 1 بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە یەکسانی دابین بکات ئەم بەڕێوبەرایەتیە لەو ئامانجەی لە بڕگەی 1 ی دا لە کۆتاییەکەی دا کە دەڵێ مسۆگەرکردنی بنەمای یەکسانی بۆ ئەوانەی شیاوی وەرگرتنی ئەوەن، بەڵام پێوەرێك زەرورە لێرە دروستی بکەین بڵێین تەنها پێوەریش توانا و لێهاتوویی و گونجاوی شارەزایی و پێویستی کەسەکان بێت بۆ دامەزراندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە وا تەسەور دەکەم ئەگەر بڵێین ئەو مەجلسە دابمەزرێ و وابزانم مەجلسێکی نوێ نیە لەبۆ تەعینات ئەگەر نازانم بەڕێز وەزیر بتوانی جواب بداتەوە، وەلەو بۆ موسائەلە نیە، بەس وابزانم ئەوانەی کەسانی پسپۆرن لەو مەجلسە دادەندرێ، واتە پێشتر خیبرەیان هەیە و کەفائەیان هەیە، ئەگەر ئەمە تەعینێکی نوێ لێرە دابنێین وابزانم نە خیبرەی هەیە و نە کەفائەی هەیە و چۆن ئەو خاڵانە دەیگرێتەوە؟ (تطویر كفاءة موظفی الخدمة العامة) و ئەوانە، بە تەسەوری من وایە جا نازانم ئەوە بەڕێز وەزیر دەزانێ، بە نیسبەت دووەم (تخطیط شؤون الوظیفة العامة) ئەگەر رەقابە لابردرێ، رەقابە ئیشی دیوانی چاودێری دارایی و پەرلەمانە، بە نیسبەت سێیەم وەك هاوکارم کاك نەریمان باسی کرد لە 3 (تطویر الجهاز الاداری و رفع مستوى الهیكل الوظیفی للاقلیم و تطویر كفاءة موظفی الخدمة العامة وذلك بفتح دورات تأهیلیة.........) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 3 لە بڕگەی 1 (رفع مستوى الوظیفة العامة وتطویر الخدمة العامة واتاحة الفرص المتساویة وضمان مبدأ المساوات) مەبدەئێکی زۆر گرنگ ترمان هەیە لە پاڵ مەبدەئی مساوات مەبدەئی کەفائە، ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێت، بڕگەی 2 (تخطیط شؤون الوظیفة العامة والرقابة و الاشراف علیها) ئەم مەجلسە حەقیەقەتەن دەورێکی رقابی هەیە لە ماددەکانی دیکەدا هاتووە تەقیمی جانبی ئیداری دەکات، بۆیە رقابە لێرە مێنێتن، من لەگەڵ ئەوەم ئەو دەورە ریقابیە هەر هەبێت، بڕگەی 3 لە ئاخر دێڕ کە (وتطویر كفاءة موظفی الخدمة العامة وتوفیر الرعایة الاجتماعیة) ئەمە ئەم تەوفیرە لە پێش ئەوە وەکو شتێکی حەتمیە، بەڵام (والعمل على.....) یەعنی ببێتە ئەوەی کار بکرێت بۆ ئەوەی تەوفیری ریعایە

ئیجتماعیەکە پێویست ناکات (الرعاية الملائمة لهم...)، (بالتنسيق من الجهات المختصه) ئەوە پێویست ناکات ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، یەعنی لە ئالیەتی ئیش کردنە ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئامانج جگە لە دامەزراندن بەشێوەیەکی دادپەروەری من پێشنیار دەکەم دیارە حکومەت تووشی هەلاوئاسان و تەزەخومێك هاتووە لەڕووی دامەزراندنەوە و بێ کاریەکی شاراوە و ترسناك لە دامودەزگاکانی حکومەت دا هەیە کە زۆرێك لەو دامەزراندنانە کاری وەبەرهێن ناکەن، بۆیە حەقە لێرە بەڕاستی موعالەجەی ئەو تەزەخوم و ئەو حاڵەتەش بکەن کە حکومەت تووشی هاتووە ببێتە یەکێ لە ئامانجەکانی ئەم دەستەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە  خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دزانین ئەهدافا ڕەنگڤەدانا سەر مەهاما و مەهاما ژی ڕەنگڤەدانا هەی لسەر ئەهدافا، ژ بەر هەندێ ژی ئەز دگەل پێشنیارا یا کاك سەرداریمە، مادام سیاسەتا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بۆ تەرشیق کردنێ پێتڤیا ئەم هەدەفێ لڤێرێ دا بهێتە دیار کرن، دروست کرنا حکومەتەکا بچووك کراوی شیاو یەك لە ئەهدافەکان بێ، هەدەفەکا دی ژی کو ل ڕاپۆتایا لیژنا یاسایی دا زۆر ئاماژە پێدای، مەواردێت بەشەری لڤێ درکێ پێتڤیا  ئێك ژ وان خالا بهێتە زێدە کرن، ڕێکخستن و دانانا ستراتیژیەتا مەواردێت بەشەری، یا دی تر ئەز دگەل لیژنایا دارایی مە کو ئەڤ ڕیعایە ئیجتماعیە لابچیت، چونکو ل خالا 3 دای هاتی کو وەزیفا عام کو رەقابە وئیشراف، وە ئەز دگەل هەندێمە کو رەقابە بمینێتەڤەوە، هەرچەندە هندەك هەڤالا لڤێرێ ئیشارەت پێ دای، چونکو ئەم دزانین کو ڕێکارێت یەت ئیداری تەختیتە و تەنزیمە و تەوجیهە و موتابەعە و تەقیمە، ژ بەر هەندێ ژی ئەڤ رەقابە هەرچەندە مەهاما ژی دایا هاتی مە گۆتی ژی ڕەنگڤەدانا مەهاما سەر ئەهدافا ژیا هەی، پێتڤیا ل ڤێ دا ئەڤ رەقابا ژی بمینیتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمه پێش ئەوەی بچینه سەر ئەو مولاحەزاتانەی کە درا، لێرە ئێستا ڕەئیەك دروست بوو کە جۆرە تەداخولێك هەیە بەینی ماددەی 3 و ماددەی 8، ئێمە لە زۆر لە یاساکان مەهاممان بە جیا هێناوە و لە هەمان کات دا ئەهدافیشمان بە جیا هێناوە، بەڵام لە زۆر لە یاساکانیش دا وتوومانە یتولی فلان هەیئە (المهام والاهداف الاتية) هەردووکیشمان دەمج کردووە، لێرە ئێستا ئێمە لە فەسڵی دووەم ئێمە تەسویتمان کرد لەسەر عینوانی فەسڵەکە کە دەڵێ (التأسيس والاهداف) تەئسیسەکەمان کرد، مەعنای وایە ئەهدافەکە ماوە لێرە، بەینەما کە دەچیە ماددەی 8 لەوێ دەڵێ (مهام المجلس) کەواتە ئێمە دەبێ لێرە چارەسەری مەسەلەکە بکەین، نەك لە ماددەی 8، چونکە ئێرە هەتا ئێستا تەسویتمان لەسەری نەکردووە، دەبێ ئێمە لێرە بڵێین (يتولى المجلس الاهداف والمهام الاتية) ئینجا ئەگەر جۆرە تەداخولێك هەبێ بەینی هەندێ بڕگەکانی ئێرە لەگەڵ بڕگەکانی ماددەی 8 ئینجا عیلاجی بکەین پێش ئەوەی وەڵامی ئەو بەڕێزانە بدەینەوە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕئەیتان؟ کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دیارە کە تێکەڵاویەك هەیە لە مابەینی ئەهداف و مەهام لەبەرئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەین ڕێکی بخەین بۆ ئەوەی تەعاروز دروست نەبێت و دووبارە لە یاسا نەبێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێکڕای ئەوەی کە پێی دەڵێین ئەهدافەکان، ئەو ئەهدافانە بنەمایەك وئەساسێکە، لەسەر ئەساسی ئەو ئەهدافانە ئەو مەبەستەی کە دەمانەوێ جێ بەجێ ی بکەین ئەو ئەنجومەنە کۆمەڵێك ئەرکی بۆ مەهام جێ بەجێ دەکات، واتە لێرە ئەهدافەکان کە توانراوە جیا بکرێتەوە هەڵبەتە بنەمایەکە، هەر هەدەفێك مەسەلەن هەدەفی یەکەم چوار خاڵ بگرێتەوە لە مەهامەکان، هەدەفی دووەم کۆمەڵێ خاڵی تر بگرێتەوە لە مەهامەکان، لەبەرئەوە ئەو تێبینیانەی کە جەنابیان باسیان کرد لە بەڕێزان هەمووی تێبینی وردە، بەڵام دەمێنێتەوە ئەساسەکەی هاتووە، مەسەلەن ئەگەر باسی کەفائەت بکرێت، کەفائەت زەروریە، بەڵام کەفائەت معیارە، بەڵام ئەساسەکە موساواتە، مەبدەئەکە موساواتە، لەبەرئەوە ئەهدافەکان لە چوارچێوەی مەبادئی گشتی بمێنێتەوە باشە، بەم شێوەیە موتەناقزیش نابێ لەگەڵ ئەوانەی تر کە لە مەهامەکان هاتووە، لە هەدەفەکاندا مەسەلەن هەدەف هاتووە بەگشتی، (مستوى الوظيفة العامة) بەڵام لە وردەکاریەکان دا چۆن ئەمە بەرز دەکەینەوە بە (تنفيذ قانون المدنية والملاك) دەچێتە هینەکانەوە تەعین و ئیعادەی

تەعین، لێرە شتە گشتیەکان هاتووە، بەلاَم لە  مەهامەکاندا وردەکاریەکان دێت کە تۆ چۆن ئیشەکان جێ بەجێ دەکەی، ئەو ئەهدافان جێ بەجێ دەکەی، لەبەرئەوە ئێمە پێمان وانیە کە موتەناقزێك هەیە، جگە لەوە ئەو تەعدیلاتانەی کە لیژنەی قانونی کردوویەتی، تەعدیلاتی لیژنەی قانونی نەك ئەوەی لە مەتنەکە دا هەیە، ئەوەی لیژنەی قانونی کردوویەتی تەعدیلاتەکان ئەگەر ئەوە ئیقرار بکرێت لە مەهامەکان دا دەگونجێ لەگەڵ هەدەفەکاندا، یەعنی نەك ئەوەی کەلە مەتنەکەی هەیە، لە دراپتی یەکەم دا هەیە، بەلاَم ئەو تەعدیلاتانەی کە لیژنەی قانونی کردوویەتی لەسەر پرۆژەی قانونەکە گونجاندوویەتی کە مەهامەکان وردبکاتەوە  لەگەڵ هەدەفەکانیش دا ناکۆك نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی پێشنیارێك هەبوو کە کاك حمە سعید کردی و کاك نەریمان پشتیوانی لێی کرد، وەڵامتان بۆی نەبوو ڕەئیتان لەسەری؟ کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە تێی گەیشتین مواتەنە و تەعینە، هەموو مواتنێك بە نیسبەت تەعین مساواتی تێدایە، ئەوە نەسێکی دەستووریە، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، بەلاَم معیار و زەوابتەکە دەمێنێتەوە بۆ ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخر سیاغەتان بخوێننەوە؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت 2 ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە ریقابە هەڵبگیردرێت، بەلاَم ئەوەی جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێیدا بە نیسبەت تەوفیری ریعایەی ئیجتماعی تەئکید لەوە دەکات کە بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی تەوفیری ریعایەی ئیجتماعی لە بۆ موەزەفین لە وەزارەتی داراییش هەیە و لە ئەنجومەنی وەزیرانیش هەیە، ئەگەر لێرە تەئکیدی لەسەر بکرێتەوە مەبەستەکە ئەوەیە، جا من وای تێ گەیشتم نازانم؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ریعایەی ئیجتماعی بەڕەئی ئێمە لە سەرۆکایەتی هیچ عیلاقەی بەو دەزگایەوە نیە، بۆچی؟ هەر دوو شتی جودان، کاك خورشید فەرمووو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمەش لەگەڵ ئەوەین وشەی رەقابە هەڵگرین، بەلاَم  مەسەلەی ریعایەی ئیجتماعی ئێمە سورین لەسەر رەئی خۆمان وەکو لیژنەی دارایی ئەو ئیجتماعیە هیچ جێگای لێرە نیە و کە دەڵێین ریعایەی

ئیجتماعی شتی تر به بیرمان دێنێتەوە، ئیحتماله موشەریع مەبەستێکی هەبێ، بەڵام ئەو مەبەستە کە لێرە دەخوێندرێتەوە ریعایەی ئیجتماعی بەدی ناکرێت، یەعنی دیار نابێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت مەسەلەی ریعایەی ئیجتماعی ئێستا فەرمانبەر کە پێویستی لە دەرەوەی سنووری ئەو مووچەیەی کە هەیەتی کە پێویستی بە شتێك بێ کە بچێتە قاڵبی ریعایەی ئیجتماعیەوە و یارمەتی دان بێت دوو سەرچاوەی هەیە، هەندێ دەسەڵات هەیە سەرچاوەکەی دەچێ بۆ دارایی، هەندێکیش هەیە ودەچێ و دەبێ موافەقەی ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ بکرێت، لەم حاڵەتە کە ئەم حاڵەتە بەردەوامە، جاری واهەیە فەرمانبەرێك کە تووشی حادیسەیەك دەبێ جاری وا هەیە فەرمانبەرێك نەخۆشی تایبەتی دەبێ، ئەم حاڵەتە ریعایانە کە ئێستا مومارەسە دەکرێ لەلایەن وەزارەتی داراییەوەو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەگەر لێرە لە مەجلسی خدمە دابێ ئەو ئەرکە دەچێتە مەجلسی خدمەوە ئیشێکی تەنفیزی مەجلسی خدمە دەبێ و لە سنووری ئەو دوو وەزارەتە نامێنێتەوە، یەعنی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران نامێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست موداخەلەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەس لە ئێمە دژی ئەوەنیە کو فەرمانبەرێك فائیدەی لە ریعایەی ئیجتماعی بکات، بەس مەعنای ئەوە نیە کە وەزارەتی مالیە، یان ئەنجومەنی وەزیران ئەو شتە بکات و لازمە تابعی مەجلسی خدمە بێت، مەجلسی خدمە دوو ئیشی سەرەکی هەیە، تەعینات و تەرقیە و تەرفیع و تەتویری وەزیفە، ئەو ئیشە زۆر دوورە لە ئیختساسی مەجلسی خدمە، لەبەرئەوە بەڕەئی من عیلاقەی لەگەڵ ئەو ئەنجومەنی نیە، مەفروزە لێرە نەمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان ئاخر سیاغەتان و ئەوەی رەقابیەکە کە داوا کرا لابچێت لەگەڵ ئەوەی ریعایەی ئیجتماعی ئەگەر موراعاتی بکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەرەتاوە وتمان ئێمە لەگەڵ ئەوەین ریقابەکە لابچێ، (توفیر الرعایە الاجتماعیە) (الاجتماعیە)یەکە لابچێ، ئەگینا (توفیر الرعایە الملائمە لهم) بۆ مەسائیلی تەعینات ئەوە نازانم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێك هەیە کە ریعایەی ئیجتماعی لێرە جێگەی نیە و لابچێ و بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە دوو بەڕێز دەمانەوێ لەسەری قسە بکەن، بۆچی لابچێ و دووانیش بۆچی بمێنێتەوە؟ کاك فرست و کاك شوان دەیانەوێ لابچێت، ئەوەی دەیەوێ بمێنێت، عظیمة نجم الدین و کاك کاردۆ، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ بمێنێ، عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوە کاریگەری خۆی دەبێت لەناو ئەو یاسایە دا ریعایەی ئیجتماعی، لەبەرئەوەی تۆ ئەو کەسانەی کە بۆ دامەزراندن پێشکەش دەکەن کە دابمەزرێن ئیحتمالە ئەوە کەسێ بێ کە تەخەروجی کردبێ و داوای دامەزراندن بکات، بەڵام لەڕووی ئەوەی کە موقابەلە دەکرێت یان کەسێکی شیاو بێ و شیاو نەبێ بۆ دامەزراندن، نە لەڕووی دەروونیەوە نە لەڕووی جەستەییەوە ئەگەر بە پێی ئەو پرۆژە یاسایەی کە لە چەند خاڵێك دا تیایەتی لە ماددەی $8$ دا، بەڵام دەتوانین لەڕێی ریعایەی ئیجتماعیەوە ئەو کەسە ئەگەر شیاوی دامەزراندنیش نەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە لە وەزارەتی کار بێ یان خۆیان، من پێم وایە ئەوە بوونی زەرورە لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی کە داوای دامەزراندن دەکەن لەڕووی دەروونی و لەڕووی جەستەییەوە ئیحتمالە کەسانێك هەبن کەشیاوی دامەزراندن نەبن لەناو دەمودەزگاکاندا من بە پێویستی دەزانم بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە پێداویستی بەرزکردنەوەی ئاستی توانا و پسپۆری و هەموو ئەو پێداویستیانەی کە دەکەوێتە سەر دامەزراوەکە پێویستی بەوەیە ئەم دامەزراوەیە ئەو چاودێرە کۆمەڵایەتیەشی وەزیفەدارەکە بکات کە من پشتیوانی بۆچوونەکەی بەڕێز وەزیر دەکەم کە پێموایە مادام پەیوەندارە بە ئامانج، ئامانجمان پەرەسەندن و دابین کردنی پێداویستیەکانە، پێویستە ئەم جیهازە ئەم بەرنامە و ئەو نەخشەیەی هەبێ کە خزمەتی وەزیفەداری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئیزافەم نیە لەسەر قسەکانی خۆم و تیکراریش مەمنوعە، بەڵام من دەڵێم ریعایەی ئیجتماعی ئەرکەك و ئارمانجەکی پیرۆزە، بەس ئیعترازم لەسەر ئەوەیە ئەوە ئیشی مەجلسی خدمەی نیە، ئیشی دەزگایەکانی ترە، چ وەزارەتی مالیە بێت، چ ئەنجومەنی وەزیران بێت، چ دائیرەیەکی تایبەت بێت، ئیعترازم هەر موجەرەد لەسەر ئەوەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تیکرار نیە، ئەمە دیفاعی موستەقیلە لە هەردوو تەرەف حەقی خۆتە ڕەئیەکەی خۆت بە تەواوی بدەی، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەقاو دەق پشتگیری کاك فرست دەکەم، ئەگەر مەسەلەکە لێرە (توفیر الرعایە الاجتماعیە) بێت بە مەعناکەی خۆی، ئێمە یەکەم شت وەزارەتێکمان هەیە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیە، ئەمە یەك، ئەگەر بەو مەعنایە بێت کە لێرە هاتووە، دوو/ ئەگەر تەوفیری ریعایەی ئیجتماعی بێت بۆ فەرمانبەر بەڕێز وەزیر بۆ خۆی ڕوونکردنەوەیەکی دا من پێموایە دەعمی بۆچوونەکەی ئێمەیە کە نەمێنێ، ئەویش کە دەڵێ لە دەرەوەی مووچەی فەرمانبەر هاوکاری فەرمانبەر دەکرێت، هەموو ئەو وەزارەتانە خۆی وتویەتی وەزارەتەکان و وەزارەتی مالی و هەموو وەزارەتەکانی تریش ئەو وەزیفەیە دەبینن کە یارمەتی فەرمانبەرێك لە کاتی پێویستی دا لە دەرەوەی وەرگرتنی مووچەکەی خۆی و لە حاڵەتی تایبەت دا، باشە کە من وەزارەتەکان ئەو ئەرکە جێ بەجێ بکەن بۆچی ئەو ئەرکە لە وەزارەتان بسێنمەوە و جارێکی دیکە بیدەمە دەست شوێنێکی تر؟ کە بۆ خۆی لە بنەڕەتدا ئەو ئەرکە تا ئێستا هەیە و جێ بەجێ کراوە، ئەو وەزارەتانەش پێی هەستاون، لەبەرئەوە من پێموایە ئەوە ئەو لەو دەقە نەمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا هەر دوولا قسەی خۆتان کردو ڕەئی خۆتان دا بۆ ئەوەی کە ریعایەی ئیجتماعی لابچێت جەنابی وەزیر ئاخر موداخەلەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر (وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەو خاڵە نەبوو کە من باسم کرد، ئەوە یەکێك بوو لە خاڵەکان، ........ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوایی دێین، ئێستا ئێمە لە پێش دەنگدان داین، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە، (اجراء المسوحات والدراسات والاحصاءات وتقديم المقترحات المتعلقة بتحقيق التوازن بين هيكل الرواتب وبين المستوى المعيشي العام)، ئەمە بەشێكە لە هەدەفی ریعایەی ئیجتماعی، ئەمەش هەر بەشێكە لە هینە، (تكاليف المعيشة واسعار السلع) ئەمە موهیمەیەكە لە موهیمەی مەجلسی خدمە داندراوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێزان وازح بوو بۆتان، نیزامی نیە لەناو دەنگدانە، تەواو، هەردوولا قسەی خۆتان كرد، كێ لەگەڵ ئەوەیە ریعایەی ئیجتماعی كە لە سێیەم هاتووە لێرە لابچێ؟ تكایە كێ لەگەڵ ئەوەیە لابچێت دەست بەرز بكەنەوە؟ 35 بەڕێز لەگەڵە لابچێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە؟ 33 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە، لاچوو، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەسەر رەقابە؟ ئاخر سیاغەتان رەقابەی لەگەڵە یان نا؟ ئەگەر لەگەڵ نەبێ بیخەینە دەنگدانەوە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە دابووین كە رەقابە لابچێت لە بڕگەی 2 داو لە هەمان كاتدا لە (ثالثا/ رفع مستوى الهيكل الوظيفي لمؤسسات الاقليم) موئەسەسات ئیزافە بكرێت، ئەگەر ئیجازەمان بدەی ماددەكە دەخوێنینەوە دوای ئەو گۆڕانكاریانەی كە بەسەری داهاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كەرەمكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: يهدف المجلس الى مايلي:

أولاً: رفع مستوى الوظيفة العامة وتطوير الخدمة العامة وإتاحة الفرص المتساوية وضمان مبدأ المساواة للمؤهلين لاشغالها.

ثانياً: تخطيط شؤون الوظيفة العامة والاشراف عليها.

ثالثاً: تطوير الجهاز الاداري ورفع مستوى الهيكل الوظيفي لمؤسسات الاقليم وتطوير كفاءة موظفي الخدمة العامة لهم بالتنسيق مع الجهات المختصة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ 53 بەڕێز لەگەڵە دایە، كێ لەگەڵ دانیە؟ 7 بەڕێز لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی 4 كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**پەیكەری ئەنجومەن و میكانیزمی كار**

**ماددەی 4**

**یەكەم/ ئەنجومەن پێك دێت لە سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی و حەوت ئەندام خۆ تەرخانكەر كە بەلای كەمەوە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بن، دوانیان خاوەن بڕوانامەی یاسا و دوانیان خاوەنی بڕواننامەی كارگێڕی و ئابووری و یەكێك لەهەریەك لە پزیشكی و ئەندازە و كشتوكاڵدا.**

**دووەم/ أ ـ سەرۆكی ئەنجومەن بە پلەیەكی تایبەت دەبێت.**

**ب ـ جێگری سەرۆكی ئەنجومەن و ئەندامانیش بە پلەی بەڕێوبەری گشتی دەبن.**

**سێیەم/ ئەنجومەنی وەزیران سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی و ئەندامانیش بە گوێرەی ئەو مەرجانەی لەم یاسایەدا هاتوون كاندید دەكات و دەبێ پەرلەمانی كوردستانیش ئەرێی بكات.**

**چوارەم ئەو كاندید كردنە لە بڕگەی 3 یەمی ئەم ماددەیە دا هاتووە بە گوێرەی ئەم میكانیزمەی دادێت دەبێت:**

**أ ـ ئەنجومەنی وەزیران لە هەموو دەزگاكانی بینراو و بیستراو و خوێندراوی ڕاگەیاندنەوە دەرگای پێشكەش كردن بۆ ماوەیەك كەلە 30 ڕۆژ زیاتر نەبێت دەكاتەوە.**

**ب ـ ئاگاداریەكە هەموو ئەو مەرجانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەگرێتە خۆ.**

**پێنجەم: دەبێ سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی و ئەندامان ئەم مەرجانەیان تێدا بێت كە دادێن:**

**أ- دەبێ خاوەن شیان و شارەزایی بێت كە كە شیاوی وەرگرتنی كارەكە بێ و لەوانەش بێ لە بواری پسپۆریەكەی خۆیدا بە لایەنی كەمەوە خاوەنی 15 ساڵ خزمەت بێت دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرایی زانكۆ، بۆ ئەوانەی بڕوانامەی (ماجستێر) ماوەی خزمەتەكە 12 ساڵ دەبێت و بۆ ئەوانەی بڕوانامەی (دكتۆرا)شیان هەیە ماوەی خزمەتەكە 10 ساڵ دەبێت.**

**ب- نابێ تەمەنی لە 37 ساڵ كەمتر بێت.**

**ج- دەبێ ژیاننامە و ڕەفتاری باش بێت.**

**د ـ نابێ بە تاوان یان كەتنێكی ئابڕوبەر حوكم درابێت.**

**شەشەم : سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی یاسا بۆ ماوەی پێنج ساڵ کە بۆ یەکجار قابیلی تازە کردنەوەیە دادەمەزرێن.**

**حەوتەم : سەرۆکی ئەنجومەن هێندەی پەیوەندی بەکاروباری کارگێڕی تایبەت بە ئەنجومەنەوە هەیە دەسەڵاتی وەزیری هەیە.**

**هەشتەم/ سەرۆکی ئەنجومەن یان جێگرەکەی یان هەر ئەندامێکی ئەنجومەن لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران و ئەریَ کردنی پەرلەمانی کوردستان لادەدرێت بە پشت بەستن بە ناتوانایی یان سەر ڕاستی یا پێشێلکاری مەزن لە ئەرکەکانی وەزیفە و بە پێی یاساش لە دەستکەوتەکانی ئەم کارەی پێی سپێردراوە بیَ بەش دەکرێت لە کاتی دەرچوونی بڕیاری لادانەکە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**هيكل المجلس وآلية العمل**

**المادة (4):**

**أولاً- يتكون المجلس من رئيس المجلس و نائبه و سبعة أعضاء متفرغين ومن حملة شهادة جامعية أولية على الاقل يكون (2) اثنان منهم من حملة شهادة القانون و (2) اثنان منهم في الادارة والاقتصاد و واحد في كل من الطب والهندسة و الزراعة.**

**ثانياً- أ/ يكون رئيس المجلس بدرجة خاصة.**

**ب/ يكون نائب رئيس المجلس والاعضاء بدرجة مدير عام.**

**ثالثاً- يرشح مجلس الوزراء رئيس المجلس ونائبه والاعضاء وفقاً للشروط الواردة في هذا القانون ويخضع لمصادقة برلمان كوردستان.**

**رابعاً- يكون الترشيح الوارد ذكره في الفقرة (ثالثاً) من هذه المادة وفق الآلية الآتية:**

**أ-يعلن مجلس الوزراء عن فتح باب التقدم في جميع وسائل الاعلام المرئي والمسموع والمقروء، ولفترة لا تزيد على ثلاثين يوماً.**

**ب-يتضمن الاعلان كل شروط المرشحين الواردة في هذا القانون.**

**خامساً- يجب ان يتوفر في رئيس المجلس ونائبه والأعضاء الشروط الآتية:**

**أ-ان يكون من ذوي الخبرة والكفاءة التي تؤهله لشغل الوظيفة و ممن له خدمة في مجال اختصاصه مدة لاتقل عن 15 سنة بعد الحصول على الشهادة الجامعية الاولية. وتكون مدة الخدمة (12) اثنى عشرة سنة للحاصل على شهادة الماجستير و (10) سنوات للحاصل على شهادة الدكتوراه.**

**ب- أن لا يقل عمره عن (37) سبعة وثلاثين سنة.**

**ج- أن يكون حسن السيرة والسلوك.**

**د-** أن لا يكون محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف.

**سادساً-** يعين الرئيس ونائب الرئيس و أعضاء المجلس وفقاً للقانون لمدة (5) خمس سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.

**سابعاً-** يمارس رئيس المجلس صلاحية الوزير المختص فيما يتعلق بالشؤون الادارية والمالية الخاصة بالمجلس.

**ثامناً-** يعزل رئيس المجلس أو نائبه او أي من أعضاء المجلس بناءً على اقتراح من مجلس الوزراء ومصادقة برلمان كوردستان استناداً الى عدم الكفاءة أو الاستقامة أو الاخلال الجسيم بواجبات الوظيفة ويحرم من امتيازات الوظيفة المعين فيها بموجب القانون في حالة صدور قرار العزل.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە مادده 4 بەم شێوەیە، یەكەم/ لیژنە پێشنیاز دەكات باسی پسپۆراتی نەكرێت تەنها بگوترێ بڕوانامەی زانكۆیی هەبێ بەبێ ئەوەی باسی پسپۆرایەتیەكان بكرێت، دووەم/ لیژنە پێشنیاز دەكات كە سەرۆكی لیژنە بە پلەی بریكاری وەزارەت بێت وە جێگری سەرۆكیش بە پلەی تایبەتی أ و ئەندامانی ئەنجومەنیش بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بن، سێیەم/ لیژنە پێشنیاز دەكات گوزارەی (وە ملكەچ دەبێ بۆ پەرلەمان) لابدرێت كە لە كۆتایی بڕگەكە هاتووە و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە (سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی و ئەندامەكانی بە پێی ئەو مەرجانەی لەم یاسایە داهاتوون دەپاڵێوێ، خاڵی چوارەم لیژنە هیچ تێبینیەكی لەسەری نیە، خاڵی پێنجەم لیژنە پێشنیاز دەكات (أ) گوزارەكردن و كارتێدا كردنی لە دوای وشەی ڕاژە زیاد بكرێت و ماوەی ڕاژەكە لە 10 ساڵ كەمتر نەبێ و لە جیاتی 15 ساڵ و سەبارەت بە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر دوو ساڵ داشكێندرێ و پێنج ساڵیش بۆ هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرا كەم بكرێتەوە، ب ـ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕگەیە، چونكە پێویست بە مەرجی تەمەن ناكات، بەڵكو ئەوەندە بەسە كە لە بڕگەی 5 هاتووە لە مەرجی ساڵەكانی ڕاژەدا هاتووە، شەشەم و حەوتەم لیژنە هیچ تێبینیەكی لەسەری نیە، هەشتەم/ ئەم بڕگەیە هەڵوەشێتەوە، چونكە لەوێ ڕێسای گشتی هەیە كە ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەكات، لیژنە پێشنیار دەكات كە كۆی ماددەكە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

یەكەم/ ئەنجومەن پێك دێت لە سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی و حەوت ئەندامی خۆ تەرخان كەر پێك دێت لەوانەی بڕوانامەی بەرایی زانكۆیان لەم پسپۆریانەدا هەبێ كە پەیوەندی بەكار و ئەركی ئەنجومەن هەبێ.

دووەم/ أ ـ سەرۆك بە پلەی بریكاری وەزارەت دەبێ.

ب ـ جێگری سەرۆك بە پلەی تایبەت دەبێ و مووچەی تایبەتی (أ) وەردەگرێ.

ج ـ ئەندامانی ئەنجومەن بە پلەی بەڕێوبەری گشتی دەبن.
سێیەم/ ئەنجومەنی وەزیران سەرۆك و جێگرەكەی و ئەندامانی بە پێی مەرجەكانی لەم یاسایەدا هاتوون دەپالێوێ.
چوارەم/ ئەو پالاوتنە كە لە بڕگەی 3 یەمی ئەم ماددەیە دا هاتووە بە پێی ئەم میكانیزمەی خوارەوە دەبێت.
أ ـ ئەنجومەنی وەزیران دەرگای داوا پێشكەش كردن لە هەموو هۆبەكانی ڕاگەیاندن (بیستراو وبینراو وخوێندراو) بۆ ماوەیەك لە 30 ڕۆژ زیاتر نەبێت ڕادەگەیەنێ.
ب ـ ڕاگەیاندنەكە كە هەموومەرجەكانی پالاوتنی كە لەم یاسایەدا هاتوون ڕادەگەیەنێ.

پێنجەم : پێویستە ئەم مەرجانەی خواراوە لە سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی و ئەندامان بێنە دی:

أ- دەبێ خاوەن شارەزایی و شیاوی وابێت كە كە وای لێ بكات ئەم فەرمانە بەڕێوە ببات خزمەتگوزاری كردن و كاركردنی لەبواری پسپۆریەكەی دا هەبێ كە لە 10 ساڵ كەمتر نەبێ و دوو ساڵ لەو ماوەیە بۆ خاوەن بڕوانامەی ماستەر و پێنج ساڵیش بۆ خاوەن بڕ انامەی دكتۆرا كەم بكرێتەوە.

ب- دەبێ خوڕەوشتی باش بێت.

ج- نابێ بە تاوانێك یان كەتنێكی ئابڕووبەر حوكم درابێت.

شەشەم : سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی یاسا بۆ ماوەی پێنج ساڵ دادەمەزرێن و قابیلی نوێ كردنەوەیە بۆ یەك جار.

حەوتەم : سەرۆكی ئەنجومەن دەسەلاتی وەزیری تایبەتمەند بەكاردەهێنێ لەوانەی پەویەندیدارن بە كاروباری كارگێڕی و دارایی تایبەت بە ئەنجومەن.
ئەمە داڕشتنەوەی لیژنەی یاساییە سەبارەت بەو ماددەیە بە زمانی كوردی ئەگەر پێتان باشە بە زمانی عەرەبیش دەیخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی سێیەم

## پەیکەری ئەنجومەن و میکانیزمی کار

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: ئەنجومەن پێکدێ لە سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و حەوت ئەندامی خۆتەرخان، کە بەلای کەمەوە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن، دووانیان خاوەن بڕوانامەی یاساو دووانیان خاوەن بڕوانامەی کارگێڕی و ئابووری و یەکێك لە هەر یەك لە پزیشکی و ئەندازەو کشتوکاڵدا.**

**دووەم:**

**أ- سەرۆکی ئەنجومەن بە پلە یەکی تایبەت دەبێ.**

**ب- جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامانیش بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن.**

**سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و ئەندامانیش بەگوێرەی ئەم مەرجانەی لەم یاسایەدا هاتوون کاندید دەکات و دەبێت پەرلەمانی کوردستانیش ئەرێی بکات.**

**چوارەم: ئەو کاندیدکردنە کە لە بڕگەی (سێیەم)ی لەم ماددەیەدا هاتووە، بەگوێرەی ئەم میکانیزمەی دادێ دەبێت:**

**أ- ئەنجومەنی وەزیران لە هەموو دەزگاکانی (بینراو و بیستراو و خوێنراو)ی ڕاگەیاندنەوە، دەرگای پێشکەش کردن بۆ ماوەیەك کە لە سی ڕۆژ زیاتر نەبێت دەکاتەوە.**

**ب- ئاگاداریەکە هەموو ئەو مەرجانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەگرێتە خۆ.**

**پێنجەم: دەبێ سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و ئەندامان، ئەم مەرجانەیان تێدا بێ کە دادێن:**

**أ- دەبێ خاوەن شیان و شارەزایی بێت، کە شیاوی وەرگرتنی کارەکە بێت، لەوانەش بێت لە بواری پسپۆریەکەی خۆیدا بەلای کەمەوە خاوەنی 15 ساڵ خزمەت بێت، دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ، بۆ ئەوانەی بڕوانامەی ماجستێریان هەیە، ماوەی خزمەتەکە 12 ساڵ دەبێت و، بۆ ئەوانەی بڕوانامەی دکتۆراشیان هەیە، ماوەی خزمەتەکە 10 ساڵ دەبێت.**

**ب- نابێ تەمەنی لە 37 ساڵ کەمتر بێت.**

**ج- دەبێ ژیان نامەو ڕەفتاری باش بێت.**

**د- نابێ بە تاوان یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم درابێ.**

**شەشەم: سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن، بەپێی یاسا بۆ ماوەی پێنج ساڵ، کە بۆ یەك جار قابیلی تازە کردنەوەیە، دادەمەزرێن.**

حەوتەم: سەرۆکی ئەنجومەن هیندەی پەیوەندی بە کاروباری کارگێڕی و دارایی تایبەت بە ئەنجومەنەوە هەیە، دەسەڵاتی وەزیری هەیە.

هەشتەم: سەرۆکی ئەنجومەن، یان جێگرەکەی، یان هەر ئەندامێکی ئەنجومەن، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران و ئەرێ کردنی پەرلەمانی کوردستان، لادەدرێت، بە پشت بەستن بە ناتوانایی، یان سەر ڕاستی، یان پێشێلکاری مەزن لە ئەرکەکانی وەزیفەو، بە پێی یاساش دەستکەوتەکانی ئەم کارەی پێ سپێردراوە، بێ بەش دەکرێت، لەکاتی دەرچوونی بڕیاری لادانەکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**هيكل المجلس وآلية العمل**

المادة (4):

اولا: يتكون المجلس من رئيس المجلس ونائبه وسبعة اعضاء متفرغين من حملة شهادة جامعية اولية على الاقل، يكون اثنان منهم من حملة شهادة القانون، واثنان منهم في الادارة والاقتصاد، و واحد في كل من الطب والهندسة والزراعة.

ثانيا:

أ- يكون رئيس المجلس بدرجة خاصة.

ب- يكون نائب رئيس المجلس والاعضاء بدرجة مدير عام.

ثالثاً: يرشح مجلس الوزراء رئيس المجلس ونائبه والاعضاء وفقاً للشروط الواردة في هذا القانون ويخضع لمصادقة برلمان كوردستان.

رابعاً: يكون الترشيح الوارد ذكره في الفقرة (ثالثاً) من هذه المادة وفق الآلية الآتية:

أ- يعلن مجلس الوزراء عن فتح باب التقدم في جميع وسائل الاعلام (المرئي والمسموع والمقروء)، ولفترة لا تزيد على ثلاثين يوماً.

ب- يتضمن الاعلان كل شروط المرشحين الواردة في هذا القانون.

خامسا: يجب ان يتوفر في رئيس المجلس ونائبه والاعضاء الشروط الآتية:

أ- ان يكون من ذوي الخبرة والكفاءة التي تؤهله لشغل الوظيفة وممن له خدمة في مجال اختصاصه مدة لا تقل عن خمسة عشرة سنة بعد الحصول على الشهادة الجامعية الاولية، وتكون مدة الخدمة اثنى عشرة سنة للحاصل على شهادة الماجستير وعشر سنوات للحاصل على شهادة الدكتوراه.

ب- ان لا يقل عمره عن 37 سنة.

ج- يكون حسن السيرة والسلوك.

د- ان لا يكون محكوما عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

سادساً: يعين الرئيس ونائب الرئيس واعضاء المجلس وفق القانون لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.

سابعاً: يمارس رئيس المجلس صلاحية الوزير المختص فيما يتعلق بالشؤون الادارية والمالية الخاصة بالمجلس.

ثامناً: يعزل رئيس المجلس او نائبه او اي من اعضاء المجلس بناء على اقتراح من مجلس الوزراء ومصادقة برلمان كوردستان استنادا الى عدم الكفاءة او الاستقامة او الاخلال الجسيم بواجبات الوظيفة ويحرم من امتيازات الوظيفة المعين فيها بموجب القانون في حالة صدور قرار العزل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەی چوار بەم شێوەیە:

یەکەم: لیژنە پێشنیاز دەکات باسی پسپۆڕایەتی نەکرێ، تەنیا بگوترێ بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، بەبێ ئەوەی باسی پسپۆڕاتیەکان بکرێ.

دووەم: لیژنە پێشنیاز دەکات کە سەرۆکی لیژنە بە پلەی بریکاری وەزارەت بێ و، جێگری سەرۆکیش بە پلەی تایبەتی (أ) و ئەندامانی ئەنجومەنیش بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بن.

سێیەم: لیژنە پێشنیاز دەکات گوزارەی (مل کەچ دەبێ بۆ پەسەندکردنی پەرلەمان) لادرێ کە لە کۆتایی بڕگەکەدا هاتووەو، بەم شێویەی خوراەوە دابڕێژرێتەوە:

(سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و ئەندامەکانی، بەپێی ئەو مەرجانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەپاڵێوێ).

چوارەم: هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

پێنجەم: لیژنە پێشنیاز دەکات:

أ- گوزارەی (کردەنی و کارتێداکردنی) لە دوای وشەی (ڕاژە) زیادبکرێ و ماوەی ڕاژەکە (لە دە ساڵ کەمتر نەبێ) لە جیاتی (پازدە ساڵ) و، سەبارەت بە هەڵگری بڕوانامەی (ماجستێر) دوو ساڵ داشکێندرێ، و پێنج ساڵیش بۆ هەڵگری بڕوانامەی (دکتۆرا) کەم بکرێتەوە.

ب- هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕگەیە، چونکە پێویست بە مەرجی تەمەن ناکات، بەڵکو ئەوەندە بەس بێت، کە لە بڕگەی پێنجەمدا لە مەرجی ساڵەکانی ڕاژەدا هاتووە.

شەشەم: هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

حەوتەم: هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

هەشتەم: ئەم بڕگەیە هەڵوەشێتەوە، چونکە لەوێ ڕێسای گشتی هەیە، کە ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکات. لیژنە پێشنیاز دەکات، کە کۆی ماددەکە بەم شێوەیەی خوراەوە دابڕێژرێتەوە:

## بەشی سێیەم

## پێكهاتەی ئەنجومەن و میكانیزمی كاركردن

**ماددەی چوارەم:**

**یەكەم:** ئەنجومەن لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و حەوت ئەندامی خۆتەرخانكەر پێكدێ لەوانەی بڕوانامەی بەرایی زانكۆیان لەو پسپۆڕانەدا هەبێ، كە پەیوەندی بەكارو ئەركی ئەنجومەن هەبێ.

**دووەم:**

أ- سەرۆك بە پلەی (بریكاری وەزارەت) دەبێ.

ب- جێگری سەرۆك بە پلەی تایبەتی دەبێ و مووچەی تایبەتی (أ) وەردەگرێ.

ج- ئەندامانی ئەنجومەن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن.

**سێیەم:** ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆك و جێگرەكەی و ئەندامانی بەپێی مەرجەكانی كە لەم یاسایەدا هاتوون دەپاڵێوێ.

**چوارەم:** ئەو پاڵاوتنەی كە لە بڕگەی (سێیەم) لەم ماددەیەدا هاتووە، بەپێی ئەم میكانیزمەی خوارەوە دەبێت:

أ- ئەنجومەنی وەزیران دەرگای داوا پێشكەش كردن لە هەموو هۆبەكانی ڕاگەیاندن (بیستراو و بینراو و خوێنراو) بۆ ماوەیەك لە سی ڕۆژ زیاتر نەبێت ڕادەگەیەنێ.

ب- ڕاگەیاندنەكە هەموو مەرجەكانی پاڵاوتنی كە لەم یاسایەدا هاتوون ڕادەگەیەنێ.

**پێنجەم:** پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە لە سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی و ئەندامانی بێنەدی:

أ- دەبێ خاوەن شارەزایی و شیاوی وا بێت، كە وای لێ دەكات بتوانێت ئەم فەرمانە بەڕێوە ببات و، خزمەتگوزاریی كردەنی و كاركردنی لە بواری پسپۆڕیەكەیدا هەبێت، كە ماوەكەی لە (10) ساڵ كەمتر نەبێ و دوو ساڵ لەو ماوەیە بۆ خاوەن بڕوانامەی (ماجستێر) و پێنج ساڵیش بۆ خاوەن بڕوانامەی (دكتۆرا) كەم بكرێتەوە.

ب- دەبێ خۆڕەوشتی باش بێت.

ج- نابێ بە تاوانێك، یان كەتنێكی ئابڕووبەر حوكم درابێ.

**شەشەم:** سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی یاسا بۆ ماوەی پێنج ساڵ دادەمەزرێن و قابیلی نوێ كردنەوەیە بۆ یەك جار.

**حەوتەم:** سەرۆكی ئەنجومەن دەسەڵاتی وەزیری تایبەتمەند بەكاردێنێ لەوانەی پەیوەندیدارن بە كاروباری كارگێڕی و دارایی تایبەت بە ئەنجومەن.

ئەمە دارِشتنەوەی لیژنەی یاسایە سەبارەت بەو ماددەیە بە زمانی کوردی، ئەگەر پێتان باش بێت، بە زمانی عەرەبیش دەخوێنمەوە.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بخوێنەوە.

**بەرِێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**هيكلية المجلس وآلية العمل**

المادة الرابعة:

اولا: تقترح اللجنة عدم ذكر الاختصاصات وانما الاكتفاء بان يكون حاصلا على شهادة جامعية دون ذكر الاختصاصات.

ثانيا: تقترح اللجنة ان يكون رئيس المجلس بدرجة وكيل وزارة ونائب الرئيس بدرجة خاصة (أ) واعضاء المجلس بدرجة مدير عام.

ثالثا: تقترح اللجنة الغاء عبارة (ويخضع لمصادقة برلمان كوردستان) الواردة في نهاية الفقرة واعادة صياغتها بالشكل الآتي:

(ثالثا: يرشح مجلس الوزراء رئيس المجلس ونائبه والاعضاء وفقاً للشروط الواردة في هذا القانون).

رابعا: لا توجد عليها اية ملاحظة.

خامسا: تقترح اللجنة:

أ- اضافة عبارة (فعلية وممارسة) الى ما بعد كلمة (خدمة) وجعل مدة الخدمة (لا تقل عن عشر سنوات) بدلا من (خمسة عشر سنة) تنزل من هذه المدة سنتين بالنسبة لحاملي شهادة الماجستير وخمس سنوات بالنسبة لحاملي شهادة الدكتوراه.

ب- الغاء هذه الفقرة نظراً لعدم الحاجة الى شرط العمر وانما الاكتفاء بما ورد في الفقرة الخامسة من شرط سنوات الخدمة.

سادسا: لا توجد عليها اية ملاحظة.

سابعا: لا توجد عليها اية ملاحظة.

ثامنا: الغاء هذه الفقرة لان هناك قواعد عامة تعالج هذه المسألة.

تقترح اللجنة بعد هذه الاقتراحات اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

**الفصل الثالث**

**هيكلية المجلس وآلية العمل**

المادة الرابعة:

اولا: يتكون المجلس من الرئيس ونائب الرئيس وسبعة اعضاء متفرغين ممن يحملون شهادة جامعية اولية في الاختصاصات ذات العلاقة بمهام المجلس.

ثانيا:

أ- يكون الرئيس بدرجة (وكيل وزارة).

ب- يكون نائب الرئيس بدرجة خاصة ويتقاضى راتب الدرجة الخاصة (أ).

ج- يكون اعضاء المجلس بدرجة مدير عام.

ثالثاً: يرشح مجلس الوزراء رئيس المجلس ونائبه والاعضاء وفقاً للشروط الواردة في هذا القانون.

رابعاً: يكون الترشيح الوارد ذكره في الفقرة (ثالثاً) من هذه المادة وفق الآلية الآتية:

أ- يعلن مجلس الوزراء عن فتح باب التقدم في جميع وسائل الاعلام (المرئي والمسموع والمقروء)، ولفترة لا تزيد على ثلاثين يوماً.

ب- يتضمن الاعلان كل شروط المرشحين الواردة في هذا القانون.

خامسا: يجب ان يتوفر في رئيس المجلس ونائبه والاعضاء الشروط الآتية:

أ- ان يكون من ذوي الخبرة والكفاءة التي تؤهله لشغل هذه الوظيفة وممن له خدمة فعلية وممارسة في مجال اختصاصه مدة لا تقل عن عشر سنوات وتنزل من هذه المدة سنتين بالنسبة لحاملي شهادة الماجستير وخمس سنوات لحاملي شهادة الدكتوراه.

ب- ان يكون حسن السيرة والسلوك.

ج- الا يكون محكوما عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

سادسا: يعين الرئيس ونائب الرئيس واعضاء المجلس وفق القانون لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.

سابعا: يمارس رئيس المجلس صلاحية الوزير المختص فيما يتعلق بالشؤون الادارية والمالية الخاصة بالمجلس.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی دارایی رەئیتان؟.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی چوار، لە (اولاً: يتكون المجلس من رئيس المجلس ونائبه وسبعة اعضاء متفرغين).

پێشنیاری لیژنەی دارایی، (سبعة اعضاء متفرغين) ببێت بە (خمسة اعضاء متفرغين)، بەڕای ئێمە ئەم ژمارەیە زۆرە.

(ثانيا) بە هەردوو بڕگەی (أ و ب) پەسندە.

ثالثاً: يرشح مجلس الوزراء رئيس المجلس ونائبه والاعضاء وفقاً للشروط الواردة في هذا القانون ويخضع رئيس المجلس ونائبه لمصادقة برلمان كوردستان.

له ئەصلی یاساکە دەڵێت (ويخضع لمصادقة برلمان كوردستان)، ئێمە (ويخضع رئيس المجلس ونائبه لمصادقة برلمان كوردستان).

رابعاً: يكون الترشيح الوارد ذكره في الفقرة (ثالثاً) من هذه المادة وفق الآلية الآتية:

أ- يعلن مجلس الوزراء عن فتح باب التقدم في جميع وسائل الاعلام (المرئي والمسموع والمقروء) ولفترة لا تزيد على ثلاثين يوماً.

پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری (ولفتره لاتقل عن 30 يوما).

ب- يتضمن الاعلان كل الشروط الواردة في هذا القانون.

پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری:

(يتضمن الاعلان كل شروط التعيين الواردة في هذا القانون).

(خامسا/د) دەستەواژەی (جنحة مخلة بالشرف) بگۆڕێت بە (جريمة مخلة بالشرف).

(ثامنأ) بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ (خامسا) بەم شێوەیە: (ان يكون من ساكني الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر؟.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتاوە کاك عبدالسلام تێبینیەکی کرد، ئیشارەتی بە تێبینیەك کرد، ئێستا وابزانم شوێنی ئەو تێبینیە کە موعالەجەیەکی بۆ بکرێ، چونکە ئەو ئەندامانی مەجلیسەکە خۆیان ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەن، کە پەیوەندی بە ئەرکی مەجلیسەکەوە هەیە، لەبەر ئەوە لە کاتێکدا لە هەیکەلیەتی مەجلیسەکەش، کۆمەڵێك مودیر عامی تریش دادەمەزرێ هەر هەمان ئیش و ئەرکی مەجلیسەکە دەکەن، لێرەدا ئەگەر کەلیمەی موتەفەریغ لا بەرین، ئەو کاتە ئەو مودیر عامانەی کە دادەمەزرێن، پێویست ناکات دابمەزرێن، خودی ئەندامانی مەجلیسەکە راستەوخۆ ئەرکەکان جێبەجێ دەکەن، حەلەقەیەکی ئیداری کەم ئەبێتەوەو، ئیشەکان بە باشتر ئەڕوات، ئەرکەکانی خۆشیان جێبەجێ ئەکەن، لەسەرووی ئەرکەکان نابن، ئەندامانی مەجلیسەکە، بەنیسبەت تێبینیەکانی لیژنەی قانونی لەگەڵ تێکڕای تێبینیەکانم، ماعدا تێبینی سێیەم کە ئەڵێ: (يرشح مجلس الوزراء رئيس المجلس ونائبه والاعضاء وفق)، خۆی تەرشیحی ناکات، ئەو تەعینی دەکات، چونکە ئێمە رەبتمان کرد بە مەجلیسەکەوە، ئەم جوملەیە ئەبێت کە کاتێك ئێمە بینێرین بۆ پەرلەمان، لە کاتێکدا ئێمە وتمان ناینێرین بۆ پەرلەمان، هەر لە دەسەڵاتێکی تەنفیزیەوە پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، لەبەر ئەوە سێیەم لابرێ، یەکسەر بڵێ (يكون الترشيح) چوارەم جێی سێیەم بگرێتەوە، واتا بڕگەی سێ لە ماددەی چوار لابرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا ئەوەی دەیەوێت موداخەلە بکات لەو مەوزوعە؟ ناوتان بنووسن ئەوەی ئەیەوەی موداخەلە بکات، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت موداخەلە بکەن، ڕێزداران (شێرزاد حافز، صباح بیت الله، عبدالسلام بەرواری، د.صباح بەرزنجی، ناسك تۆفیق، عمر هەورامی، قادر حسن، محمد شارەزووری، عەزیمە نجم الدین، سیوەیل عوسمان، کاوە محمد امین، شلێر محمد، زکیە سید صالح، حمە سعید، بەفرین حسین، گوڵێزار قادر، بێریڤان سەرهەنگ، هاژە سلیمان، د.احمد وەرتی، عمر عبدالعزیز)، کەسی تر ماوە؟ نییە، کاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

**اولاً: یتكون المجلس من رئیس المجلس ونائبە وسبعة اعضاء متفرغین من حملة الشهادة الجامعیة الاولیة علی الاقل، یكون اثنان منهم من حملة شهادة القانون، اثنان منهم في الادارة والاقتصاد، و واحد في كل من الطب والهندسة والزراعة)، من پێم وایە، ئەم (طب وهندسة وزراعة)یە پێویست ناکات، خۆ ئەگەر ئەوە دابنرێ، دەبێ لە هەموو ئیختیصاصەکانی تری تێدا بێ، (ثانیاً/ ب- یكون نائب رئیس المجلس واعضاءە بدرجە مدیر عام)، لێرە مودیر عام ئێمە ئەزانین ئەبێ 17 ساڵ خزمەتی هەبێ، ئینجا ببێت بە مودیر عام، بەڵام لێرە لە (خامسا/أ) کە باسی هینەکان دەکات، باسی وەزیفەکان دەکات، ئەوەی شەهادەی دکتۆرای هەیە، ماجستێری هەیە، تەخصیصی کردووە کە 15 بە 12 بە 10 ساڵ، کە مادام مودیر عام بن، مودیر عام ئەبێ 17 ساڵ بێ، پێموایە ئەمە هەمووی هەر بکرێ بە 17 ساڵ و ئیتر پێویست ناکات ئەو جیاوازیەی بۆ بکرێ، من لەگەڵ لیژنەی داراییم کە (من ساكنی الاقلیم)ی بۆ زیاد بکرێ و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز صباح فەرموو.**

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەربارەی ماددەی چوار، (اولاً: یتكون المجلس من رئیس المجلس ونائبە وسبعة اعضاء متفرغین)، بە ڕەئی من ببێتە پێنج، چونکە (متفرغین) بە ڕەئیا من کەلیمەیەکی زێدەیە لێرەدا، کە ئیختیصاصات هاتینە بەحس کرن هەر وەکی کاك شێرزاد گوتی، ئەگەر وە بێت، بێتە نوێنەری وەزارەتا کار و پلاندانان و نوێنەری سەندیکایەو ئەڤی دیکەش بەناو کرن، بە ڕەئیا من ئەوە ئەبێتە لادان، (ثانیا/أ و ب)، بە ڕەئیا من وەکی خۆی بمینێتەوە باشترە، (خامسا) تەئیدا پێشنیارا لیژنەی یاسایی دەکەم، کە تەعدیل تێدا هاتینە**

کرن، هەر وەسا لێژنا دارایی کە دبێژێتن، خالێك بێتە ئیزافە کرن کە (ان یکون من ساکنی الاقلیم)، بە رەئیا من ئەڤە پێ باشە، ئیزافە کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عبدالسلام بەرواری فەرموو.

**بەڕێز عبد السلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا وشەی خۆتەرخانکەر، جیاوازە لە تەرخان کراو، خۆتەرخانکەر یەعنی (متطوع)، تەرخان کراو یەعنی (متفرغ)، کە من وەکو ئەوها خوێندم وتم خەڵکێکە هاتووەو موتەتەوع بووە، حەز دەکەم ئەمە لە نەصی کوردی ڕەچاوی بکەن، تەرخان کراو یەعنی یەکێك ئەوی داناوە بۆ ئەم ئیشە، یەعنی متفرغ، خۆتەرخانکراو ئەوە موتەتەوعە، ئەمە مولاحەزەی سەرەکی من.

دووەم/ ئەگەر من سەرنەکەوتم لەو پێشنیارەی کە ئێستا نیازم هەیە پێشکەشی بکەم، تکایە لەو ئەندامانەی هەیە، دوو، سێ ئەندام هەنە کە پێویستن و زەروورینە لە هەر مەجلیس خدمەیەك، نوێنەری وەزارەتی پلاندانان، نوێنەری وەزارەتی کار، نوێنەری سەندیکاکان، نوێنەری ژوورەکانی بازرگانی و پیشە سازی، چونکە ئەمە مەجلیسێکە سیاسات دائەنێت، یاساکە تەتبیق ئەکات، بۆیە پێشنیاری یەکەمم ئەگەر مەجلیسەکە بەو شێوەی داندراوە، پێویستە نوێنەری وەزارەتی پلاندانان و کارو سەندیکاو ژوورەکانی تێدا بیت، دێمە سەر پێشنیاری خۆم، ئەم مەجلیسە وەکو یاسا هەمووی بخوێنین، یەك/ سوپاسی دکتۆر کاوە ئەکەم، ئەوەی ویستم لە ماددەی یەکەم بڵێم تاکو تەلاقی بکەین و لێرە حەلی بکەین، یان ئەم دەستەی سەرۆکایەتیە، سیاسات دائەنێت، یان خۆیان ئیشی کارگێری ئەکەن، ئەگەر ئیشی کارگێری بکەن، دەبێ هەر ئەندامێکی ئەو سەرۆکایەتیە بەرپرسی فەرمانگەیەك بیت، واتا سەرۆکی ئەنجومەن، بەرپرسی هەموو مەسئوولەکانی فەرمانگەکانە، ئەو کاتە ئەمە یەکێك ئیختیصاصی یاسا بیت، یەکێك پزیشکی بیت، هەمووی زیادە، چونکە بەپێی فەرمانگەکانی خۆت، مەسئوولەکانی ئەو شوعبەو فەرمانگانە، ئەندامن تێیدا، ئەمە وا ئەتوانێ بڵێ: سەرۆکەو بەرپرسی فەرمانگەکانی کە لە ماددەی نۆیەمدا هاتوونەو ئەتوانی هەندێ نوێنەری ئیزاف تێیدا دابنێ، ئەو کاتە ئەتوانین مەسەلەی نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان دانێین، ئەمە ڕێگایەکە بۆ دانانی ئەم ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ڕێگای دووەم/ ئەمە ئەرکی سەرکردایەتی هەبێت و سیاسەت دانان و دەستەی کارگێڕی، یەکێك بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی هەموو فەرمانگاکان دەکات، ئەندامە لەم دەستەی سەرۆکایەتی، ئەو کاتە دەستەی سەرۆکایەتی بەپێی مۆدێلی دووەم، سەرۆکە، نوێنەری لایەنەکانن و، بەرپرسی فەرمانگەکانە، ئەو کاتە ئەو ئۆتۆماتیکیەن رەنگە بکرێتە نائیب رەئیس، تکایە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم بەشی سێیەمە بەڕاستی رۆح و بڕبڕەی پشتی یاساكەیە، بۆیە ئەوە دەهێنێ زۆر بە گرنگی و بە حەساسیەتێكی زیاترەوە كاری لەسەر بكەین، من پێشنیاز دەكەم پێكهاتەی ئەم ئەنجومەنە بەڕاستی مەوصوف بێ بە هەموو بێ لایەنی و بە هەموو پسپۆریەك، یەعنی ڕەچاوی ئەو پێكهاتەیە بكرێ، كە بەڕێز كاك عبدالسلام باسی كرد، نوێنەری سەندیكاكانی تیا بێ، وەزارەتە پەیوەندیدارە ئەساسیەكانی تێدا بێ، ئەگەر ئاماژەشی پێ بكرێ باشە، یاخود ئەگەر لە لائیحەشدا ئاماژەی پێ بكرێ باشە، پشتگیری ئەو بۆچوونەی لیژنەی یاساییش دەكەم، كە پێویست ناكات تەحدیدی ئەو ئیختیصاصاتە بكرێ بەو شێوەی كە لێرەدا هاتووە، پشتگیری لیژنەی داراییش دەكەم كە دەڵێ پێویست ناكات حەوت ئەندام بێ، حەوت ئەندام زۆرە، بەڵام ئیقتیراحێكم هەیە كە سەرۆكی ئەنجومەنەكە بە پلەی وەزیر بێ، چونكە ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنێكی زۆر گرنگە لە زۆر لە وڵاتاندا بە پلەی وەزیر، سەرۆكی ئەنجومەنەكە دیاری دەكرێت، چونكە دەبێ ئەو هەیمەنەیەی هەبێ بەڕاستی كە حیسابی وەزیری بۆ بكرێت، چونكە كارەكانی كارێكی گرنگە، ئامانجەكانی ئامانجی گرنگن، خۆیشی لە پرۆژە یاساكەدا هاتووە كە سەرۆكی ئەنجومەن لە بڕگەی حەوتەمدا، سەرۆكی ئەنجومەن دەسەڵاتی وەزیری تایبەت دەگرێتە ئەستۆ لەبارەی ئەوەی پەیوەندی بە كاروباری كارگێری و دارایی تایبەت بە ئەنجومەنەوە هەیە، یەعنی ئێمە چ زەرەرێك دەكەین ئەگەر سەرۆكی ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی لە هەرێمی كوردستان بە پلەی وەزیر بێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ناسك توفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لە ماددەی چوارەم لە بڕگەی یەكەم، پشتگیری تەواوی لیژنەی دارایی دەكەم، كە بەڕاستی حەوت كەس زۆر زۆرە، چونكە ئەوە لە مەجلیسی خدمەی عیراقی كە (15) پارێزگایە حەوت كەسی داناوە، ئێمە نازانم بۆ سێ پارێزگا حەوت كەسمان بۆ چی یە؟ لەبەر ئەوە تەواو پشتگیری لیژنەی دارایی دەكەم بۆ ئەو بەشەی، بەشی دووەمیش پشتگیری لیژنەی یاسایی دەكەم كە ئەو ئیختیصاصاتانە لابدرێ، یەعنی هەردووكی بكرێ بە یەك، ئەوە بكرێتە پێنج، ئەویش ئەوە لابرێ، بڕگەی دووەم فەرعی (أ) سەرۆكی ئەنجومەن بە پلەی وەزیر بێ، بۆ ئەوەی دواتر كە سێهەم هاتووە، من لەگەڵ مانەوەیم لەگەڵ لیژنەی یاسایی نیم لەوە كە ئەوە لابرێ كە ملكەچ دەبێ بۆ پەسند كردنی پەرلەمان، چونكە بەڕاستی دەبێ ئەو ئەنجومەنە لە ژێر ڕەقابەی پەرلەمان دەرنەچێ، ئەوەش هیچ تەناقوزێك لەگەڵ مەسەلەی تەنفیزی بوونی

ناكات، چونكە هەموو حكومەت ئەنجومەنێكی تەنفیزییە، لە ژێر ڕەقابەی پەرلەماندایە، بۆیە دەكرێ بە پلەی وەزیر بێ، خاڵی سێهەم ئەوە بمێنێ كە ملكەچ بێ بۆ پەسند كردنی پەرلەمان، بۆ ئەوەی دواتر بێتە ژێر ڕەقابەی پەرلەمان، سەبارەت بەوەی كە لیژنەی یاسایی ئیقراری كردووە جێگری سەرۆكی پلەیەك بەرزتر داناوە لە ئەندامان، من بە پێویستی نازانم، چونكە پێموایە جێگری سەرۆك هەر لە كاتێكدا ئەركی هەیە كە سەرۆك ئامادە نەبێ، كەواتە ئەركی ئەم هیچ زیادەیەكی نییە لە ئەندامان، بۆیە هەر لە فەرعی (ب) وەكو خۆی بمێنێ، خاڵی ئەخیر تەواو لەگەڵ لیژنەی یاساییدام كە فەرعی (ب) هیچ پێویست ناكات، چونكە تەحصیل حاصلە، كە تۆ سەنەواتی خدمەو ئەوەت دیاری كرد، ئۆتۆماتیكی تەمەنەكەشی دیاری دەكرێ، بۆیە فەرعی (ب) زیادەیە، خاڵی هەشتەم، پێموایە مانەوەی باشترە لەوە لەگەڵ لێژنەی یاسایی نیم، خاڵی هەشتەم وەكو خۆی بمێنێ، بەلام ئەوەی كە دەڵێ پەسند كردنی پەرلەمانی كوردستان بەپێی بێ توانایی، دەبێ بڵێی بەهۆی بێ توانایی، چونكە دەڵێ/ سەرۆكی ئەنجومەن، یان جێگرەكەی، یان هەر یەكێك لە ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر كارەكانیان لادەدرێن لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران و پەسندكردنی پەرلەمانی كوردستان بەپێی بێ توانایی، ئەوە تۆزێك ڕەكیكە، بڵێی بەهۆی بێ توانایی، یان بەڕاستی كارنەكردنی یاخود زیان گەیاندنی، هتد...، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكانی من لەسەر ئەو ماددەیە لە بڕگەی یەكەم/ من لەگەڵ ئەوەم كە پسپۆڕی یاسایی و هەروەها ئیداری و ئابووری لە ئەنجومەنەكە ڕەچاو بكرێ، واتا بەلایەنی كەمەوە بنووسرێ دوو كەس یاسایی، دوانیشی ئیداری، چونكە بە حەقیقەت ئەوە بەو مانایە نایێ بڵێین پسپۆڕەكانی تر گرنگ نین، نەخێر، ئەوانەی كە لەو مەجالەدا ئیش دەكەن شارەزایی و پسپۆڕی كاریگەری دەكات لەسەر چۆنیەتی جێبەجێ كردنی ئەركەكانی ئەم ئەنجومەنە، ئەو كەسانەشی كە پسپۆڕن لەو مەجالە باشتر دەتوانن بە حەقیقەت لەگەڵ جێبەجێ كردنی یاسای ڕاژەی گشتی كار بكەن لە داهاتوودا، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم كە بمێنێتەوە ئەو بابەتە، بەلام بۆ پسپۆڕییەكانی تر نەخێر پێویست ناكات، بڕگەی دووەم سەرۆك و جێگرەكەی، ئەگەر تەماشای ئەصلی پرۆژەكە بكەین دەڵێ سەرۆكەكەی با بە پلەی تایبەت بێ، جێگرەكەی بەڕێوەبەری گشتی بێ، ئەوانەی كە پرۆژەكەیان نووسیوە ئاگادار بوون لەوەی كە ئێمە دوو صنفمان هەیە لە پلەی تایبەت، (أ) و (ب) مان هەیە، (ب) زیاتر بۆ ئەو كەسانەیە كە لە ڕاوێژكار بەرەو سەرن، دوو ملیۆن و ئەوەندە مووچەی بنەڕەتیانە، من باس لە موخەسەسات ناكەم، واتە لە ڕاوێژكارو بریكاری وەزارەت هەتا ئەگاتەوە وەزیر، بەلام ئەوانەی كە لە صنفی (أ)ن، لە وەزیر بەرەو سەر دەگرێتەوە، بۆیە بە هەقیقەت ئەكەوینە هەڵەوە، ئەگەر بڵێین سەرۆكەكەی جێگری وەزیر بێت، بەلام جێگرەكەی یەعنی سەرۆكی ئەنجومەنەكە جێگری

وەزیر بێت، بەڵام جێگرەکەی پلەی تایبەت بێت لە صنفی (أ)، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە بە کراوەیی بهێڵینەوە، یان ئەوەتا وەکو خۆی بهێڵینەوە لەسەر ئەسڵی پڕۆژەکە، یان بڵێین سەرۆك و جێگرەکەی بە پلەی تایبەت بن، دواتر تەحدید کردنی مووچەکەیان، مووچەی بنەڕەتی کارەکان لەسەر ئەوەی ناونیشانەکەی چی دەبێت، ئایا وەزیر دەبێت یان جێگری وەزیر دەبێت؟، تێبینی ئەخیرم لەسەر ژمارەی ساڵەکانی خزمەتە، بەڕێزان، لە ئەسڵی پڕۆژەکە 15 ساڵ دانراوە، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە بکرێت بە 10 ساڵ، ئەگەر مەبەستەکە لەوە بێت کە دەورەی عەمەل خێرا بکرێت و، فورسەتی عەمەل بەهۆی ئەمەوە زیاد بکرێت، من تەسەوڕ دەکەم تەنها لەو مەجلسەیا تەحقیق نابێت، تۆ دەتوانی ئەمە بۆ هەموو خدمەی فەرمانبەری لە کوردستان ئەمە فەراهەم بکەی، ئەمە کاتی دەوێت، ئەگەر مەبەستیش بێت ئێمە هەر ئیسرار بکەین لەسەر ئەوەی کە ساڵەکان کەم بکەینەوە، بە باوەڕی من لە 12 ساڵ کەمتر خراپتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر حسن کەرەمکە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ ماددەی چوار، هەر وەکو چۆن هاتووە، تەنها پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی پێنجی ئەم ماددەیە، (أ) بۆ کەم کردنەوەی ساڵانی ڕاژە لە 15 ساڵەوە بۆ 10 ساڵ، هەروەها لابردنی (ب) تەمەن لە 37 ساڵ کە دەڵێی کەمتر نەبێ، چونکە لەوانەیە خەڵکانێك هەبێ تەمەنیان لە خوار 37 ساڵ بێت، کەفائات و موئەهەلاتی باشیشیان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز محمد شارەزووری کەرەمکە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لیژنەی دارایی دەکەم، بۆ ئەوەی کە حەوت سەرۆك و جێگرو پێنج ئەندام بێت، لە هەمان کاتدا وشەی خۆ تەرخانکەر، بە عەرەبی (تفرغ)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پێشنیار دەکەم ئەو وشەیە لابرێت، چونکە (تفرغ) بە پێی قانونی ئەگەر لێکی بدەینەوە، یەعنی ئەمە ئیشێکی تری پێ دەکەین، بۆیە یەعنی بەپێی قانونی عێراقی و بەپێی قانونی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، یەعنی ناکرێت کە یەکێك دوو ئیشی هەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو وشەی (تفرغ) هەر لابرێت، ئەمە یەك. دوو/ ئەگەر سەرنجی خاڵی یەك و خاڵی پێنج بدەین، لێرە من لەگەڵ ئەوەم کە ئیختیساسات دیاری نەکرێت، بەڵام لە خاڵی پێنجیشدا ئەڵێ ئەو مەرجانەی کە لە سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و ئەندامان هەیە، دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێت، خەریجی جامیعەو ئەوانەی تیایە، بۆیە من پێشنیار

دەکەم، خاڵی یەکەم تەنها بەس شەرحی ئەوە دەکات، سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی پێنج ئەندام بێت، دوای ئەوە لە خاڵی پێنج دیاری بکرێت کە خەریجی جامیعە بێت، من پێشنیار دەکەم لەگەڵ خاڵی یەکەم، ئەم مەجلیسە تەنها ئیشی دامەزراندن نییە، بەڵکو کۆمەڵێك ئیشی تریشی هەیە، لەکاتی دامەزراندندا ئیستیشارە بەوەی بە نوێنەری سەندیکاو ئەوانە کە جەنابی کاك عبدالسلام ئیشارەتی پێیدا، لە خاڵی پێنجەم/ منیش لەگەڵ ئەوەدام کە تەمەن دیاری نەکرێت، چونکە ئەوە ئیختیساسەکان دیاری کراوە، بەلاّم خاڵی (ج) و(د) تحصیل حاصلە، چونکە لە هەموو قانونێك کە بۆ دامەزراندن ئەبێ ڕەوشتی باش بێت و بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر، بەلاّم ئەگەر ئەوە لە ڕێنماییەکەش دەتوانێت تیای بێت، من بۆ خاڵی شەشەم/ سەرنجێکم هەیە، ئەڵێ سەرۆك و جێگرو ئەندامانی، بەپێی یاسا بۆ ماوەی پێنج ساڵ دادەمەزرێن و قابیلی نوێکردنەوەیە بۆ یەکجار، یەعنی دەبێت خۆ بەپێی ئەو بنەمایە بێت کە لە ڕێکارە یاساییەکان ئەوەی بۆ زیاد بکەین کە دیاری دەکرێت، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی هەبێت بۆ ئەو پێنج ساڵەی کە ئەو کەسە جارێکی تر هینەکەی تازە دەبێتەوە، ئاخیر خاڵم/ من پرسیارێکم لە بەڕێزان، لیژنەی یاسایی هەیە، لێرە کە ئەڵێت سەرۆکی دەستەکە بە پلەی جێگری وەزیر بێت، بەلاّم لە خاڵی حەوتەم ئەڵێ سەرۆکی ئەنجومەن دەسەلاّتی وەزیری تایبەتی هەیە، ئایا ئەو دوو خاڵە تەعاروزی یەك ناکەن لەوێ تۆ دایدەنێی پلەکەی دیاری بکەی وەزیر بێت، لێرەش جارێکی تر ئەڵێی دەسەلاّتی وەزیری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عظیمة نجم الدین کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم/ بڕگەی یەکەمی ئەنجومەن پێك دێت لە سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و حەوت ئەندام، من پێموایە لەناو ئەو حەوت ئەندامە کە دیاری کراوە کە خاوەنی بڕوانامەی یاسایی و دوانیشیان کارگێڕی و ئابووریە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەدام کە لەناو بڕگەکانی ماددەکانی تردا ئەرك و ئامانجەکان، ئەرك و کارەکانی ئەو دەستەیە ئاماژەی پێکراوە لە ماددەی 14 دا، دەست نیشانی ئەوەی کردووە کە ئەم ئەنجومەنە، یان ئەم دەزگایە بە تاقی کردنەوەی زارەکی و بە نووسین دەتوانێ تاقی کردنەوە بۆ سیفەت وهەڵسەنگاندنی ئەوکەسانەی کە موقابەلە دەکرێن واتە، بۆیە پێویستمان بە کەسانی پسپۆر و شارەزا هەیە لەبواری دەروونی، پسپۆرێکی بواری دەروونی زۆر گرنگە، چونکە لە زۆربەی دامودەزگاو ئەو دەزگایانەی، یان ئەو ئەنجومەنانەی کە پەیوەندی بە لایەنی مرۆییەوە هەیە، پێویستە کەسی پسپۆرو شارەزای بواری دەروونی تیابێ، لەبەرئەوەی تۆ مادام ئەڵێی کە هەڵسەنگاندن یان تاقی کردنەوەی کەسایەتی و شیاوی ئەوکەسە بۆ ئەرك و کارێك کە پێی دەسپێری کێ دەتوانێ ئەو هەڵسەنگاندنە بکات، تاقی کردنەوە بکات، من پێموایە کەسێکی پسپۆری دەروونی پێویستە لەناو ئەم ئەنجومەنە هەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت ئەو ماددەیە، (أولا: یتکون المجلس من رئـیس المجلس ونائبـه وسـبعة اعضاء) پـێم باشـه ئەگـەر (سبعة) نەبێ و (خمسة) بێت باشترە، موتەفەرغینی لاببەین، لێرە کۆتایی پێ بێت، ئەو وەسفەی کە دەڵێت (شهادة جامعیة اولیة) یان (علی الاقل اثنان منهم في القانون) و ئەوانـە، لـە (خامسا) هـاتووە (یتـوفر فـیهم الشروط الاتیة)، واتە ئەوانە پێویست ناکات شهادەکەیان دیاری بکرێت، ئەگەر بەپێی ئەو دیاری کردنەی کە نووسراوە (اثنان منهم من حمل شهادة القانون، اثنان منهم من ادارة والاقتصاد، و واحـد فـی کـل مـن الطب والهندسة والزراعة) ئەوە کردیە حەوت، نەی کردە نۆ، بە ڕەئیسی مەجلس و نائیـب رەئیسـی مەجلسـەکەی ئەگەر کۆی بکەینەوە، کاك حمە شارەزووری باسی کرد، ئەگەر موتەفەرغین، موتەفەرغ لە بـۆ یـەکێك دێـت ئەگەر کادیری حزبی بێت تەفەروغ بکات لە بۆ کارێك، یان تەوعی بێت، یـەعنی بـۆ خـۆی موەزەفـە، بـەڵام بـەبێ راتبـە، بـەس ئەگـەر موتەفـەرغ بێـت واتـە مووچـەی نییـە، تـەنها یـەك مووچـەی وەردەگـری، ئـەوە موتەفەرغ نییەو بۆ خۆی وەزیفەکەی، ئەگەر لابردرێت باشـە، بـە نیسـبەت (ثالثـا: یخضـع لمصادقة برلـمان کوردستان)، لە ماددەی دوو پەرلـەمانی کوردسـتانمان لابـرد، مـادام وایـە دەبـێ لێـرەش لایـدەین بەنیسـبەت (رابعا) لە کۆتایی ئەگەر بنووسین باشترە، (لاتقل عن ثلاثـین یومـا) لەگـەڵ ڕای لیژنـەی دارایـیم کـە باسـی دەکـەن، نـەك لەگـەڵ (لاتزیـد عـن ثلاثـین یومـا)، بەنیسـبەت (خامسـا) هەمانـە (ج- ان یکون حسـن السـیرة والسلوك ومن ساکني الاقلیم) ئەگەر ئیزافە بکرێت باشە، ئینجا چ بە بڕگـەك بـێ، چ لەگـەڵ وی بـێ و زیـاد بکرێت، زۆر ئیعتیادیە، (د- ان لایکون محکوم علیه بجنایة أو جریمة مخلة بالشرف)، ئەو جنحە موخیلـە بـە شەرەف، لە (سادسا) ئەوە هـیچ پێـنج سـاڵی بـۆ دانـدراوە، بەنیسـبەت (سـابعا) وەك کـاك محمـد شـارەزووری باسی کرد، ئەگەر سەڵاحیەتی وەزیری دەدرێتێ، یـەعنی ڕاسـتە جـاری وا هەیـە دەسـەڵات هەیـە، دەسـەڵاتی وەزیری دەدرێتێ یەکێك یان بەڕێوبەرێك دەسەڵاتی بەڕێوبـەری گشـتی دەدرێتـێ، بـەڵام هەنـدەك تـەعاروز دەکات، ئەگەر سەڵاحیەتەکەشی دیار بـێ باشـە، بەنیسـبەت (ثامنـا) زیـادە، تەحصـیل حاصـلە، لەبەرئـەوەی (ثامنـا) دائیمـەن بـا بڵـێین عەکسـی (خامسـا) دەردەچـێت، دەتـوانی مەجلسـەکە و ئەنجومەنەکـە ئەگـەر بەڕێنمایی بێ و قەواعیدی هەیە و ئوسوسی خۆی هەیە، ئەگەر لابردرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پشـتگیری لـە جـەنابی وەزیـر دەکـەم، کـە فیعلـەن پێویسـتە ئـەو ئەندامانـەی ئەنجومـەنی ڕاژە خۆیـان ئیشەکان بکەن، موتەفەرغ نەبن، لەبەر ئەوەی هەم بەخۆیان بەکاروبارەکە هەڵبستن و لـە نزیکـەوە ئاگایـان لێ دەبـێ و ئیشـی خۆیانـە، خـەڵکی تـر بێـنین تەفـەروغی بکـەین زیـاتر هەڵاوسـان دروسـت دەبێـت، ئـەو تێبینیانـەی لیژنـەی قـانونی دائیمـەن پشـتگیری هـەموو تێبینیـەکانیان دەکـەم و، هـەروەها بەتایبـەتیش پشـتگیری دیـاری کردنـی پلـەی سـەرۆکی ئەنجومەنەکـەو جێگرەکـەی و ئەنـدامانی ئەنجومەنەکـە، چـونکە بەڕاستی ئەگەر بێتو ئێمە پلەکان بـە کراوەیـی بێنینـەوە جارێکی تـر، یـاخود بکـرێن بـە وەزیـرو جێگـری وەزیـرو ئەوانـە، وەکـو ئەوەیـە کـە ئێمـە وەزارەتێکـی تـر ئیزافـە بکـەین، لەلایـەك ئێمـە داوا دەکـەین کـە حکومەت چەند وەزارەتێك لە کابینەی حکومەت لێك دراوە، بەڵام ئەگەر بێت و وا بـەکراوەیی بیهێڵینـەوە هـەر دەسـتەیەك دابمـەزرێت و هـەر لیژنەیـەك دابمـەزرێت، سـەرۆکی دەسـتەکە وەزیـر بێـت و سـەرۆکی ئەنجومەنەکـە وەزیـر بێـت، ئـەوانی تـر جێگـرو بەڕێوەبـەری گشـتی بـن وەکـو ئـەوەی کـە ئێمـە چـەند وەزارەتێکمان ئیزافە کرد، ئەوەی کە پێشتووتر کردمان بۆ تەرشـیقی حکومـەت لەلایـەکی تـر، بەڕاسـتی لـە دژی ئیش دەکەین، لەبەر ئەوە من تەئیدی ئەو ڕایە دەکەم کە ئەو پلانـە لێـرە دابنـدرێت ودیـاری بکرێـت، بەنادیاری کراوی نەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شلێر محمد، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەم، من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەو ئیختیصاصاتانە لابرێت، چونکە دوایی لەماددەی 14 پێویستی بە تاقی کردنەوە هەیە، لەبەر ئەوە هـیچ کەسـێك ناتوانێـت شـارەزایی دکتـۆرو پزیشـك و ئەمانـە بێت، ئەگەر یەکێکی تێدا نەبێت لەو ئیختیصاصە، بەڵام ئەگەر کەم بکرێتەوە بۆ 5 ئەوە ئاساییە، یـەکێکی یاسایی، یەکێکی کارگێڕی و ئابووری، یەکێکی پزیشکی، یەکێکی ئەنـدازیاری، لەگـەڵ کشـتوکاڵی، بەنیسـبەت سەرۆکەکەش هەر ئەبێت خزمەتەکەی 15 ساڵ بێت، چونکە بەڕێوەبەری گشـتی باسـیان کـرد کـەنابێت لـە 15 ساڵ کەمتر خزمەتی هەبێت، بۆیە ئەویش هەر دەبێت 15 ساڵی هەبێت، بڕگەی 5 (من ساکني الاقلیم) دوای بڕگەی (د) زیاد بکرێت، قسەکانی تریشم کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ژیان عمر شریف، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم کران، تەنها خاڵی شەشەم کە دەڵێت ماوەکەی 5 ساڵ بێت، سەرۆك و جێگرەکەی باشترە کە 4 ساڵ بێت، چونکە خۆی ڕەبتە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەویش 4 ساڵە، بۆیە با 4 ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز زکیە سید صالح، فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بـۆ خـاڵی یەکـەم لەگـەڵ لیژنـەی یاسـاییم، کـە دەڵێـت پسـپۆڕی دیـاری نـەکرێت، بـەڵکو بڕوانامەکـە دیاریکراوە ئەوە بەس بێت، ئەوی تر لەگەڵ لیژنەی دارایدام کە ببن بە 5 کەس، جەنابی وەزیـریش باسـی کرد، کو پێ دڤیە کار بۆ ئەوانە بێتە راسپاردن، ئێمە لە تەشکیلاتی ئـەم ئەنجومەنـەدا باسـی کـراوە، کـە 5 کەس دیاری کراوە، بۆ ئەو 5 کەسە، کە دیاری بکرێن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە ببن بـە 7 کـەس، لەگـەڵ سەرۆك و جێگرەکە، نەك ببن بە 9 کەس، خاڵی دووەم/ دەڵێت کـە سـەرۆکی ئەنجومەنەکـە پلـەی تایبـەت بێت، من لەگەڵ ئەوەدام کەوەك خۆی بمێنێتـەوە، نـەك ببێـت بـە پلـەی وەکیلـی وەزارەت، خـاڵی 5 لەگـەڵ ئەوەدام کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بێت، خاڵی 3 کە دەڵێت( یرشح مجلس الوزارة) ئەگـەر سـەر بـە پەرلەمان بێت ئەوە دەبێتە (یرشح)، بەس مادام ئەنجومەن خۆی دایدەنێت، بۆیە ئەوەی پێ ناوێت، لەگـەڵ ڕەئی ژیان خانیشـم، لـە خـاڵی 6 بۆچـی ئێمـە 5 سـاڵ دابنـێین، حیکمـەت لـە دیـاری کردنـی 5 سـاڵ چـیە؟ چونکە دەزانین کە کابینەی وەزارەت و پەرلەمانیش هەمووی 4 ساڵ جارێك گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆیە بکرێت بە 4 باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز حمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سیعد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەم/ بڕگەی یەکەم، من لەگـەڵ ئـەوەدام کـە سـەرۆك و جێگرەکـەی 5 کـەس بـن، 7 زۆرە، چـونکە خـۆی 4 فەرمانگـەی هەیـە، لەگـەڵ نووسـینگەی سـەرۆك ئـەوە 5 بۆیـە کافیـە، خـاڵێکی تـر/ لەگەڵ ئەوەدام کە پسپۆڕیەکە بمێنێت، چونکە ئەمە چاوپێکەوتن ودامەزرانـدنی ئـەنواع توێـژو پسـپۆڕێتی فەرمانبەران و دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە، بۆیە پسـپۆڕێتی تـریش وەك ئـەوەی کۆمەڵناسـی و دەروون ناسی بۆ ئیزافە بکرێت، کە ئەمەش گرنگە، خاڵێکی تر، ئەگەر بڕگەیەك لـە کۆتـایی ئـەم پێناسـەی بڕگـەی یەکەمـدا زیـاد بکرێـت، دەبێـت ئـەو کەسـانە بیلایـەن و سـەربەخۆ بـن، بەتایبـەت لـەکاتی ئەنجامـدانی

کارەکانیان، بەنیسبەت سەرۆکی ئەنجومەن من پێموایە بریکار بێت، جێگرەکەو ئەندامەکانی هیچ تێدا نییە، پلەیان بەڕێوەبەری گشتی بێت، ئەگەر بمانەوێت جێگر جیا بێت لە ئەندامەکان، با جێگرەکە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دیوان بێت، خاڵێکی تر، ئەوەی کەباسی دەکات سەرۆك و جێگرو ئەندامان، ملکەچ بن بۆ پەسند کردنی پەرلەمان، من پێموایە تەنها سەرۆکەکە کافیە، کە لێرە متمانە یان سوێندی یاسایی لەناو پەرلەمان بخوات، چونکە ئێمە بۆ سەرۆکی دەستەکان وئەنجومەنەکانی تر وامان کردووە، بەنیسبەت ئەو بڕگەی کە دەڵێت خزمەتی لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت، 12 ساڵ بۆ ماجیستەر و10 ساڵ بۆ دکتۆرا، ئەوە وەك خۆی بمێنێتەوە من تەئیدی پرۆژەکە دەکەم، ئەوەی یاسایی زۆر کەمە، بەنیسبەت بڕگەی 8 سەرۆکی ئەنجومەن، یان جێگرەکەی، یان هەر یەك لە ئەندامانی لەسەر کارەکانیان لادەبرێن، ئەگەر یەکێك لەو سیفەتانەیان هێنایەدی، یان خەلەلێك هەبوو، من پێموایە بمێنێت باشترە، چونکە ڕادعێکە، بۆ ئەوەی هەم یاسا ڕادع بێت، بۆ ئەوەی ئینسان بتوانێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ئیشەکانی ئەنجام بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بەفرین حسین، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانم کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گوڵێزار قادر، فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم/ بڕگەی 5 خاڵی (أ) لەگەڵ ئەو مەرجانەدام کە بۆ سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامەکانی ئەنجومەن دانراون، بەڵام منیش لەگەڵ ئەو ڕایەی لیژنەی یاساییدام، کە ئەو کەسە خزمەتەکەی لە 10 ساڵ کەمتر نەبێت، سەبارەت بەخاڵی (ب) پێویست ناکات تەمەن دیاری بکرێت، بۆیە پێم باشە کە لابرێت، لەگەڵ خاڵی (ج و د)دام کە وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی چوارەم/ بڕگەی یەکەم، هەندێ پسپۆڕی دامەزراندن بۆ ئەندامەکان دیاری کراوە، لای من زۆر گرنگە، پزیشکی تێدا بێت، کۆمەڵایەتی تێدا بێت، کۆمەڵایەتیش توێژەری کۆمەڵایەتی تێدا بێت، پزیشکی بۆ ئەو کەسانەیە، چونکە پێداویستی تایبەتمان هەیە، ئەوانیش داوای دامەزراندن دەکەن، بەگوێرەی ئەوە

بێت كە لەگەڵ باری تەندروستی بگونجێت، ئەو ئیشەی بۆ بدۆزنەوە لەكاتی ئەنتەرڤیو كە بانگ دەكرێن، ئەو لیژنەیە ئەوانەی كە لە تەندروستین ئەزانن، ئەوە چەند پێویستەو دەتوانێ كار بكات، بەنیسبەت كۆمەڵایەتیش زۆر گرنگە، كە هەڵسەنگاندن بكات بۆ ئەو كەسەی كە دادەمەزرێت، بۆیە بواری توێژەری كۆمەڵایەتی تێدا بێت، ئەمە زۆر گرنگە، بەنیسبەت بەشی سێیەم، لەماددەی چوارەمدا نووسراوە، ئەو مەرجە یاسایانەی ئەگەر هەبێ دادەمەزرێ و پەرلەمان ئەرێی دەكات، ئەوە پێویست ناكات، ئەگەر مەرجەكانی تێدا بیت پەیوەندی نییە بە پەرلەمان، بەڕەئی من، هەروەها دڵێ ڕەفتاری باش بێت، بەڕەئی من ئەو شتە زیادە، چونكە هەر كەسەك كار بكات، دەبێت ڕەفتاری باش بێ و دوایی، ئەی چۆن هەڵسەنگاندن دەكەین؟ كە ئەوە ڕەفتاری باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی یەكەم لە ماددەی چوارەم، منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم كە لە حەوت ئەندام بكرێتە پێنج ئەندام، بەڕاستی ئەو پسپۆڕیانە تەنها پسپۆڕێك لە بواری یاسایی و پسپۆڕێك لەبواری دارایی زۆر گرنگە كە هەبێ، ئەوانی تر یەعنی مەرج نییە كە پسپۆڕیەكان دیاری بكرێت، دەربارەی دووەم/ سەرۆكی ئەنجومەن بە پلەی تایبەت، من پێموایە ئەگەر بە پلەی وەزیر بێت باشترە، چونكە هەر لەهەمان ماددە لە بڕگەی حەوتەم داهاتووەو دڵێ سەرۆكی ئەنجومەن هێندەی پەیوەندی بە كاروباری كارگێڕی و دارایی تایبەت بە ئەنجومەنەوە هەیە دەسەڵاتی وەزیری هەیە، ئەگەر دەسەڵاتی وەزیری هەبێ من پێموایە هەر بە پلەی وەزیر دابمەزرێ باشترە، دەربارەی چوارەم/(أ) پشتگیری لە ڕای لیژنەی دارایی دەكەم، كە ماوەكەی بۆ ماوەیەكە، نەك لە سی ڕۆژ زیاتر بێت، لە سی ڕۆژ كەمتر نەبێت، دەربارەی پێنجەم، پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەكەم كە ئەو كەسانەی كە خاوەن شیان وشارەزای بن و پسپۆڕیەكەیان، واتە بەلایەنی كەمەوە لە 10 ساڵ كەمتر نەبێت، نەك لە 15 ساڵ، ئەوەی بڕوانامەی ماجستێری هەبێ لە 8 ساڵ و، ئەوەی دكتۆراشی هەبێت بكرێت بە 5 ساڵ، دەربارەی خاڵی (ب) پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەكەم بەوەی كە لابردرێت، مەسەلەی تەمەنەكە، هەروەها بەڕاستی یەكێك لەو مەرجانە ئەوە بێت كە دەبێ لە دانیشتوانی هەرێمی كوردستان بێت، ئەوەش زۆر گرنگە، دەربارەی بڕگەی شەشەم، منیش هاوڕام لەگەڵ هاوكارانم كە ئەو ماوەیە كە داندراوە 5 ساڵ نەبێت، تەنها چوار ساڵ بێت، چونكە وەكو هاوكارانیشم ئیشارەتیان پێیدا پەرلەمانیش هەر بۆ چوار ساڵ، یەعنی خولەكەی دووبارە دەبێتەوە، بۆیە هەر لێرەش بكرێت بە چوار ساڵ، دەربارەی 7 و 8 پێویست ناكات، بۆیە وەكو ئەوەی باسم كرد ئەگەر لێرە لە دووەمدا دەسەڵاتی وەزیری پێ بدرێت، 7 و 8 پێویستە لابردرێت لە ماددەكەداو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم لە بڕگەی یەکەمدا، سەبارەت بە پێکهاتەی ئەنجومەنەکە، منیش لەگەڵ ئەوە دام ڕای لیژنەی دارایی پەسەند ترە کە ئەندامانی ئەنجومەن لە 5 کەس پێك بێت، بێجگە لە سەرۆك و جێگر واتە بە سەرۆك و جێگرەکەی دەبن بە حەوت کەس، سەبارەت بە بڕگەی 3، دیارە لێرە لەبەر ئەوەی ئەنجومەن پێشتر لە پرۆژە یاسایەکە سەر بە پەرلەمان بوو و لێرە پێشنیار کراوە، کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ، بۆیە لە بڕگەی 3، کە دەڵێ ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی ئەنجومەن وجێگرەکەی و ئەندامەکانی بە پێی ئەو مەرجانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەپاڵێورێت و دادەمەزرێت، لەبەرئەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، دایدەمەزرێنن، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم، خاڵی (أ) کە دەڵێ/ دەرگای داوای پێشکەش کردن لە هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەشکرێ بکرێتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بیستراو بینراو و خوێندراو، بۆ ماوەیەك لە (30) ڕۆژ زیاتر نەبێ ڕادەگەیەنێ، من پێم باشە هەر ئەوە بمێنێتەوە، بۆ (30) ڕۆژەکە زیاتر نەبێ، نەك ئەوەی کە لیژنەی دارایی پێشنیاری کردووە کە لە (30) ڕۆژ کەمتر نەبێ، لە خاڵی پاش (يتضمن الإعلان كل شروط المرشحين في هذا القانون) دەکرێ (کل)ەکە لابدرێ و تەنها (يتضمن الإعلان شروط المرشحين في هذا القانون)، یەعنی تەنها بوترێ ئەو مەرجانەی کە لەو قانونەدا هاتوون، ئەوە لە خۆ بگرێ ڕاگەیاندنەکە، لە خاڵی پێجەمیشدا من پشتگیری لەوە دەکەم کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، کە ئەم بڕگەیەی بۆ زیاد بکرێ، کە ئەو خاڵەی بۆ زیاد بکرێ، (أن يكون من ساكني الإقليم) لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بێ، سەبارەت بە زیاد کردنی وشەی ڕاژە لە دوای وشەی کردەنی و کارپێدا کردنی لەدوای وشەی ڕاژە، لە لیژنەی یاسایی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، من پشتگیری ئەوە دەکەم، جگە لەوە ماوەی ڕاژەکە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێ لە جیاتی (15) ساڵ و سەبارەت بە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر (2) ساڵ دابشکێندرێ، (5) ساڵیش بۆ هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا، من لێرە پشتگیری لێ دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدام کە خاڵی تەمەن لێرە لابرێت، لە خاڵی (ب)دا هاتووە، لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عمر عبدالعزیز، فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەوە، من سەرەتا دوو تێبینیم هەیە، پەیوەندی بە پەیکەری بڵێین ئەنجومەنەکەوە هەیە، کە وابزانم لەگەڵ فەصلی پێنج و ماددەی (9) تێکەڵ یەك دێت، چونکە لەوێش باسی هەیکەلی تەنزیمی کراوە، یان دەبێ لێرە ئەو باسە لەوێ بوایە، یان دەبوایە ئەو لێرە بوایە بەڕای من، چونکە تێکەڵ بووە، ئێستا لە هەردووی دا دەڵێ/ (المجلس يتكون من.....) ئەوە، لەوێش هەر عەینی عیبارەت هاتۆتەوە،

ئەوە بە نیسبەت ناونیشانەکەوە، ئەگەر قەرار بێ هەر وەکو خۆی لێرە بمێنێ، دەبێ ئاماژە بـە دەوائیرەکـان بکەن، چونکە لێرە لە تەعریفەکەدا، لە پێکهاتەکە باسی چوار دائیرەکە نەکراوە کە سەر بەو ئەنجومەنەیە، تێبینی دووەمم/ سەبارەت بە ناونیشانەکە ئەوەیە کە لەم ماددەیە باسی مـەرجی پـاڵێوراوان کـراوە، کـە جەوهـەری یـە، خـاڵێکی جەوهـەری یـە لـە ماددەکـە، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە لـە ناونیشـانەکە بنووسـرێت پەیکەری ئەنجومەنەکەو مەرجی ئەندامانی، یەعنی لەناونیشانەکە ئەو عینوانەی تیابێت، چونکە خـاڵێکی ئەساسیە، بڕگەیەکی ئەساسیە لەناو ماددەکە، یەعنی عەرەبیەکە بکرێت بە (هیكل المجلس وشروط اعضاءه والية العمل)و، هەروەها کوردیەکەش بۆی ئیزافە بکرێت، بەنیسبەت بڕگەی یەکەوە، ئەو خوشـك و برایانـە ئاماژەیان کرد بە عەدەد، من دووبارەی ناکەمـەوە، بـەڵام مـن پێشـنیار دەکـەم، یـان ئـەو پێشـنیارانە ڕەچاو بکرێن، کە ئیختیساساتی جۆراو جۆری تیا بێـت، یـان ئیحالـە بکرێـت بـۆ ئەنجومەنەکـە خـۆی لـە پـەیڕەوی ناوخۆ ئاماژەیان پێ بکات، چونکە ئەنواعی ئیختیساسات پێشنیار کرا، ئێمە لێرە تەنها ئاماژەمان بە تـوب و هەندەسەو زراعە کردووە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئیختیساسـات لازمـە بـوترێ، ئـەو ئیختیساسـاتی مـەعنی، یـان زەروری لەناو پەیڕەوەکە خۆیان ئەنجومەنەکە ئاماژەی بۆ بکەن، مەسەلەی بڕگەی چـوارەم لـە عەرەبیەکـە چاك کردنێکی ئەوێت، ئەگەر برایانی لیژنـەی یاسـایی لـێم وەربگـرن، چـونکە هەڵەیـەکی زمانـەوانی تیایـە زەقیشە، (جميع وسائل الاعلام المرئية والمسوعة والمقروئـة)، نـەوەك (المرئـى والمسـموع والمقـروء) بەنیسـبەت بڕگەی پێنجەم، منیش پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم، مەرجی تەمەن لابرێت، چونکە لەمەرجی خزمەت کەسانێك دەردەچن، کە ئەڵێن کاراو پسپۆڕبوون و ساڵ دانراون، پێویست ناکات ئاماژە بە تەمـەن بکـەین و، لەگەڵ ئەوەشم لە 10ساڵ کەمتر نەبێ، بۆئـەوەی فـورەس بێڵێنـەوە بـۆ ئەوانـەی کـە کـاراو پسـپۆڕن، بـەڵام تەمـەنیان ڕەنگـە زۆر موسـاعد نـەبێ، بۆیـە پێویسـت ناکـات ئامـاژە بـەوە بکـەین، بەنیسـبەت بڕگـەی 8 لەماددەکە، کە نووسراوە لادانی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەندامان لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیـران بێـت، من پێموایە ئەبێ بڵێین لەسـەر داوای ئەنجومـەنی وەزیـران بێـت، چـونکە بـاس لـە بـێ توانـایی و بـاس لـە پێشێلکاری مەزنی وەزیفەیە ئەرکەکەیـەتی، ناکرێـت بـۆ شـتی وا پێشـنیار بـەکاربێت، ئـەبێ بـوترێ لەسـەر داوای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس هەر ئەوەندە بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ گشـت ئێـوەی بـەڕێز، هـەموو ئەوانـەی ویسـتیان موداخەلـە بکـەن، قسـەی خۆیـان کـرد، ئێسـتا دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ سەعات (5) ، بچن ئیسراحەت بکەن، دووبارە وەرنـەوە، بـەردەوام دەبـنین، زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، خوا ئاگادارتان بێت.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، بە ناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، داوا لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی دەکەین فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، لێژنەی یاسایی فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن،.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەنجومەن نەماوە، پەرلەمان، سەلامەت بی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە دانیشتنی بەیانی مولاحەزاتەکی زۆر درا سەبارەت بە مادده (4)، ئێمە ئەمرۆ لەگەڵ لێژنەی دارایی دانیشتنین و هەوڵمان دا ئەو ڕاو بۆچوونانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێ دا، هەوڵمان دا لە ناو ماددەکە جێگیری بکەین، بەڵام ئەوەی کە ئێمە ویستمان بیکەین بەڕاستی مەسەلەی تەفەروغەکە بوو کە بە دەرەجەی ئەساسی لەبەر ئەوەی هەمووومان لەگەڵ ئەوەین کە تەرشیقی ئیداری بکرێ لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەبیعی ئەوەی موقتەرەح بوو حەفت عزو بوو بە نیسبەت ئەم ئەنجومەنە، پاشان موقتەرەح هەبوو ببێتە پێنج، ئێمە وەکو مەبدەء وامان کرد کە هەمان هەیکەلی تەنزیمی ئیداری ببێتە هەمان ئەندام لە مەجلیسەکە کەواتە بەو عەمەلییەیە لە (11) مودیر عامەوە دەبێتە نزیکەی (6) مودیر عام، بە ئەندامانی مەجلیس و بە هەیکەلی تەنزیمی ئەم دەزگایە، جگە لەوەش هەندێ پێشنیار کرا کە یەك لەوانە ئەوەبوو کە دەڵێ/ پێویستە ئەوانەی کە تەرشیح دەکرێن هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بن، ئەوەشمان جێگیر کردووە لە ناو

**سادساً:** يمارس رئيس المجلس صلاحية الوزير المختص فيما يتعلق بالشؤون الادارية والمالية الخاصة بالمجلس، وله تخويل نائبه بعض من صلاحياته.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

دیارە ئیختیصاصەكان هەر بۆ مەجلیسەكە جێمان هێشتووە، مەسەلەی مودیر عام و دەرەجاتی خاصە هەمووی ڕێنمایی خۆی هەیە، چ بە نیسبەت سەنەواتی خیدمە، چ بە نیسبەت خیبرە و ئیختیصاص، بۆیە ئەوە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە هەمووی تەنزیم كراوە، بە پێویستمان نەزانی دووبارە ئێمە شرووتەكان لێرە دابڕێژینەوە، (10) ساڵ خزمەتی هەبێ، یان (15) ساڵ خزمەتی هەبێ، مودیر عام شرووتەكانی مەوجوودە، دەرەجاتی خاصە مەوجودە، ئێمە تەئكیدمان كردەوە كە دەرەجە (أ)ەكەی بەڕێزێك ئیشارەتی پێ دا، دەرەجەی وەزیر نیە، دەرەجەی مودیر عامە، بۆیە ئەو مەسەلەشمان ڕاست كردەوە لە زیمنی هەیكەلیەتی ئەو مەجلیسە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك ڕوونكردنەوەیەك، (نائب رئیس المجلس و الأعضاء بدرجة مدير عام)، هەموویان بە یەك دەرەجە؟ ئەگەر ئەوەمان بۆ تەوزیح بكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، هەموویان یەك دەرەجەن، نائیب ڕەئیسەكە و ئەعزایەكان بە دەرەجەی مودیر عامن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت لەسەر ئەوە.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ تێبینیەكان و دەستكاریەكانی لیژنەی قانونین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو پێشنیارانەی كە جەنابتان كردتان، وابزانم لەو خاڵانە جێگایان كردۆتەوە، ئێستا ئاخیر صیاغەی بخوێنێت یەك شت مابوو لێرە باسی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان كرد خیبرەیان لە (10) ساڵ كەمتر نەبێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو ئیشارەتم پێ دا، بە نیسبەت مودەرائی عامین زەوابتی تایبەت هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران و كاری لەسەر دەكرێ، بۆیە بە گوێرەی ئەو زەوابتە تەعیناتەكە دەكرێ، پێویست ناكات ئێمە لێرە تیكراری بكەینەوە، بە هەمان شێوە بە نیسبەت دەرەجاتی خاصەش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر جار بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بەڕێزان، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەوەی (یعین الرئیس و نائب الرئیس وأعضاء المجلس وفق القانون لمدة أربع سنوات)، چەند کەس پێشنیاری کرد، بەس دیارە لیژنەی قانونی و دارایی یەکسەر هەر پێنجەکەیان داناوە، واتا پێمان باش بوو بیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا ڕەئیەکەتانیان وەرگرتووە، جەنابت ئەوە لەبەر دەستی منە، داوات کردووە پێنج کەس بێت، لەگەڵ ڕەئیسەکە و جێگرەکە حەوت بێ، مەسەلەی چوار ساڵەکەش، ڕجائەن دانیشە، چوار ساڵ خۆ ئەوە پەرلەمان نیە هەڵبژێرێ، ئەوە دەزگایەکە بۆ کاروبار دادەنرێ، بەردەوام دەبێت، بیست پەرلەمانیش بگۆڕێ ئەو بەردەوام دەبێ لە ئیشی خۆی، پێویست بە تەحدید ناکات، یەعنی بە حەقیقەت من ڕێزم هەیە بۆ ئەو بۆچوونانە، هەندێکیش چوار ساڵ بێ، بۆ چوار ساڵ بێ؟ یەکێك موەزەفێکە دای دەنێیت، ئیشی خۆی دەکات، لە وەختێکیش دەیگۆڕێتن، بەڕێزان دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێك هەیە وەکو ئەوەی ئێستا لە لیژنەی یاسایی و دارایی کە خوێندرایەوە کە پێنج ساڵ بێ، هەندێ ئەندامی بەڕێزیش داوایان کرد ماوەکە چوار ساڵ بێ، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماوەکەیان چوار ساڵ بێت دەستی بەرز بکات تکایە؟ (19) بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە چوار ساڵ بێت، کێ لەگەڵە چوار ساڵ نەبێ؟ کێ لەگەڵە پێنج بێت؟ بە زۆرینەی دەنگ پێنج ساڵ مایەوە، فەرموو ئاخیر صیاغە بخوێنەوە بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**هيكلية المجلس وآلية العمل**

**أولاً: يتكون المجلس من:**

1- رئيس المجلس.

2- نائب رئيس المجلس.

3- المدراء العامون في المجلس.

4- مستشار المجلس.

**ثانياً:**

أ- يكون رئيس المجلس بدرجة (وكيل وزارة).

{سوێند بە خوای مەزن دەخۆم کە ئەرکی خۆم بە دەستپاکی و بێ لایەنی و سەربەخۆیی و دڵسۆزییەوە بە جێ بگەیەنم و سووریش بم لەسەر پیادەکردنی دەستوور و یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان و نهێنی و شکۆی کاریشم بپارێزم }.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیش.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە الخامسة...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەڕێزان بێدەنگ بن، ئینجا ناوان دەهێنم، دوو، سێ جاریش تیکراری دەکەمەوە، ڕجا لەو خوشك و برایانە دەکەم با ماددەکە، پرۆژە یاساکەمان ئەو شەو تەواو بکەین، زۆر زۆر داوای لێ بووردنتان لێ دەکەم، تکایە مەجال بدەن با بیخوێننەوە، ئەندامەکانی پەرلەمان گوێیان لێ بێ چی دەوترێ هەتا بتوانن دەنگدانێکی دروست بکەن، فەرموو.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (5):

يؤدي رئيس المجلس و نائبه اليمين القانونية قبل مباشرتهما اعمالهما أمام برلمان كوردستان وبالصيغة الآتية:

{أقسم بالله العظيم أن أؤدي واجباتي بأمانة وحياد وإستقلال وإخلاص وأن أحرص على تطبيق الدستور والقوانين والأنظمة والتعليمات وأحافظ على أسرار الوظيفة وكرامتها}.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئیلغاکردنی ئەو ماددەین، لەبەر ئەوەی هەر وەکو بەڕێزتان دەزانن بەیانی ئێمە دەنگمان دا کە ئەو دەزگایە ڕەبتی پەرلەمان بێ، ئەو وەختە سوێندەکە لە پەرلەمان دەبوو، ئێستا ڕەبتی بە ئەنجومەنی

جێگری سەرۆك لە كاتی ئامادەنەبوون دا جێی سەرۆك دەگرێتەوە.

**بەڕێز خورشيد أحمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

يحل نائب الرئيس محل الرئيس عند غيابه.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز خورشيد أحمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیمان لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، ڕەئیت؟

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەش وابزانم خۆیان لێژنەی قانونی تەعدیلاتیان تیادا كردووە، ماددەی شەشە، وانیە؟ دەبێتە ماددەی پێنج، تەعدیلاتیان تیادا كردووە، لەبەر ئەوە پێموایە یەعنی، ئێمە لەگەڵ تەعدیلەكانی لێژنەی قانونین كە كردوویانە لە ماددەی شەش، بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بكەن: د. بشیر خلیل، ئەڤین عمر، جمال طاهر، كاك بشیر، فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وادەبینم كە ئەو ماددەیە زیاد بێ، لەبەر ئەوەی حاصل تەحصیلە، جێگری سەرۆك باشە، ئیشی چیە ئەگەر جێگەی سەرۆك نەگرێتەوە لە كاتی ئامادەنەبوونی؟ ئەوە ماددەیەكی بە تەنیای گەورە و گرانی

ناویٚ، بۆیە ئەوە هەر بۆخۆی ئیشی جێگر ئەوەیە کە لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك ئەوا جێگرەکەی دەبیٚ و پێویست بەوە ناکات زیکر بکریٚ، زۆر سوپاس.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرِێز ئەڤین عمر، فەرموو.

**بەرِێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری رِەئیەکەی دکتۆر بەشیر دەکەم، هەمان بۆچوونم هەیە کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرِێز جمال طاهر، فەرموو.

**بەرِێز جمال طاهر إبراهیم:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیقتیراح دەکەم دووبارە صیاغە بکرێتن (یحل نائب الرئیس محل الرئیس و یمارس صلاحیاته عند غیابه)، زۆرجار سەرۆکی دائیرە یان هەر سەرۆکێك بێت، رِاستە نائیبەکەی لە شوێنی ئەوە، بەلاّم صەلاحیاتی ئەو مومارەسە ناکات، بۆیە لێرە باشترە حەتا بۆ تەئیکد کردن نە تەنها ئیشغال کردنە، پرِکردنی شوێنێك، بۆیە دەبێت (و یمارس صلاحیاته عند غیابه) حەتا جوملەکە تەواو بیتن، زۆر سوپاس.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەرِێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی ئێمە کە رِەئیس غایب دەبیٚ، نائیبەکەی مومارەسەی صەلاحیاتەکان دەکات، ئەو ماددەیە ماددەیەکی پرِۆتۆکۆلی یە لە زۆربەی زۆری یاساکانی ئێمەدا هاتووە، قەتعەن بەو نەصە نەبووە، مەسەلەی صەلاحیات و دانی صەلاحیات لە کاتی وجودی هەردووکیان مەسەلەیەکە، بەلاّم مەسەلەی غیاب مەسەلەیەکی ترە، بۆیە من پێموایە کە نائیب جێگەی رِەئیس دەگرێتەوە لە ئەسنای غیابی هەموو صەلاّحیاتێکی دەتوانیٚ ئیستیعمال بکات.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەگەر (ویمارس صلاحیاته) ئیزافە بکریٚ زەرەری هەیە؟

**بەرِێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هيچ مانيع نيه.**

**نەصەكە بە شێوەی لیّ دیّ:**

**(المادة السادسة/ يحل نائب الرئيس محل الرئيس عند غيابه و يمارس صلاحياته)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان كێ لەگەڵە تكايە دەست بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نيە؟ زۆر سوپاس بە كۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەی حەوت لە ئەصڵی پرۆژەكە كە دەكاتە ماددەی شەش.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم لە پرۆژەكە كە دەبێتە ماددەی شەشەم:**

**يەكەم:دانيشتنەكانی ئەنجومەن بەئامادەبوونی پێنج ئەندام سەرباری سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی گریّ دەدرێن.**

**دووەم: بڕياری ئەنجومەن بە زۆرينەی ڕەهای ئەندامانی دەردەچێت و لە كاتی يەكسان بوونی دەنگدا ئەو لايەنە پەسەند دەكریّ كە دەنگی سەرۆكی لەگەڵ دايە.**

**بەڕێز خورشيد سليم أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (7):**

**أولاً- تعقد جلسات المجلس بحضور خمسة أعضاء اضافة الى رئيس المجلس ونائبه.**

**ثانياً- يصدر قرار المجلس بالاغلبية المطلقة للأعضاء وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێشنياری ليژنەی ياسايی بەم شێوەيە:**

**1- بانگهێشت بۆ كۆبوونەوە لەسەر داوای سەرۆك يان جێگرەكەی دەبیّ.**

**2- بڕيارەكانی ئەنجومەن بە زۆرينەی ئەندامانی دەبیّ لە جياتی بە زۆرينەی ڕەها و ماددەكە بەم شێوەی خوارەوە دادەڕێژرێتەوە:**

**ماددەی شەشەم:**

**يەكەم: ئەنجومەن لەسەر داوای سەرۆك يان جێگرەكەی كە سەرۆك ئامادە نەبوو كۆدەبێتەوە.**

**دووەم: بڕيارەكانی ئەنجومەن بە زۆرينەی ئەندامە ئامادەبووەكان بەلايەنی كەم دەردەچن و ئەگەر دەنگەكان وەكو يەك بوون ئەوا ئەو لايەنە پەسند دەكریّ كە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە.**

**عەرەبيەكەشی بەم شێوەيە:**

المادة السادسة:

أولاً: يجتمع المجلس بدعوة من رئيسه أو نائبه عند غياب الرئيس.

ثانياً: تصدر قرارات المجلس بأغلبية أعضاء الحاضرين على الأقل و إذا تساوت الأصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەو گۆڕانکارییەی لە ژمارەی ئەندامان کرا هی ئەنجومەن، ئێمە لەگەڵ ڕەئی لێژنەی یاساییین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی لێژنەی قانونین، بەڵام بە ئیزافەی حاڵەتێك، بۆ ئەوەی ئیکتیمالی نیصاب و تەصویت تێکەڵ نەکرێ، لەبەر ئەوە دەبێ ئیشارەت بکرێ بڵێین (یکتمل النصاب بحضور الأغلبیة)، یەعنی نیصاب جیایە و تەصویت جیایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، بەڕێزان کێ دەیەوێ لەسەر ماددەی حەوت لە ئەصڵی پرۆژەکە کە ماددەی شەشە موداخەلە بکات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بکەن: عماد محمد، عمر هەورامی، جمال تاهیر، کاوە محمد أمین، د.أحمد وەرتی، کەسی تر هەیە؟ نیە، فەرموو کاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە من لەگەڵ ئەو زیادکردنەم ئەوەی کە لێژنەی قانونی کردی، بەڵام دیسان من هەمان ڕەئیم هەیە لەگەڵ جەنابی وەزیرم دەبێت برگەی یەکەم بمێنێت، چونکە ئەوە باسی نیصاب دەکات، واتا (تعقد جلسات المجلس بحضور أغلبیة أعضاء الحاضرین إضافةً إلى رئیس المجلس و نائبه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز عمر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان قسەکانی کاك عماد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جمال طاهر، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت خاڵی دووەم، (یصدر قرار المجلس) ئایا تەنها یەك قەرارە؟ ئیصداریش ئاخیر مەرحەلەی قەرارە، بۆیە بە باشتر دەزانم (تتخذ القرارات)، (تتخذ قرارات المجلس بالأغلبیة المطلقة للأعضاء و عند تساوي الأصوات یرجح الجانب الذي صوت معه الرئیس)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاوە محمد، فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونی كاك جمال تەئید دەكەم، بەڵام ئەو (على الأقل)ە فەقەرەی (2) لە صیاغە كردنەوەی لێژنەی قانونی پێم زیادە، (تصدر قرارات المجلس بأغلبیة أعضاءە الحاضرین على الأقل) زیادە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.أحمد وەرتێ، فەرموو.

**بەڕێز د.أحمد إبراهیم علی (وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی خاڵی (أولاً) من پێم باشە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی كە نیصابی قانونی هەبێ لە كاتی دانیشتنەكان، (تعقد جلسات المجلس بحضور أغلبیة أعضاء المجلس) یان (بحضور خمسة أعضاء إضافةً إلى رئیس المجلس و نائبه)، سەبارەت بە خاڵی یەكەمیش لە ڕاپۆرتی لێژنەی یاسایی (ئەنجومەن لەسەر داوای سەرۆك یان جێگرەكەی كە سەرۆك ئامادە نەبوو كۆ دەبێتەوە)، لە عەرەبیەكەی دەڵێ: (عند غیابە)، بۆیە لە كوردییەكە باشتر وایە ئەنجومەن لەسەر داوای سەرۆك یان جێگرەكەی لە كاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك دا كۆ دەبێتەوە)، نەك كە سەرۆك ئامادە نەبوو، یەعنی موتابیقی لەگەڵ عەرەبییەكە (عند غیاب الرئیس)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز لێژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی هەشت لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی حەوت، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**ئەرکەکانی ئەنجومەن**

ماددەی هەشتەم لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی حەوتەم بۆ ئێستا:

ئەنجومەن ئەم ئەرکانەی دادێن دەگرێتە ئەستۆ :

**یەکەم**: جێبەجێ کردنی یاسای ڕاژەی گشتی هەرێم لەکاتی دەرچوونی و جێبەجێ کردنی هەر شتێکی پەیوەندی بە وەزیفەی گشتییەوە هەیە لە هەرێمدا بەپێی یاسای کارپێکراو.

**دووەم**: دامەزراندن و دامەزراندنەوە و بەرزکردنەوە لە ڕاژەی گشتی دا و ئەمەش تەنیا ئەرکی ئەنجومەن دەبێت و لەسەر بنەمای پیشەیی و توانا .

**سێیەم**: نەخشەکێشان بۆ کاروباری وەزیفەی گشتی و سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی لە دەزگاکانی هەرێم دا و دیاری کردنی سیاسەتی ڕاژەی گشتی و دەستنیشان کردنی ئامرازەکانی جێبەجێ کردنی و هەڵسەنگاندنی ئاستی تەواوکردن.

**چوارەم**: پێشنیارکردنی پرۆژە یاسا و ڕێسای تایبەت بە ڕێکخسن و پەرەپێدانی کاروباری وەزیفەی گشتی یان دەربڕینی ڕا لەبارەیەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی دا .

**پێنجەم**: ئامادەکردنی پەیکەری وەزیفی بۆ وەزارەتەکان و لایەنانی گرێ نەدراو بە وەزارەت و هەردەزگایەکی وەزیفەی گشتی تیادابێت بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار .

**شەشەم**: وەسف کردنی وەزیفە گشتیەکان بەمەرجی پڕکردنەوەیان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی تایبەتین لە وەزارەتی پلان و لایەنانی دیکەی پەیوەندیدار .

**حەوتەم**: دیاری کردنی سیاسەتی شیاندن و مەشق بۆ فەرمانبەرانی هەرێم لە کاتی ڕاژەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان و لایەنانی دیکەی پەیوەندیدرر.

**هەشتەم**: دانانی سیاسەت و پرەنسیپیدا کە بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان ژمارەی فەرمانبەران لەفەرمانگەکانی جۆربەجۆری هەرێم و ئەو ڕاژەیەی جێبەجێ دەگەیێندرێت مسۆگەر دەکات.

**نۆیەم**: بەجێ گەیاندنی لێکوڵینەوەو توێژینەوەی گرێدراو بە پەرەپێدانی وەزیفەی گشتی و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە لە بارەیانەوە بۆ لایەنانی پەیوەندیدار لە هەرێم دا، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تایبەتمەند.

**دەیەم** : ئامادەکردنی ڕاپۆڕتی ساڵانە لە بارەی کارەکانی ئەنجومەنەوە کە بریتی بێت لە ئەنجامەکانی پێداچوونەوە بە پرۆسەکانی تەوزیف و ئەو ڕاسپاردانەی بە پێویستیان دەزانێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕاژەی گشتی و بەرزکردنەوەی بۆ پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران .

**یازدەم** : ئامادەکردنی ڕاپۆڕتی ساڵانە لە بارەی هەر وەزارەتێك یان لایەنی گرێ نەدراو بە وەزارەت و بەرزکردنەوەی بۆ پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران کە بریتی بێت لە ڕاسپاردە و پێشنیاری پێویست بۆ مسۆگەر کردنی باش بە جێ گەیاندنی کار.

**دوازدەم :**

أ- ئامادەکردنی پرۆژە بودجەی تایبەت بە ئەنجومەن تا لە نێو بودجەی گشتی هەرێمدا تومار بکرێت.

ب- لێکوڵینەوەی لە پێشنیاری وەزارەتەکان لە بارەی پرۆژەی بودجە بۆ هەرێم هێندەی پەیوەندی بە پشتەوانەی پێویست بۆ فەرمانبەران و خەرجی کارگێڕی هەبێت و ڕازی بوون پێی و پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی وەزیران .

**سێزدەیەم :**

بەجێ گەیاندنی رووپێوو توێژینەوەو ئامار پێشکەشکردنی ئەو پێشنیارانەی پەیوەندیدارن بە بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان پەیکەری مووچە و ئاستی گشتی و گوزەران لەبەر ڕۆشنایی تێچووی گوزەران نرخی کاڵا و خزمەت و پێوەرەکانی ئابووری و دیاری کردنی نزمترین ئاستی گوزەرانی تاك لە وەزیفەی گشتیدا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی تایبەتمەند .

**چواردەم :**

ئەنجومەن بۆی هەیە شیانی ئەو کەسانە تاقی بکاتەوە کە دەخوازرێت دابمەزرێندرێن یان دووبارە دامەزرێندرێنەوە بە دیدەنی یان بە تاقیکردنەوەی بە نووسین یان بە هەردووکیان پێکەوە بۆ ئاشنابوون بە سیفەت و لێوەشاوەییان، ئەمەش ئەوانە ناگرێتەوە کە ڕاژەی پێشتریان هەیە لە وەزیفەیەکدا کە تیایدا جێگیربوون یان خاوەن بڕوانامەیەکی باڵان، تەنیا مەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ پڕکردنەوەی ئەو وەزیفانەی داواکراوە پڕ بکرێنەوە هاتوونەتە پێش لە ژمارەی ئەو وەزیفانە زیاتر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیش.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**مهام المجلس**

**المادة (8): يتولى المجلس المهام الآتية:**

**أولاً**- تنفيذ قانون الخدمة العامة للاقليم عند تشريعه وتنفيذ كل ما يتعلق بالوظيفة العامة في الاقليم بموجب القوانين النافذة.

**ثانياً**- التعيين وإعادة التعيين والترقية في الخدمة العامة ويكون ذلك من اختصاص المجلس حصراً وعلى أساس المعايير المهنية والكفاءة.

**ثالثاً**- تخطيط شؤون الوظيفة العامة والاشراف والرقابة عليها في مؤسسات الاقليم ورسم سياسات الخدمة العامة وتحديد وسائل تنفيذها وتقييم مستوى الانجاز.

**رابعاً**- اقتراح مشروعات القوانين والانظمة الخاصة بتنظيم و تطوير شؤون الوظيفة العامة أو ابداء الرأي فيها بالتنسيق مع وزارة المالية.

**خامساً**- اعداد الهيكل الوظيفي للوزارات والجهات الغير المرتبطة بوزارة و كل مؤسسة فيها وظيفة عامة وبالتنسيق مع الجهات المعنية.

**سادساً**- وصف الوظائف العامة وشروط اشغالها بالتنسيق مع الأجهزة المختصة في وزارة التخطيط والجهات الأخرى ذات العلاقة.

**سابعاً**- رسم سياسة التأهيل والتدريب أثناء الخدمة لموظفي الاقليم وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والجهات الاخرى ذات العلاقة.

**ثامناً**- وضع السياسات والضوابط الكفيلة بتحقيق التوازن بين عدد الموظفين في دوائر الاقليم المختلفة وبين الخدمة المؤداة.

**تاسعاً**- إجراء الدراسات والبحوث المتعلقة بتطوير الوظيفة العامة وتقديم التوصيات في شأنها الى الجهات المعنية في الاقليم وبالتنسيق مع الوزارات المختصة.

**عاشراً**- اعداد تقرير سنوي عن اعمال المجلس يتضمن نتائج المراجعة لعمليات التوظيف والتوصيات التي يراها ضرورية لرفع مستوى الخدمة العامة ورفعه الى برلمان كوردستان و رئاسة الاقليم و مجلس الوزراء.

**حادي عشر**- إعداد تقرير سنوي عن كل وزارة او الجهة غير المرتبطة بوزارة ورفعه الى برلمان كوردستان ورئاسة الاقليم و مجلس الوزراء يتضمن التوصيات والمقترحات اللازمة لضمان حسن اداء العمل.

**ثاني عشر**-

(أ): إعداد مشروع الموازنة الخاصة بالمجلس لدرجه ضمن الموازنة العامة للاقليم.

(ب): دراسة مقترحات الوزارات حول مشروع الموازنة للاقليم فيما يتعلق بالإعتمادات المطلوبة للموظفين والنفقات الادارية والموافقة عليها وتقديمها الى مجلس الوزراء.

**ثالث عشر**- إجراء المسوحات والدراسات والاحصاءات وتقديم المقترحات المتعلقة بتحقيق التوازن بين هيكل الرواتب وبين المستوى المعيشي العام في ضوء تكاليف المعيشة وأسعار السلع والخدمات والمعايير الاقتصادية وتحديد الحد الأدنى لمعيشة الفرد في الوظيفة العامة بالتنسيق مع الجهات المختصة.
**رابع عشر**- للمجلس اختبار مؤهلات الأشخاص المراد تعيينهم أو إعادة تعيينهم بالمقابلة أو بالامتحان التحريري أو بهما معاً للوقوف على صفاتهم ولياقتهم ويستثنى من ذلك مَن له خدمة سابقة في وظيفة مثبت فيها أو يحمل شهادة عليا الا إذا كان عدد المتقدمين للوظائف المطلوب اشغالها أكثر من عدد تلك الوظائف.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشتەم كە زنجیرەكەی دەبێتە ماددەی حەوتەم، لێژنە پێشنیار دەكات:
یەكەم: لابردنی گوزارەی (گشتی بۆ هەرێم لە كاتی دانان) و گوزارەی ڕاژەی (شارستانی و میلاك) زیاد بكرێ لە دوای یاسای ڕاژە.
دووەم: گوزارەی (زیادكردنی ڕاژە بخرێتە دوای گوزارەی ڕاژەی گشتی).
سێیەم: هیچ تێبینی یەكی لەسەر نیە.
چوارەم: گوزارەی (و لایەنە پەیوەندیدارەكان) زیاد بكرێ بۆ كۆتایی بڕگەكە.
پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم هیچ تێبینی یەكمان لەسەر نیە.
دەیەم: گوزارەی (و بەرزكردنەوەی بۆ پەرلەمانی كوردستان و سەرۆكایەتی هەرێم) لە كۆتایی بڕگەكەدا لابدرێ و تەنیا ئەوەندە بمێنێ (بە بەرزكردنەوەی ڕاپۆرتەكە بۆ ئەنجومەنی وەزیران) لەبەر ئەوەی ئەو ئەنجومەنە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەستراوە.
یازدەم: لابردنی (پەرلەمانی كوردستان و سەرۆكایەتی هەرێم) لە دێری دووەمی ماددەكە و گوزارەی (بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی و گەشەپێدانی لە ڕاژەی شارستانی) زیاد بكرێ بۆ كۆتایی بڕگەكە.
دوازدەم: هەردوو بڕگەی (أ) و (ب) لە یەك بدرێن، بكرێتە دەقی بڕگەی دوازدەم لەگەڵ زیادكردنی گوزارەی (بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ دوای دێری یەكەم، دوای ئامادەكردنی پرۆژەی بودجە.
سێزدەم و چواردەم: هیچ تێبینی لەسەر نیە.
پێشنیاز دەكەین بڕگەیەك بە زنجیرە (15) بخرێتە سەر و بەم شێوەی خوارەوە بێ:

(یاخود هەر بابەتێكی تر كە پەیوەندیدار بێ بە بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی و گەشەپێدانی لە ڕاژەكەدا كە ئەنجومەنی وەزیران بۆی دەنێرێ و لێژنە پێشنیاز دەكات كە ماددەی حەوتەم پاشان دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیەی كە دوای گفتوۆكردن عەرزی دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز لێژنەی دارایی، فەرمووو.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی ئێمە پێش ئەو گۆڕانكارییەی كە لە یاسادا دروست بووە لە ئەصڵی پرۆژەكە ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر نیە، بەڵام پاش ئەو گۆڕانكارییە، بابەتەكە بەجێ دەهێڵین بۆ ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرمووو.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریانەین كە ئەنجام دراوە لە تەقریری لێژنەی قانونی سەبارەت بە ئەركەكانی ئەنجومەن لەگەڵ ئەوەشداین ئەم عیبارەیە ئیزافە بكرێ بۆ ئەوەی ئەو بیرۆكەیەی لە نەبوونی لامەركەزییەت بڕەوێتەوە، لە خاڵی دووەم/ باسی ئەوە دەكات (التعيين و إعادة التعيين و الترقية في الخدمة العامة و إضافة الخدمة و يكون ذلك من إختصاص المجلس حصراً و على أساس المعايير المهنية و الكفاءة)، ئەوەی كە ئێمە ئیزافەی بۆ بكەین باشە (وضمان تحقيق التوازن التنموي في جميع محافظات الإقليم)، ئەو كاتە ئەو مەترسی یە دەڕەوێتەوە سەبارەت بەو مەسەلەیە، ڕەچاوی هەموو موحافەزات دەكرێ، خاڵێكی تر هەیە لە سێیەم، كەلیمەی ڕەقابە، چونكە لە ئەهدافەكە لامان برد كە ئەوە موهیمەكەی ڕەقابی نیە، دەبێ دیسانەوە لە سێیەم ئەوەی (تخطيط شؤون الوظيفة العامة والاشراف) كەلیمەی ڕەقابە لابرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە موداخەلە بكات ناویان دەنووسین، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ موداخەلە بكەن: عظيمة نجم الدين، سیوەیل عثمان، شڤان أحمد، شلێر محمد نجيب، سەردار رشيد، بەیان أحمد، د.أحمد إبراهيم وەرتی، أمير گوگا، هاژە سلیمان، بێریڤان سەرهەنگ، جمال طاهر، شێرزاد عبدالحافظ، نەریمان عبدالله، شەونم محمد غريب، عمر هەورامی، محمد دلێر، كەسی تر هەیە؟ نیە، فەرمووو عەزیمە خان.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم لەسەر بڕگەی دووەم هەیە لە ماددەی هەشتەم، ئەویش لەسەر ئەوەی کە دامەزراندن و دامەزراندنەوە و بەرزکردنەوە لە ڕاژەی گشتی، ئەوەش تەنیا لە تایبەتمەندی ئەنجومەن دەبێ و لەسەر بنچینەی پێوەری پیشەیی و شیاوی، لێرەدا ئەو ئەنجومەنەی کە دروست بووە، ئایا چ پێوەرێکی هەیە بۆ ئەوەی کە لە ڕووی پیشەییەوە بتوانێت شیاوی یان ئەو سیفەتانەی کە بۆ دامەزراندن دەبێ، بە تایبەتی بڵێین بۆ مامۆستایان لە ناو ئەو ئەنجومەنی ڕاژەیە کە مامۆستا دادەمەزرێ، ئایا ئەو ئەنجومەنە کەسێکی پسپۆڕی تیا نەبێ لە ڕووی پیشەییەوە، لە ڕووی ئەوەی کە هەڵسەنگاندنێك یان تاقی کردنەوەیەك بۆ ئەو کەسانەی وەردەگیرێن، با بڵێین ئێمە ئێستا لە ناو بواری پەروەردەدا دەیان مامۆستای نەخۆشمان هەیە کە لە ڕووی دەروونییەوە تەواو نیە، وەکو ئەوەی کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان دا بینیمان، کە تەعزیبی نەفسی منداڵ دەدات، سەدانی وامان هەیە ئێمە ئەگەر بێین پێوەر دابنێین بۆ ئەوەی کە جارێکی تر بە هەڵەدا نەچینەوە لە دامەزراندن دا بۆ ئەوەی کە لەناو دام و دەزگاکان دا، بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا کەسی شیاو و باری تەندروستی و دەروونی تەندروست بێ، بتوانین لە ناو دام و دەزگاکان دا جێیان بکەینەوە، من تێبینیم لەسەر ئەوەیە بە چ پێوەرێك ئەگەر لە ناو ئەو دەزگایەدا کەسی پسپۆڕی تیا نەبێ، کە تۆ بتوانی ئەو هەڵسەنگاندنە یان ئەو تاقی کردنەوەیە، یان ئەو سیفەتانەی کە پێی دادەمەزرێنین، خاڵێکی تر کە لە ماددەی چواردەهەم تێبینیم لەسەر هەیە، ئەنجومەن بۆی هەیە توانای ئەو کەسانەی کە دادەمەزرێن تاقی بکاتەوە، یان دووبارە دایانمەزرێنیتەوە بە چاوپێکەوتن یاخود بە تاقی کردنەوە، بە نووسین یان هەردووکیان، تاوەکو لە سیفەت و شیاویان بگات، ئەویش بە هەمان شێوە وتمان پێویستمان بەوەیە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی تێدا بێ، بۆ ئەوەی کە بتوانرێ سوود لەو شیاندنە وەرگرێ، هەر لە هەمان بڕگەدا ئەوانەش بەدەردەکرێن کە ڕاژەی پێشوویان هەیە، باشە ئەگەر بێت و ئێمە هەر تەنها ئەو دامەزراندنانەی کە تازە دەکرێن، ئامادەکردن و ڕاهێنان و با بڵێین ئەو خولی شیاندن و یان ئەو هەڵسەنگاندنانە بکرێ، ئەی ئەوانەی کە لە پێشوو دامەزراون ئێمە چۆن دەتوانین دەستکاری و گۆڕانکاری لە ناو ئەو کەسانە بکەین، کە لە ناو دام و دەزگاکان دا جێگیر کراون؟ ئیحتیمالە ئێستا دەیان کەسمان هەبێ، بە سەدانمان هەبێ بە شهادەی تەزویرەوە لە پۆستێکی ئیداری دا بێ، لە جێگایەك دا بە مامۆستا دامەزرابێ، لە جێگایەك دا بە بەڕێوەبەرێ دامەزرابێ، یەعنی ئیحتیمالە ئەوانە هەموو بوونی هەبێ، بەڵام کە ئێمە دەستکاری ئەوانە نەکەین بەدەر لەوانەی کە ڕاژەی پێشوویان هەیە، من پێموایە ئەم خاڵە جێی گرنگی پێدانە و وەکو ئەوانەی تر پێداچوونەوە، مادام ئێمە ئەو ئەنجومەنە دروست دەبێ، ئەم ئەنجومەنە وەکو دەزگایەك بتوانێ، یان بەشێکی تێدا بێ، یان بەڕێوەبەرییەکی تێدا بێت کە بەدواداچوونێك بکات بۆ هەموو ئەوانەی کە لە دام و دەزگاکان و وەزارەتەکان دامەزراون، بۆ ئەوەی جارێکی تر بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دابندرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سیوەیل عثمان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە (ثالثاً) هەمانە، (تخطیط شؤون الوظیفة العامة و الإشراف و الرقابة) ئەگەر (رقابة) لە ماددەی دووەم (ثانیاً) لامان برد، ئەگەر لێرەش ڕەقابە لاببەین باشە، چونکە لەوێش لامان بردیە لە ماددەی دووەم، بە نیسبەت خاڵی (عاشراً) و (حادي عشر)مان هەیە، تەبعەن مادام ئەنجومەنە، سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، پێویست ناکات ڕاپۆرت بۆ پەرلەمان و ریئاسەی ئیقلیم بەرز بکاتەوە، پێموایە ئەویش ئەگەر لاببەین باشە، هاوڕام لەگەڵ وابزانم لێژنەی قانونیش وایان کردووە، بە نیسبەت (رابع عشر)مان هەیە، لە کۆتاییەکەی ئەو مەجلیس کە دادەمەزرێنێ بە پێی (مؤهلات الأشخاص المراد تعیینهم)، پێم باشە لێرە ڕێژەیەك بۆ کەم ئەندام دابندرێ، ئەگەر لە (10٪) دیاری بکرێ زۆر باشە، لەبەر ئەوەی کەم ئەندامان لەوانەیە کەمتر سوودی لێ وەربگرن لە تەعینات و شتی وا، ئەگەر لێرە ڕێژەیەکی بۆ دابندرێ پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شڤان أحمد.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (8) کە لە ئەصڵ دا بوو، پاشان بووە ماددەی حەفت، لە پاش تەغییرەکە، لە بڕگەی یەکەم (تنفیذ قانون الخدمة العامة للإقلیم عند تشریعه) ئەوە هێشتا مەشروعە، هێشتا پرۆژەیە، هێشتا نەهاتووە، موصادەقە نەکراوە، بە ڕەئی ئێمە پێویست ناکات ئێمە بە قانونێك ئیشارەت بەو مەشروعە بدەین کە هێشتا موناقەشە نەکرابێت و موصادەقەی لەسەر نەکرابێت، هیچ لە مەعناکەش ناگۆڕێت ئەگەر ئەوەی هەموو حەزف بکەین بڵێین: (تنفیذ کل ما یتعلق بالوظیفة العامة في الإقلیم بموجب القوانین النافذة)، ئەوە کافیە، خۆمان لە خاڵەکەش ڕزگار دەکەین، بڕگەی دووەم، من بە عەکسی برادەرانی خۆم کە باسی ڕەقابەیان کرد، من نووسیبووم کە ئەو ماددە تیکرارە، فیعلەن تیکرارە لەگەڵ ئەهداف، کە داوای ئیلغا بکەن، چونکە ڕەقابەی تێدایە، من داوا دەکەم ئەو ڕەقابە بمێنێت، چونکە ئەو مەجلیسە دەورێکی ڕەقابی هەیە، دەلیل بۆ ئەوە، بڕگەی یازدە (حادي عشر)/ (إعداد تقریر سنوي عن کل وزارة) ئەوە نەتیجەی ڕەقابە دێت، ئەگەر نا چۆن دەتوانن تەقریری سەنەوی لەسەر هەموو وەزارەتێك تەقدیم بە جیهاتە مەعنییەکان بکەن، بۆیە پێویستە ئەو بڕگە بمێنێت و تەنمیەی ڕەقابەی تێدا بێت و کە زۆر بە قوەت دەبێ، بڕگەی نۆیەم (تاسعاً)، لە دێری ئاخیری هاتووە (إلی الجهات المعنیة في الإقلیم)، ماالمقصود بالجهات المعنیة؟ کێنە ئەوانە؟ لێرە زیکر بکرێت، غامزە، من پێم باشە زیکر بکرێت بۆ ئەوەی وازح بێت و قانونیش بە وازحی تەنفیز دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من لە ماددەی یەكەم یەك سوئال لە لیژنەی یاسایی دەكەم، كە بەڕاستی مادام یاسای ڕاژەی هەرێم بۆ ئەو كاتە كە دەردەچێت تۆ لەسەری دەڕۆی، لێرە ئێمە بۆچی هەر یەكسەر ئیشارەت بە، نابێ یەعنی قانونی خدمەی مەدەنی ڕەقەم (24)ی ساڵی 1960 (المعدل)، چونكە ئەو قانونە زۆر موهیمە و هەتا ئێستاش لە بەغدا لە هەموو عیراق دا ئیشی لەسەر دەكرێ، تەعدیلاتیشی دەكرێ لەبەر كۆنییەكەی تەعدیلاتی زۆر لەسەر دەكرێ، ئەوە لەبەرچی دەبێ ئێمە زۆر تەركیز بكەینە سەر ئەوە؟ چونكە تەنیا یاسایەكە ئێمە لەگەڵ تەعدیلاتەكەی ئیشی لەسەر دەكرێ، بەڵام ناشارەزایی زۆربەی ئەو موەزەفانەی كە لە ئیدارە و زاتییەكان دا ئیش دەكەن وای لێ كرد ئێمە خۆمان مەئساتەكەمان بینی كە ئەو مەعاشانەی كە درایەوە بە موەزەفین ئەگەر نەزانی نەبێت بۆچی وای لێ هات؟ لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوە دابنرێ و دەورە ڕەقابییەكەیشی بمێنێ، چونكە لە ماددەی تردا ئێمە دەڵێین دەبێ تەقریری سەنەوی لەسەر ئەدائی هەموو شوێنێ بكرێ، باشە ئێمە جارێكی تر ڕەقابەی لێ وەرگرینەوە، دەوری زۆر نامێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەردار رشید، فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لەم ماددەیەدا، ماددەی هەشت، جۆرێك لە چارەسەر كراوە بۆ ئەو هەموو حاڵاتی هەڵاوسانەی كە بەیانیش ئاماژەم پێدا لە دام و دەزگاكانی حكومەت دا، بەلام وا باشترە لە بڕگە (1) ئاماژەی پێ بكرێ كە یەكێ لە ئەركەكانی دەستە چارەسەری ئەو هەموو حاڵاتی هەڵاوسانەیە لە ڕووی زۆری فەرمانبەران كە ئێستا دەزگاكانی حكومەتی گرفتار كردووە، بۆیە تەئكید لەو حاڵەتە دەكەمەوە و پێشنیارەكەم بۆ هەردوو لیژنەی بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەیان أحمد.

**بەڕێز بەیان أحمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت خالا دووێ/ ئەز پشتەڤانیێ لە بۆچوونا جەنابی وەزیری دكەم بەڕاستی، كو ئەو ئیزافە وی كری، خالا شەشێ/ من پێ باشە ڤی شێوەی بێتە دارشتن (إعداد الأوصاف الوظيفية لكافة وظائف الأجهزة الحكومية)، خالا حەفتێ/ (رسم سياسة التأهيل و التدريب) ئەز پرسیاری لیژنە بەڕێز دكەم، چ ئالیەت تەدریب و تەئهیل دێتە كرنێ، هەروسا چەندین پێشنیاری دیم پێ باشە ئاراستەی ئێوەی بەڕێز بكەم،

یەك/ (الإطلاع على السجلات و الملفات المتعلقة بالموظفين و بشؤون الخدمة العامة في أي دائرة إذا دعت الحاجة إليه لذلك)، دوو/ (بناء و تطوير قاعدة بيانات مركزية و أنظمة معلومات لإدارة الموارد البشرية في الخدمة العامة و توحيد أنظمة المعلومات الخاصة بالوظيفة و الموظفين بالتعاون مع الدوائر المعنية)، سێ/ (وضع القواعد و الطرق اللازمة إتباعها في إجراء الترفيعات)، چار/ (إعداد سجل مركزي لجميع موظفي الخدمة العامة في الإقليم)، پێنج/ (إعداد دليل الخدمة العامة في الإقليم و توضيح واجبات الموظف و حقوقه التي يتضمنها هذا القانون، وسائل التشريعات المعمول بها و التي يجب على الموظف الإلمام بها)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د. أحمد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز د.أحمد إبراهيم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشتەم، خاڵی دووەم دامەزرانـدن و دامەزراندنـەوە، بەرزكردنـەوە لـە ڕاژەی گشتی ئـەوەش تـەنیا لـە تایبەتمەنـدی ئەنجومـەن دەبـێ و لەسـەر بنچـینەی پێـوەری پیشـەیی و شـیاوی دەبـێ، پرسیارەكەم لێرە ئەوەیە، ئایا دامەزراندنەوە جارێكی تر دوای فەصلە یان دوای دابڕانـە، لێـرە چـونكە بـە شـێوەیەكی ڕەهـا هـاتووە، دامەزرانــدن و دامەزراندنــەوە، دیـارە كەسـێك مـوەزەف بـووە جـارێكی تـر دادەمەزرێنرێتەوە، لێرە دیارە بەشێوەیەكی ڕەها هاتووە، سەبارەت بـە بڕگـەی سێهەم/ (تخطيط شؤون الوظيفة العامة و الإشراف و الرقابة عليها في مؤسسات الإقليم)، دیارە (والرقابة عليها) دەقەكەی لـە ماددەی دووەم بوو، كە پێشنیارمان كـرد كـە تێكەڵییـەك هەیـە لـە نێـوانی ئەهـداف و مـەهام، نێـوان ئامانجـەكان و ئەركـەكان دا، بـەڵام ئەگـەر لێـرە بمێنێتـەوە، مـن پێشـنیار دەكـەم كـە لێـرە ڕەقابـەی لەگـەڵ دا بمێنێتـەوە، چونكە بەڕاستی ئەم ئەنجومەنە جۆرێك لە چاودێریشی هەیە بەسـەر دام و دەزگاكـان دا، بـە تایبـەت ئێمـە ئەگەر خاڵی یازدەهەم بخوێنینەوە، كە باس لە ئامادەكردنی ڕاپۆتێك دەكات، ئامادەكردنی ڕاپـۆرتی سـاڵانە لە بارەی هەر وەزارەتێك یان لایەنێكی كە بە وەزارەتەوە نەلكابن، بەرزكردنەوەی بۆ پەرلەمانی كوردسـتان و سـەرۆكایەتی هـەرێم و ئەنجومـەنی وەزیـران، كـە لێـرە دەبێتـە ئەنجومـەنی وەزیـران، كـە راسـپاردە و پێشنیارەكانی پێویست بگرێتە خۆ بۆ دەستەبەر كردنی جوانی جێبەجی كردنی كارەكە، جـوانی جێبـەجێ كردنی كارەكە دیارە لە ئەنجامی بەدواداچوونی چاودێری ئەو ئەنجومەنە دەبێ لەسـەر وەزارەتـەكان، بۆیـە من پێم باشە لێرە ئەو ڕەقابەیە بمێنێتەوە ئەو چاودێرییە، چونكە لێـرە مەهامەكانـە، گرنگـی ئەركـەكانی ئەو ئەنجومەنـەش لـەو ماددەیـە، لـەو خاڵانـە دەردەكـەوێ، سـەبارەت بـە بڕگـەی (سادساً)، شەشـەم، كـە لـە عەرەبییكە دەڵێ (وصف الوظائف العامة و شروط إشغالها....) تا كۆتایی، لە كوردییەكەیدا دیسان هەر تـەنها

وەصف كردنی هاتووە، یەعنی هیچ مەعنایەكی بە كوردی نەدراوتەوە، وەصف كردنی فەرمانە گشتی یەكان و مەرجەكانی گرتنە ئەستۆیان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا تایبەتەكان، من پێموایە ئەو وەصف كردنە بكرێتە دیاری كردنی یان دەستنیشان كردنی فەرمانە گشتی یەكان، چونكە وەصف كردن لە كوردی دا بۆ تەنها بەرامبەر وەصفی عەرەبی لێرە ڕەنگە زۆر لە شوێنی خۆی دا نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز أمیر گۆگا.

**بەڕێز أمیر گۆگا یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی پشتگیری ڕای لێژنەی یاسایی و بەڕێز جەنابی وەزیر دكەم، (المادة الرابع عشر/ للمجلس إختبار مؤهلات الأشخاص المراد تعيينهم أو إعادة بالمقابلة أو إمتحان تحريري أو بهما معاً للوقوف على صفاتهم و لياقتهم) یەعنی (وقوف على صفاتهم و لياقتهم) ئەز بێژم هەردووك موراديفێت، ئەگەر (على أهليتهم الوظيفية أو مؤهلاتهم الوظيفية) جوانترە، چونكە لیاقە چ عیلاجە بە وەزیفەت نینە، (للوقوف على أهليتهم الوظيفية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز هاژە سلیمان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی سێیەم لە ماددەی هەشتەم، مەسەلەی نەخشە كێشان بۆ كاروباری وەزیفەی گشتی، من پێموایە زۆر گرنگە كە بە هاوكاری بێت لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان، چونكە تاكو ئێستاشی لەگەڵ دا بێت، وەزارەتی پلان دانان ئەو ئەركەی لەسەر شانە، پێویست دەكات لێرە كە بە هاوكاری بێت، یان بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان، هەرچەندە لە بڕگەی شەشەمدا هاتووە وەسف كردنی وەزیفە گشتی یەكان بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان، بەڵام وەصف كردنی وەزیفەی گشتی جیاوازی هەیە لەگەڵ نەخشەكێشان بۆ كاروباری وەزیفی، بۆیە گرنگە كە لە ماددەی سێیەم دا بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان، لە بڕگەی نۆیەم دا كە باس لە بەجێ گەیاندنی لێكۆڵینەوە و توێژینەوە دەكات، بەڕاستی زۆر گرنگە كە لەگەڵ ئەو لێكۆڵینەوە و توێژینەوانەی كە لە زانكۆكانی كوردستان دەكرێت، یاخود ئەوانەی كە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی پێی هەڵدەستن، ئەوە هەماهەنگییەك بكرێت لەگەڵ زانكۆكان و ڕێكخراوەكان، چونكە ئەو لێكۆڵینەوانە و توێژینەوانە زۆر گرنگن و زۆرجار لەلایەنی ئیداری و كارگێری یەوە ئەو لێكۆڵینەوانەی لە زانكۆكان دەكرێن سوودێكی زۆریان لێ وەردەگیرێ، دەربارەی بڕگەی دوازدەم/ من پشتگیری لە لێژنەی یاسایی دەكەم بەوەی كە هەردوو خاڵی (أ) و (ب) لە یەك بدرێن، چونكە بەڕاستی زۆر گرنگیشە بەهەماهەنگی بێت لەگەڵ وەزارەتی دارایی، چونكە مەسەلەی دانانی

پرۆژەی بودجە زۆر سوود وەردەگیرێت لە وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی کە پرۆژەی بودجە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ.

**بەڕێز بێریڤان إسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی هەشتەم دا لە بڕگەی سێیەم بەشی کە نووسراوە نەخشەکێشان و کاروباری وەزیفەی گشتی، هەروەها سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردن، بە ڕەئی من چاودێری کردن زیادە، چونکە ئەرکی ئەو ئەنجومەنە نیە، هەروەها لە ماددەی یازدەم لەگەڵ لێژنەی یاساییم کە پەرلەمانی کوردستان نەمێنێ، بەڵام لە ماددەی چواردەهەم کە تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی ئەو کەسانەی داوای دامەزراندن دەکەن، یان دەگەڕێنەوە بۆ دامەزراندن پێویستە بەس بە دیدەنی بێ، بە موقابەلە بێ، پێویست ناکات تاقی بکرێتەوە، چونکە ئەو کەسەی کە داوای دامەزراندن دەکات بەڵگەی پێ یە، بڕوانامەی پێ یە، ئەوەش بەڵگەیە، ئێمەش دەبێ بڕوا بکەین بە بەڵگەنامەکانی هەرێمی کوردستان، کە بڕوانامەی پێ بوو، یەعنی سەرکەوتوو بووە لە تیۆری و پراکتیك، یەعنی توانیویەتی شەهادە وەربگرێت، داوای دامەزراندن دەکات، بۆیە تاقیکردنەوە بە نووسین لەگەڵ ئەوە نیم بە هیچ شێوەیەك، عەدالەتی تێدا نابینم، هەروەها ئەگەر هاتو بۆ دیدەنی دەتوانی ئەو کاتە لە کاتی دیدەنی کەسەکە، کەسایەتی ئەو کەسە بتوانی بخوێنیەوە، کە ئەوە دەتوانی، توانای تێدایە، شیاوە بۆ ئەو کارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جمال طاهر.

**بەڕێز جمال طاهر إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم شت مولاحەزەی سەرەکیم هەیە، ئەگەر بێت و سەیری ماددەکە بە گشتی بکەین لە ئەوەڵەن هەتا تەقریبەن (رابع عشر) (بالتنسیق) و (بالتنسیق) هەر دووبارە بووە، وەك ئێمە دەزانین ئیشی ئەم مەجلیسە پێویستی بە تەنسیقە لەگەڵ زۆربەی شوێنەکان، بۆیە هەتا لە دووبارە کردنەوەو تیکرار کردن نەجات بین، دیباجەی ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، (یتولى المجلس وبالتنسیق مع الجهات المختصة او ذات العلاقة المهام الاتیة)، هەر تەنسیقێك لەمەودوا لابدرێت، واتا کورتتر دەبێت، ئەمە یەك.

خاڵی دووەم/ (التعیین واعادة التعیین والترقیة في الخدمة العامة) ئاخیر جوملە (وعلى اساس المعاییر المهنیة والکفاءة) باشترە (والحاجة حسب الملاك) بێتە سەری، چونکە بەپێی میلاك لازمە تەعین بێت، کە شاغیرت هەبێت، ئیزافە بکرێت (والحاجة حسب الملاك).

خاڵی شەشەم/ (وصف الوظائف).

جەبابی سەرۆك، وەك ئیدارییەن، ئەوەلەن تەحلیلە، پاشی تەوزیفە، پاشی وەزعی شروتی ئیشغالە، بۆیە بە باشتر دەزانم (سادساً) بەم شێوەیە بێتە خوارێ: (تحليل وتوصيف الوظائف العامة و وضع شروط اشغالها او المؤهلات المطلوبة في شاغلها).

(سابعاً/ رسم سياسة التأهيل والتدريب أثناء الخدمة)، ئەو جوملەیە تەقریبەن تۆزێك رەكیكە، باشتر دەبێتن (وضع السياسات الخاصة بتدريب وتأهيل موظفي الخدمة العامة في الاقليم).

خاڵی سێزدەم/ ئاخیر شت نووسراوە (وتحديد الحد الادنى لمعيشة الفرد)، مەبەستیان چیە، یەعنی لێرە (وتحديد الحد الادنى لمعيشة الفرد في الوظيفة العامة)، باشترە (وتحديد متطلبات الحد الادنى لمعيشة الفرد في الوظيفة العامة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شێرزاد حافز كەرەم بكە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری رەئیەكەی سیوەیل خان دەكەم، بۆ ئەوەی لە 10٪ بۆ كەمئەندامانی كوردستان دابنرێت، بۆ ئەو وەزیفانەی كە هەیە، رەنگە هەندێك ئەندام پەرلەمانی بەڕێز وا بیر بكاتەوە، كە ئەوە یەكسانی ئیش كردنە، یەعنی بۆ هەموو كەسێك هەر دەتوانێت تەقدیم بكات، چ كەم ئەندام بێت، چ ئەوانی تریش بێت، بەڵام هەمووومان دەزانین لە شەرقی ئەوسەتدا كە یەكێك تەقدیمی ئیشێك دەكات، كە گوتیان كەم ئەندامە یەكسەر زەربێك لەسەر ئەو كەسە بەناوچەوانی خۆی دادەهێنێت، كە ئەمە كەم ئەندامەو پارچەیەك لە لەشیدا نییەو ئیشی هیچ پێ ناكرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەیەكەم ئەندامە شەهادەی زۆر بەرزی هەیە، هەیە كەم ئەندامە دەتوانێت لە هەندێك شوێنی زۆر تایبەتدا ئیشی زۆر باش بكات، سەرەڕای ئەوەش ئەو كەم ئەندامەی كە تۆ تەعین دەكەیت و ئیشی دەدەیتێ، لەو كاتەدا ئەو مووچەیەكی لە حكومەتدا هەیە، تۆ ئەو مووچەیەش دەگەڕێنیەوە بۆ حكومەت، ئەویش لەوێ تەعین دەكەیت، لەبەر ئەوە من داواكارم ئەو پێشنیارە بخرێتە هینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار نەریمان عبدالله كەرەم بكە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی هەشت، (اولاً) دەڵێت (تنفيذ قانون الخدمة العامة للاقليم عند تشريعه)، لێرەدا ئێمە ئەو (عند تشريعه) بۆ ئەو كاتەی كە پرۆژەیە، ئەمە دەنگونجێت، بڵێین (عند تشريعه)، بەلاّم كە ئێمە پرۆژەكەمان

دەرچوواندو كردمان بە ياسا (عنـد تشـريعه) نامێنێت، بۆيـە ئـەو دوو كەليمەيـە زيادەيـە، لـەوێ لابرێـت، پێويست ناكات، چونكە كە ياساكەمان دەركرد، ئەوە وجودى نامێنێت.

لە بەندى دەيەم (أ- إعداد مشروع الموازنة الخاصة بالمجلس لدرجه ضمن الموازنة العامة للاقليم)، ئەمـەى بـۆ زياد بكرێت (وتخضع حسابات المجلس للرقابة المالية)، ئێمە لـە هـيـچ شـوێنێك ئاماژەمـان نـەداوە بـەوەى كـە حيساباتەكەى ئيخزاع دەكات بۆ رەقابەى مالى، بۆيە پێويست دەكات ئەوەى بۆ ئيزافە بكرێت لەوێدا.

لە برگەى چواردەم، من پشتگيرى لە رەئى هاورێيانم سيوەيل خـان و كـاك شێرزاد دەكـەم، پێويسـت دەكـات بەڕاستى ئێمە موراعاتى (ذوي الاحتياجات الخاصـة) بكـەين، خـاوەن پێداويسـتيە تايبەتيـەكان، بـۆ نموونـە، ئێمە لە نيسبەتەكە دەكرێت رێـك بكـەوين لەسـەرى كـە چـەند بێـت، بـەلأم ئێمـە بڵێين (للمجلس اختبـار مؤهلات الأشخاص المراد تعيينهم أو إعادة تعيينهم بالمقابلة أو بالامتحان التحريري أو بهما معاً للوقـوف علـى صفاتهم وليـاقتهم)، لـە دواى (وليـاقتهم)، ئێمـە ئەمـەى بـۆ زيـاد بكـەين (ويراعـى في ذلـك ذوي الاحتياجـات الخاصة)، بەڵێ (مع مراعاة) ئەوانەى بۆ زياد بكرێت (ويخصص له في ذلك نسبة لاتقل عن) ئەوەى چەندێك كە لەسەرى رێك دەكەوين، لەبـەر ئـەوەى (ذوي الاحتياجـات الخاصـة)، پێموايـە لـە ليياقـەو لـە ئيمتيحـانى تەحريرى و لە موقابلەو ئەوانە، لەوانەيە نەتوانن وەكو خەڵكانێكى تـر كـە هـەموو ئـەو موئەهيلاتانـە بـە دەست دێنن، بۆيە موراعات كردنيان كارێكى پێويستەو بە زەرورى دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شەونم محمد كەرەم بكە.

**بەڕێز شەونم محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من يەك، دوو پێشـنيارم هەيـە، كـە ليژنـەى ياسـايى بـەڕێز جێگـاى بـۆ بكاتـەوە لـەنێوان مەهامـەكانى ئـەم ئەنجومەنەيە، يەكێك لەوانە ئێمە هەڵئاوسانێكى زۆر گـەورەمان هەيـە لـەناو دائيرەكـانى دەوڵەتـدا، چـونكە هەنـدێك لـە دائيرەكـان وەك دەزانـين ژمارەيـەكى زۆر فەرمانبـەرانى هەيـە، هەنـدێك لـە دائيرەكـانى ديكـە ژمـارەى فەرمانبـەرانى كەمـە، بـەلأم لەبـەر ئـەوەى لـە هەنـدێك لـە دائيرەكانـدا رێـژەى مـەعاش باشـترە لـە دائيرەى دووەم، لەبەر ئەوە فەرمانبەرەكان ئامادە نين لەو دائيرانەوە نەقل بكرێن بۆ دائيرەى تر، يەكێك لە ئەركەكانى ئەم ئەنجومەنە ئەوەيە ئەو كێشەيە چارەسەر بكات، لەبـەر ئـەوە مـن پـێم باشـە بـە برگەيـەك لێرە جێگەى بۆ بكرێتەوە، كە سەلاحيەت بدرێت بەو ئەنجومەنە، كە ئەو كارە جـێ بـەجێ بكات، تەبعـەن دواى ئـەوەى ديراسـەى خـۆى دەكـات و ئـيش و كـارى خـۆى دەكـات لەگـەڵ وەزارەتـى پەيوەنديـدارەكان و وەزارەتى پلاندانانندا.

برگـەى دووەم/ ئێمـە پـێش ماوەيـەكى كـەم بودجـەمان پەسـند كـرد، لـە بودجـەدا ئيشـارەت بـەوە درا كـە حكومـەت هاوكـارى قيتـاعى خـاص بكـات و ئـەو فەرمانبەرانـەى كـە دەيانـەوێت لـە دائيرەكانـەوە بـرۆن بـۆ قيتاعى خـاص، حكومـەت هاوكاريـان بكـات و مووچـەيان بـۆ دابـين بكـات بـۆ ماوەيـەك تـاوەكو كێشـەكەيان

چارەسەر دەكرێت، ڤیتاعی خاص دەتوانێت ئیش و كاریان بۆ دابین بكات، پێم باشە لێرەشدا هەر سەلاحیەتێك بدرێت بەم ئەنجومەنە، بۆ ئەوەی ئەو كارە جێ بەجێ بكات بە هاوكاری لەگەڵ ڤیتاعی خاصدا، چونكە بەڕاستی ئەو دابەش كردنەو گۆڕانكارییانە لە سەلاحیەتی ئەم ئەنجومەنەیە.
تێبینیەكی ترم هەیە بەنیسبەت بڕگەی یەكەمەوە، بەڕێز لیژنەی یاسایی داوایان كردووە بڕگەی یەكەم بگۆڕێت بۆ جێ بەجێ كردنی یاسای راژەی شارستانی و میلاك، من پێم باشە ئەسڵی پرۆژەكە كە یاسای راژەی گشتییە، باشترێكە لەبەر ئەوەی هەموو یاساكان دەگۆڕێت، چونكە یاسای راژەی زانكۆیی هەیە، هەروەها چەند یاسایەكی راژەی دەرەكی هەیە، ئەگەر گشتیەكە بێت هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بەتایبەتی تەخصیصی بكەین بۆ ئەو دوو حاڵەتە، ئەو بابەتانەی تر ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عومەر هەورامی كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە رەئیەكەی مامۆستا جمال طاهر دەكەم بەوەی كە هەر لە سەرەتاوە دەكرێت بڵێین مەجلیس ئەم مەهامانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ بە هاوكاری و تەنسیق لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان، چونكە ئەو مەهامانەی كە هاتوون، لەڕاستیدا ئەگەر تەنسیق و هاوكاری لەگەڵ ئەجهیزەكانی تر نەبێت، مەجلیس ناتوانێت خۆی بە تەنها ئەو مەهامانە تەحقیق بكات و بگاتە ئەنجامێك دەربارەیان.
تێبینی دووەمم/ لەسەر راپۆرتی بەڕێزانە لە لیژنەی یاسایی، من پێم باشە بڕگەی دوازدەم وەكو خۆی بمێنێتەوە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو دوو بابەتە لێك جیاوازن، بابەتی یەكەمیان پەیوەندارە بە خەرج كردنی موازەنەی ئەو مەجلیسە، ئێمە لە ماددەی دووەم گوتوومانە ئەو مەجلیسە شەخصیەتی، كەسایەتی مەعنەوی تایبەتی خۆی هەیەو ئیستیقلالی مالی و ئیداری هەیە، واتا وەكو هەر دەزگایەكی تر ئیقتیراحی موازەنەی خۆی دەكات بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مالیە تەقدیر دەكرێت و لە پەرلەمان موصادەقە دەكرێت لەناو چوارچێوەی بودجەی هەرێمی كوردستاندا دەبێت، ئەمە پەیوەندار بە خاڵی (ب) كە لەناو پرۆژەكەدا هاتووە، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی جوان رێكیان خستووە، بەڵام من پێشنیارەكەم ئەوەیە پێكەوە دەمج نەكرێن، یەعنی بڕگەی (أ وب) پێكەوە دەمج نەكرێن، لەبەر ئەوەی وەزیفەی (ب) وەزیفەیەكی زۆر گەورەترو شاملترە، پەیوەندارە بە هەموو ئەو دەرەجات و وەزیفانەی كە لەناو حكومەتی هەرێمی كوردستاندا هەیە، ئەو خەرجیانەش كە دەكرێت ساڵانە بۆی، بۆیە زۆر جوان هاتووە، دەڵێت دیراسەی موفتەرەحاتی وەزارەتەكەو، لە ئاخیریشدا موافەقە دەكات لەسەری، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمە لەگەڵ ئەوەی سەرەوەدا بێت، من تەسەور دەكەم وەكو خۆی بڕگەكە ئەهمیەتی نامێنێت.

دووش/ ئەمە حەصریەن مەهامی ئەو مەجلیسە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە، وەکو ئەنجومەنی راژەی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا، من بە شتێکی زۆر گرنگی دەزانم، تاکو دەبێتە هۆی ئەوەی لە کۆتایی دەبێتە مەسەلەی ناعەدالەتی، مەسەلەی گەندەڵی لە بواری ئیداریدا کەم بکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەرکی ئەم مەجلیسە چەند فراوانی بکەین و گرانی بکەین لەسەریان گران کردن نییە، بەڵکو لە پێناوی بەرژەوەندی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوە من وەکو خۆم دوو خاڵم هەیە، کە پێم باشە ئیزافە بکرێت بۆ سەر ماددەی هەشتەم، ئەو دوو خاڵەش بریتیە لە:

یەکەم/ بەجێ گەیاندنی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی گرێدراو بە بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو دۆزینەوەو دیاری کردنی هەلی کار لە کەرتی گشتی و تایبەت، دیاری کردنی بە ژمارە بۆ سالانی داهاتوو لە یەك ساڵەوە تا سێ ساڵ، تایبەتمەندی بدرێت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لەم توێژینەوانەدا بە مەبەستی دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان.

خاڵی دووەم/ بەجێ گەیاندنی لێکۆڵینەوەی زانستی بە مەبەستی چارەسەری هەڵئاوسانی وەزیفی، کە لە دامودەزگاکانی هەرێمدا هەن، کە بەتاڵەیەکی رووپۆش و بێ بەرهەمن، تا لە کاتی گۆڕانکاری بەسەر نرخی فرۆشتنی دراوی عێراقی بە راژەیەکی زۆر تووشی کێشەی ئابووری و وەزیفی و بژێوی کارمەندان نەبین.

ئەمە ئەوە، لە هەمان کاتدا هەر لە ماددەی هەشتەم بڕگەی سێیەمدا، ئەمە دووبارەیە، چونکە دووبارە لە ماددەی سێیەمدا لە بڕگەی دووەمدا هاتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، لیژنەی دارایی.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هەندێك پرسیاری برادەران، یەکەم/ چۆنیەتی تەعین کردن، دائیرەیەك هەیە لە ئەم ئەنجومەنە بەناوی (دائـره التنسیق والمتابعه مع الوزارات والجهات الحکومیه)، کەی هاتینە سەر بابەتی تەعینی هەر وەزارەتێك، یان موەزەفین پەیوەند بە وەزارەتێك، ئەوان داوای نوێنەری ئەو وەزارەتە دەکەن لەگەڵی تەنسیق دەکەن بۆ دامەزراندن، یەعنی ئالیەتی تەنسیق ئەو دائیرەیە موکەلەف بکات.

دوو/ بەنیسبەت فەقەرەی یەك، زۆر داخوازی هەبوو، چونكە یاسای خدمەی عامەی ئێستا لە هەرێم نییە، داوایەك هەبوو كە ناكرێت ئێمە پشت ببەستین بە یاسایەك كە جارێك نییە، لەبەر ئەوە رەئی ئێمە ئەوەیە ئەوەڵەن لابدرێت، یەعنی نەمێنێت، چونكە یاساییەكە نییە.

بەنیسبەت تەعینی ئەوانەی ئیحتیاجاتی خاصە، ئێمە لەگەڵین (الاهتمام بتعيين ذوي الاحتياجات الخاصة في الوظائف التي تتناسب مع قدراتهم ومؤهلاتهم)، ئەمەش ببێتە خاڵێك، وەكو گرنگیدان بەو چینە، چینی ئیحتیاجاتی خاصە.

پێشنیارێك هەبوو هەر لە ئەوەل، لە بیدایەت بڵێین (يتولى المجلس المهام الاتيه وبالتنسيق مع الجهات المعنيه)، هەندێك خاڵ (بالتنسيق مع الجهات المعنيه)ی تێدا هەیە، بەڵام لە هەندێك خاڵ تێدا نینە، یەعنی ئەمە بۆ هەموو خاڵەكان نابێت، دەكرێت ئەوە لە ئەوەڵەوە بنووسین (يتولى المجلس المهام الاتيه وبالتنسيق مع الجهات المعنيه)، لە هەر شوێنێك (بالتنسيق مع الجهات المعنيه) هات ئیلغا بكرێت، یەعنی كورت بكرێتەوە.

(تحليل وتوصيف الوظائف العامة وشروط اشغالها)، پێشنیارێكی معقولە، ئەوە لە (سابعاً)، زیاتر تێبینیەكانیش یەعنی فەردی بوون، یەعنی هەر لە یەك ئەندام پەرلەمان هات، لەبەر ئەوە ناتوانین ئێمە ئیعتیمادی لەسەر بكەین، یان گۆڕین لە ئەسڵی پرۆژەكە بكەین لەسەر ئەساسی یەك پێشنیار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

چەند ئەندامێك باسی كەم ئەندامیان كرد.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم خاڵە ئیزافە بكرێت بۆ مەهام (الاهتمام بتعيين ذوي الاحتياجات الخاصة في الوظائف التي تتناسب مع قدراتهم ومؤهلاتهم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەدی دەروونناسینیش كرا.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەعنی ئەگەر بچینە ئیختیصاصات، ئیختیصاصات زۆرە، ناتوانین جێگای هەموو ئیختیصاصات لێرە بكەینەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوە نینە بچینە بابەتی ئیختیصاصات، بەڕاستی ئەوە كێشە بۆمان دروست دەكات، چونكە ئیختیصاصات زۆرەو، بابەتەكە فراوانە، ناتوانین كۆنترۆڵی بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند کەسێکیش باسی ئەوەی کرد، کە ئەم ئەنجومەنە ببێتە هۆیەك کە دیراسەیەکی مەسەلەی هەڵئاوسانی وەزیفی هەیە لە دامودەزگاکانی حکومەت و تا دۆزینەوەی هەلی کار و چۆنیەتی دیراسەت کردنی ئەوەی کە ئەمانە وەکو بەتاڵەیەکی رووپۆش و بەرهەمهێنان، لە کاتێکدا کە بێتو گۆڕانکاری لەسەر نرخی دراوی عێراقیدا بێت، ئەمانە کێشە زۆر بۆ هەرێم و، کێشەی ئابووری زۆر بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکەن، بۆ نموونە نرخی دراوی عێراق بەرامبەر بە دۆلار ببێت بە (150) هەزار، لە بازاڕدا نرخی هەموو شتەکان گران دەبێت، نرخی هێزی کاری دەرەوە گران دەبێت، لەم کاتەدا تۆ ئەو پارەیە دەدەیت بە فەرمانبەران، ئەمە ناڕەزاییەکی گەورەی لێ دروست دەبێت، لەبەر ئەوە لە ئێستاوە پێویستە چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت، چونکە چەند کەسێکیش داوای کرد، نەوەکو یەك کەس، تەقریبەن چوار کەس داوای ئەوەی کرد لەگەڵ کەرتی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ماددەی دوازدە فەقەرەی (ب) ئەگەر سەیرێکی بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای ئەو مولاحەزاتانە کە برای بەڕێزم کاك خورشیدو بەڕێزان دایان، هەندێك مولاحەزە درا سەبارەت بە چۆنیەتی دابین کردنی پێوەر بۆ تەعینات، داوای ئەوە کرا کە توێژەری موختەس لەو دەزگایە هەبێت، ئێمە دەسەڵاتمان داوەتە ئەنجومەنەکە، کە بەپێی تایبەتمەندی ئیشەکەی خۆی ئیختیصاصی دابنێت بۆ دەزگایەکان، ئەکید لەم بارەیەوە تەعلیمات دەردەچێت، نیزام دەردەچێت، یەعنی هەر ئیکتیفا بەو قانونە ناکرێت.

مەسەلەی رەقابە دەبێت لابدرێت، هەروەکو برای بەڕێزم کاك خورشید ئیشارەتی پێدا، تەدریب و تەئهیل چۆن دەکرێت؟ ئێمە مودیریەتێکی عامی تەتویری ئیداریمان داناوە، بە تەئکید ئەو مودیریەتە عامە هەڵدەستێت مەسەلەی تەتویری ئیداریەکە لە ئەستۆی ئەودایە.

هەندێك پێشنیار کرا سەبارەت بە ئیتیلاع لەسەر سجلات و ئەو قەواعیدە چیە دادەنرێت بۆ ئیجرائاتی تەرفیعات و ئیعداد سجلی مەرکەزی، ئەوانە هەمووی ئیمکان هەیە لە نیزامدا ئەوانە شی بکرێتەوە، یەکە، یەکە خاڵەکان دابنرێت، یەعنی ناکرێت ئێمە هەموو خاڵێك بێت و مەسائیلی ئیداری تێدا بێت لێرە داخیلی بکەین، ئیمکان هەیە ئەوە هەموو بە نیزام عیلاج بکرێت.

مەسەلەی حیساباتی ئەو دەزگایە، بە تەئکید هەر پارەیەك لە زیمنی موازەنەی عام بێت خازیع بێت بە رەقابەی مالیە، لێرە زیکر بکرێت، یان زیکر نەکرێت؟

بەنیسبەت ماددەی دوازدە/ ب، ئێمەش مولاحەزاتمان هەیە، دیراسەت و موفقتەرەحاتی وەزارەت لەسەر مەشروعی موازەنەی ئیقلیم، بەڕاستی لەلای ئێمەش هیچ عیلاقەیەکی بەو ئەنجومەنە نییە، ئەوە هەر وەزارەتێك عایدی خۆیەتی مەسائیلی موازەنەو لەگەڵ وەزارەتی مالیە تەنسیق دەکرێت، نەك لەگەڵ ئەنجومەن، بۆیە ئەگەر ئیلغا بکرێت، وابزانم شتێکی باشە.

ئەمە بەڕاستی موختەسەری مولاحەزەکان بوو، بەنیسبەت تەرقیەو تەرفیعاتیش خاڵی تێدایە، بەنیسبەت تەرقیەو تەرفیعات، ئەویش موعالەجە کراوە لە زیمنی قانونەکە، بەنیسبەت ئیعادەی تەعین، یاخود ئەگەر یەکێك فەسڵ کرا، تەبیعی مەسەلەی فەسڵ و مەسەلەی ئیعادەی تەعین، ئەوە قەوانینی تایبەت هەیە ئەمانە عیلاج بکات، ئەگەر فەسڵ کرا ئیعادە دەبێت، چۆن ئیعادە ناکرێت؟ قەوانینی تایبەت هەیە ئەو مەسەلانەی موعالەجە کردووە، ئیعادەی تەعین ئەکیدەن زەوابتی بۆ دادەنێن، مەسەلەی خدمە حیساب دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش فەرمانبەریش کە تەعین بوو، من حەز دەکەم ئەوە بزانن، کە تەعین بوو لە مەجلیسی خدمەوە، بە تەئکید ئەوەندە عیلاقەی بە مەجلیسی خدمەوە نامێنێت، بەڵکو عیلاقەی بە وەزارەتەکەی خۆیەوە دەمێنێت، بە دەزگایەکەی خۆی دەمێنێت لە رووی ئیدارییەوە، ئەمە کۆی مولاحەزەکانی من بوو لەسەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزەتان لەسەر ماددەی دوازدە فەقەرەی (ب)، ئەمە جێگەی ئێرەیە بە رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشارەتم پێدا، ئەوە عیلاقەی بە موازەناتی وەزارەت هەیە، پێموایە موازەنەی وەزارەتیش هیچ عیلاقەیەکی بە ئەنجومەنی راژە نییە، بە تەسەوری من فەقەرەی (ب) ئیلغا بکەین باشترە، بەلاّم ئەوە لیژنەی دارایی لەلام دانیشتوون، ئەوان با رەئی خۆیان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمەش رەئیمان ئەوەیە، چونکە هەر وەزارەتێك وەزعی خۆی باشتر دەزانێت، پاشان باری ئەم هەموو وەزارەتە بخەینە سەر ئەم مەجلیسە، بارێکی زۆر قورسەو پێیان ناکرێت، لەبەر ئەوە ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە ئەم فەقەرەیە ئیلغا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برای بەڕێزم لە لیژنەی قانونی بە وردی كۆمەڵێك تێبینی و شتی روون كردەوە، منیش لەگەڵ ئەو روون كردنەوەیەم كە بەڕێزی پێشكەشی كرد، تەئكید لەوە دەكەمەوە لە فەقەرە دوو لە تەعین و ئیعادەی تەعین لە ئەخیرەكەی (على اساس المعايير المهنية والكفاءة)، ئیشارەت بەوە بكەین (وضمان تحقيق التوازن بين محافظات الاقليم)، بۆ ئەوەی ئەم مەترسیە نەمێنێت و بڕەوێتەوە، ئەمە یەك.

هەندێك مەسەلە هەیە، من پێموایە تۆزێك پێویستی بە روون كردنەوە هەیە، ئەگەر بەڕێزت بوارم بدەیت، من لەگەڵ ئەوەم بە هەموو دڵەوە كە رێژە بۆ كەم ئەندامان دابنرێت، بەلام نەك لەم قانونە، شوێنەكەی ئێرە نییە، چونكە ئەگەر مولاحەزە بكەین رێژە دابنرێت بۆ خانمانیش رێژەیەكی زۆر، بەلام شوێنەكەی لێرە نابێتەوە، لەم قانونە شوێنی نابێتەوە، چونكە ئەم قانونە قانونی ئیدارە كردنێكی عامە، بۆ سیاسەتی تەشغیلی حكومی، لەبەر ئەوە ئەو خاڵانەی كە پەیوەندی بە كەرتی تایبەتەوە هەیە، دیسانەوە لەم قانونە جێی نابێتەوە، چونكە سیاسەتی تەشغیل فراوانترە لە سیاسەتی تەشغیل بە گشتی فراوانترە لە سیاسەتی تەعین كردن و كە بەشێكە لە ئەركەكانی ئەم مەجلیسە، مەجلیسی راژە.

بەنیسبەت ئیشارەت كردن بە كۆمەڵێك بابەت، لەوانەیە تەزەخومی وەزیفی كۆمەڵێك بابەتی دیكەش هەیە، ئیشكالیاتە لە بابەتی وەزیفی، ئەمانە هەر هەمووی دەتوانین دوازدە بابەتی تر، مەوازیعی تریش دابنێین، هەمووشی گرنگە، ئەمە بوار دەدرێت بۆ مسوحات و بۆ دیراسات، بە كراوەیی بمێنێتەوە، كە ئەو مسوح و دیراساتە بە عمومیەت هاتووە، قەزایەی تەزەخوم و قەزایەی تریش دێتە پێشەوە، دیسان ئەوەش دەگرێتەوە.

بەنیسبەت ئیمتیحان و تاقی كردنەوە، پێویستە هەندێك جار بكرێت بەپێی هەندێك پێوەر، چونكە جاری وا هەیە بەپێی زەمانی ئەو مەعاییری ئەوەی كە پێی دەڵێن كەفائەت و شەفافیەت ئەنجام بدرێت، جگە لەو روون كردنەوانەی تر كە بەڕێز لیژنەی قانونی ئیشارەتی پێ كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەنیسبەت (ثانیاً) كاك شێروان ئەگەر بە جددی وەری بگرن، چونكە تەناقوز لەگەڵ قانونی مەجلیسی موحافەزاتیش هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت (ثانیاً) راستە، وەزائیف حەسر بووە بە مەجلیسی خدمە، یان ئەنجومەنی راژە، بەلام هەروەكو بەڕێزتان دەزانن، ئێمە قانون موحافەزاتمان لەو پەرلەمانە پەسند كرد، هەندێك دەسەلاتمان داوەتە محافەزین و مەجالیسی موحافەزات، پێویستە لێرە ئەوەی لە زیمنی ئەوانە خۆیان جێ بەجێی بكەن، ئەوەی لە دەسەلاتی ئەنجومەنی راژە خۆیان جێ بەجێی بكەن، چونكە لێرە فیعلەن تەعاروز دەبێت، ئەگەر

حەسر بێت لە ئەنجومەنی راژە، بۆیە من پێموایە ئەگەر ماددەکە بەو شێوەیە دابرێژیتەوە (ثانیاً: التعیین وإعادة التعیین والترقیة في الخدمة العامة وعلى أساس المعاییر المهنیة والكفاءة وبما لایتعارض مع اختصاصات المجالس المحلیة للوحدات الاداریة مع تحقیق التوازن بین المحافظات).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە، ئێستا ئەگەر ئیعادەی صیاغەكە بكەنەوەو بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە، باشە، بەڕێزان، ئێستا سەعات حەوتە، سەعات حەوت و چارەك وەرنەوە ئێرە، چونكە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی پێویستیان بە داڕشتنەوەی ماددەكە هەیە، چارەكێك ئیجازەتان دەدەمێ، با نیو سەعات بێت، سەرچاو.

## دانیشتنی سێیەم

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەكەمان، داوا لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی دەكەین، فەرموون بۆ ئاخیر صیاغەی ماددەكە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخیر صیاغەی ماددەكە بەم شێوەیە:

**المادة الثامنة:**

یتولى المجلس وبالتنسیق مع الجهات المختصة او ذات العلاقة بالمهام الآتیة:

1- التعیین وإعادة التعیین والترقیة في الخدمة العامة وعلى أساس المعاییر المهنیة والكفاءة والحاجة وبما لایتعارض مع اختصاصات المجالس المحلیة للوحدات الاداریة مع تحقیق التوازن بین المحافظات.

2- رسم سیاسات الخدمة العامة وتحدید وسائل تنفیذها وتقییم مستوى الانجاز.

3- اقتراح مشروعات القوانین والانظمة بتنظیم وتطویر شؤون الوظیفة العامة أو ابداء الرأي فیها.

4- اعداد الهیكل الوظیفي للوزارات والجهات الغیر المرتبطة بوزارة وكل مؤسسة فیها وظیفة عامة.

5- تحلیل وتوصیف الوظائف العامة و وضع شروط اشغالها.

دووەمـین بـە نیسـبەت ئـەم مەجلیسـەوە، ئـەم ئەنجومەنـە، ئەنجومەنێکـە سـەر بـە ئەنجومـەنی وەزیرانـە، قیادەی ئەكات، مەرجەعیەتیتی، ئەمە لایەنێك، لەبەر ئەوە راپۆرتـەكانی ئاسـاییە تەقـدیمی مەرجەعەكـەی خۆی بكات، سبەی رۆژ، من وەزارەتم، كە وەزارەت مستوای وەكو مستوایاتی وەزیفی، وزارات لە مەجلیسـەكە بەرزترە وەكو وەزارات، ئەم وەزارەتە مادام مەرجەعەكەی ئەنجومەنی وەزیرانە، راپۆرتەكـەی پێشـكەش بـە ئەنجومەنی وەزیران دەكات، دەمێنێتەوە لیجانی پەرلەمانی هەیە، لیجانی پەرلەمان دەتـوانێ سـەردانی ئـەم مەجلیسـە بكـات، كۆبوونـەوەی لەگـەڵ بكـات، موتابەعـەی بكـات، یـەعنی پەیوەنـدی پەرلـەمان لەگـەڵ ئـەم مەجلیسە، من پێم وایە دەبێ لە رێی ئەو لیجانە بێت، نەك ئـەم مەجلیسـە تـەقریر تەقـدیمی پەرلـەمان و رئاسەی ئیقلیم بكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئێسـتا قـەوانین خیدمـەی مـەدەنی بـە بـێ ئـەوەی ئـەو یاسـایەش هـەبێ، لـە هـەموو هـەرێمی كوردستان نافیزە و، لە هەموو دام و دەزگاكـان جێبـەجێ دەكـرێ، هـەروەها ئـەو تەعدیلاتـەی كـە بـە سـەر قانونەكەشدا هاتیە لە هەرێمی كوردسـتان جێبـەجێ دەكـرێ، راسـتە بـە نیسـبەت پلـە وەزیفیـەكان تۆزێـك دەستكاری كرایە، بۆیە بە قەناعەتی من تەحصیل حاصلە، پێویست ناكات ئێمە لە قانونی خیدمە ئیشارەت بەوە بدەین كە پێویستە قانونی خیدمەی مەدەنی تەنفیز بكرێ، چـونكە ئـەو قانونـە خـۆی نـافیزە، بـەڵام ئەو ئالیەتەی كە دامەزراوە لەو دەزگایە، ئەمە هەڵدەستێ بە جێبەجێ كردنی ئەم قانونە خیدمەیـە، نـەك دام و دەزگاكانی تر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی ئامادە كراوە، ئێستا ئاخیر صیاغە بیخوێننەوە بزانین چی بەسەر هات، هەمووی بخوێننەوە جارێكی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

**يتولى المجلس وبالتنسيق مع الجهات المختصة او ذات العلاقة بالمهام الآتية:**

**1- التعيين وإعادة التعيين والترقية في الخدمة العامة وعلى أساس المعايير المهنية والكفاءة والحاجة وبما لايتعارض مع اختصاصات المجالس المحلية للوحدات الادارية مع تحقيق التوازن بين المحافظات.**

4- دائرة التنسيق و المتابعة مع الوزارات و الجهات الحكومية الاخرى.

5- مستشار المجلس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی هەشتەم بوو، جەنایت نۆیەمت خوێندەوە، لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لێژنەی یاسایی خوێندییەوە، بە ئیتیفاق دروستمان كرد، پێكەوە ئامادەمان كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ تێبینیەكانی لێژنەی داراییین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ ئەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات؟، زۆر سوپاس، كاك بورهان فەرمو.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من، دائیرەیەك ئیزافە بكرێ بۆ ئەم ماددەیە، وەكو خاڵی شەشەم، بەناوی دائیرەیەك بۆ شوئونی بەتاڵەی موقەنەعە زائیدەن هێزی كار، لەبەر ئەوەی گەورەترین موشكیلەی ئەم حكومەتە، بەتاڵەی موقەنەعە و هێزی كارە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی هەشتیش، لە هەشتەم، سێیەمدا ئەڵێ: تخطيط شؤون الوظيفة العامة و الاشراف و الرقابة عليها، مادەم تەختیتی شوئونی وەزیفەی عامە ئەكات و، ثامنـأ: وضع السياسات والضوابط الكفيلة بالتوازن بين عدد الموظفين في دوائر الاقليم المختلفة وبين الخدمة المؤداة، لەبەر ئەوەی بۆ تەسهیلی ئەو دوو بڕگەیە لە ماددەی هەشت، بەرای مـن پێویست دەكات كە ئەم یاسایە، گەورەترین موشكیلەمان وەك وتم بەتاڵەی موقەنەعەیە لەگەڵ هێزی كارە، دائیرەیەكی بۆ بكرێتەوە، هیچ نەبێ خۆمان بزانین عەدەدی بەتاڵەی موقەنەعە چەندە، عەدەدی هێزی كار چەندە، تاوەكو بتوانین ئێمە ئەو وەختە لە ڕێگای وەزارەتی كاریشەوە بتوانین چی بەرنامجی بۆ موستەقبەلی وەزیفە بۆ دەوائیرەكان، وەك وتم بۆ تەسهیل كردنی ئەو بڕگەیەی ماددە هەشتی، بڕگەی سێ و بڕگەی هەشت، زەروورە ئەو دائیرەیە هەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شوان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆ، کە بوو بە ماددەی هەشت، لە پاش تەغیرات، بڕگەی یەکەم، من دەبینم کە قانونەکە ئیزافە کراوە، شتێکی زیادە لێرە، الادارە المالیە و الاداریە، بمثابة دیوانە، دیوان دائیمەن ئەو دوو جانیبە دەگرێتەوە، قانون ناگرێتەوە بە دیوان، بۆیە من قانونەکە من بڕگەیەکی دی بۆ ئیزافە دەکەم، سادساً: مدیریة الشؤون القانونیة یدیرها موظف حاصل علی شهادة جامعیة اولیة، شەرت نیە مودیریەتی عامیش بێ، دەکرێ مودیریە بێت، بڕگەی دووەم هیچ تێبینیم لەسەر نیە، بڕگەی سێیەم، دائیرە التطویر الاداری، تەتویر زۆر ئەوەیە وەکو دەڵێن، تەتویر لە چ پێك هاتووە؟ لە تەدریب و تەئهیل پێکهاتووە، هەر ناوەکەی لێ بنێن باشە، بنووسین ادارة التدریب و التأهیل الاداري، تەتویرەکە شەرحی بکەینەوە، وەکو بڵێین شی بکەینەوە، هەر ئەو تێبینیانەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز عیماد محمد فەرموو.

**بەرێز عماد محمد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، پێشنیار دەکەم ماددەی نۆیەم و دەیەم دەمج بکرێت، بەم شێوەیە صیاغە بکرێت، المادة التاسعة: یتکون المجلس من التشکیلات الاتیة و یدیر کل منها، مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة اولیة علی الاقل و من ذوي الخبرة و الاختصاص:

1-الدائرة المالیة و الاداریة و القانونیة.

2-دائرة الاحصاء و البحوث و الدراسات الاداریة.

3-دائرة التطویر الاداري.

4-دائرة التنسیق و المتابعة مع الوزارات و الجهات الحکومیة الاخری.

5-مکتب رئیس المجلس.

چونکە لە بڕگەی دووەمی ماددەی دەیەم، پێویست ناکات بمینێت، چونکە بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەن، هەمان پلە و مەرجەکانی بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی هەیە، دووەمیش، چونکە بڕگەی سێیەمی ماددەی دەیەم، پێویستە بچێتە ئەحکامە خیتامیەکان و بڕگەی چوارەمی ماددەکە دیسان زیادە و پێویستە ئیلغا بکرێت، واتا ئەگەر ئەم سێ بڕگەیە نەمینی، ئەبێت ئەم هەردووماددەیە دەمج بکرێت و بەو صیاغەی کە من پێشنیارم کردووە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەرێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی كە فەرمانگەكی دیكە بكرێتەوە بە ناوی بەتاڵە موقەنەعە و ئەو جۆرە شتانە، من پێم وایە دائیرەی بحوث و دیراساتی ئیداری بەم كارە هەڵدەستێ لەم ئەنجومەنە، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە پێویست ناكات ئەم دائیرەیە ئیزافە بكرێ، بە نیسبەت مەسەلەی مودیریەتی شوئونی قانونی دابنرێ، ئێمە دەسەڵاتمان داوە بە ئەنجومەنەكە كە ئیستیحداسی مودیریات بكات، ئیستیحداسی ئەقسام بكات، ئیستیحداسی شوعەب بكات، ئەتوانێ و ئەو دەسەڵاتەی هەیە، ئەگەر ویستی مودیریەتی شوئونی قانونی ئیستیحداس بكات، جگە لەوەش كە دەڵێ: دائـرة الشـؤون المالیـة و الاداریـة و القانونیـة، خۆ دەتوانێ شوعبەیەكی بكاتە ئی قانونی لە زمنی مودیریەی عامەی دیوان، ئەوە ئیمكانیەتی ئەوەی هەیە، بە نیسبەت دەمجەكە، ئێمە لەگەڵ دەمجەكە نین، ماددەی دە دامانڕشتووە لەسەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانكارییەی كە لە ماددەی پێشتر كراوە، پاشان كە دێینە سەری، ئەو وەختە ەئی خۆمان دەبی بە نیسبەت ماددە دە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو دائیرەی زیاد بكرێ، ڕەئیتان لەسەر ئەوە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من گوتم لەگەڵ ئەوە نینە هیچ دائیرەیەك زیاد بكرێ، لەبەری ئەوەی ئێمە تەقریبەن، تەشكیلاتەكەش تەصویتمان لەسەر كردیە، ئەندامن لە ئەنجومەنی ڕاژە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین زیاد بكرێ، دائیرە هەیە جێگای ئەوە دەگرێتەوە كە ئیشارەتی پێ درا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئی لیژنەی یاسییمان هەیە، ئەوەی باسی لێ كرا بە ڕەئی من شتێكی تەواوە و كیفایەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر موداخەلەت هەیە؟

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

1- ئەو فەرمانگانەی بە دەق لە بەندەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی ماددەی دەیەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەیان دەبات، کە بەلای کەمەوە لە بواری پسپۆرایەتی خۆیەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێ، و لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆری و خزمەتێکی کردەنی هەیە کە لە 15 ساڵ کەمتر نییە و لە 13 ساڵ کەمتر نییە کە بڕوانامەی ماجستێری بەدەست هێناوە و لە 10 ساڵ کەمتر نییە بۆ ئەوەی بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هێناوە.

2- نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەن، فەرمانبەرێك کە بە پلەی بەرێوەبەر کە بە لای کەمەوە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆیە بەرێوەی دەبات.

3- ئەنجومەن بۆی هەیە رێسای پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

4-میلاکی ئەنجومەن، بە پێشنیاری ئەنجومەن و بە راستاندنی وەزارەتی دارایی دیاری دەکرێت.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (10):

**أولاً**- يدير الدوائر المنصوص عليها في البنود (أولاً وثانياً وثالثاً ورابعاً من المادة العاشرة) من هذا القانون مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل في مجال الاختصاص ومن ذوي الخبرة والاختصاص وله خدمة فعلية لاتقل عن (15)خمسةعشرة سنة ولاتقل عن (13) ثلاثة عشرة سنة للحاصل على شهادة الماجستير ولاتقل عن (10) عشر سنوات للحاصل على شهادة الدكتوراه.

**ثانياً**- يدير مكتب رئيس المجلس موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية على الأقل.

**ثالثاً**- للمجلس إصدار الانظمة اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**رابعاً**- يحدد ملاك المجلس باقتراح من المجلس ومصادقة وزارة المالية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی رەئیمان بدەین، موقتەرەحێکمان هەیە ئەگەر لێمان قبوڵ بکەن، ئەویش ئەوەیە، بۆ تەنسیقی هەیکەلیەتی ئەو دەزگایە، ئێمە پێشان لە ماددە چوار هەیکەلیەتی تەنزیم و ئالیەتی عەمەلمان داناوە، مودەرای عامیمان داناوە، پێش ئەوەی ئێمە هەیکەلیەتەکە یان هەیکەلی تەنزیمی لە پێنجەم ئیقرار بکەین، بۆیە بە قەناعەتی من فەصڵی پێنجەم بچیتە جێگای فەصڵی سێیەم، قانونەکە زۆر بە مونەسەقی دێتە دەرێ، یەکێکیان کە پەیوەندی هەیە بە هەیکەلی تەنزیمی، ئەوەی تریان بە هەیکەلیەتی مەجلیس و ئالیەتی عەمەل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڵام جارێ با فەصڵەکە تەواو بێت، کەی موناقەشە لەسەری تەواو بوو، ئەوجا ئەو موقتەرەحەی جەنابت ئەکەین، ئێستا بەردەوام ئەبین لەسەر موناقەشە و ڕەئیتان، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم بەم شێوەی لێ دێ، دوای صیاغە کردنی.

أ - يدير الدوائر المنصوص عليها في البنود(اولآ و ثانيا و ثالثأ و رابعأ)، في المادة العاشرة من هذا القانون، مدير عام حاصل على شهادة جامعية على الاقل في مجال الاختصاص و من ذوي الخبرة و الكفاءة.

ب - يدير مكتب رئيس المجلس موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لێژنەی دارایی؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم گۆڕانکاریە بە ئیتیفاق کرا لە بەینی ئێمە و لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕای هەردوو لێژنەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە ئیعدادی نیزامی داخیلی و ئەوانە بچێتە ئەحکامی خیتامی، بۆیە ئێمە لە زمنی هەیکەلی تەنزیمی نەمانهێناوە، لەگەڵ یەك، دوو، ماددەی ئیزافیشمان هێنا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان، ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟، فەرموو ناوتان بڵێن، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ موداخەلە بکەن، سیوەیل، د.احمد وەرتێ، گولیزار، بەیان، ئاراس، بێریڤان، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە، وا بزانم ئەولەن زیادە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی چوار، خامساً، بڕگەی (أ) تەعدیلێكی تێدا كرا، ئەوەی شەهادە و ساڵانی خزمەت و شتی وا دیار نییە، ئەوە یەك، دوو، بەنیسبەت راپۆرتی، ئەگەر مولاحەزەك بكەن، راپۆرتی لیژنەی یاسایی، اولآ: یدیر الدوائر المنصوص علیها في البنود ( اولا، ثانیا، ثالثاً، رابعاً) من المادة العاشرة، بەندەكانتان تێدا دیاری كردیە، بەڵام لە ثالثاً نووسیتتان، نقل هذه الفقرة الى مادة مستقلة ضمن الاحكام الختامیة، لە رابعاً نووسیتتان : الغاء هذه الفقرة، واتا ئەگەر یەك نقل بێت و یەكێك ئیلغا بێت لەو فەقەرەیە، لە اولآ دەبێ بنووسین: یدیر الدوائر المنصوص علیها في البنود اولا و ثانیاً، چونكە ثالثا و رابعا، یەك نقل بێت و یەكێك ئیلغا بێت، وا بزانم تێدا نانووسرێ، لە فەقەرەی ثالثاً كە نەقلی دەكەن، نووسیتتان: ضمن الاحكام الختامیة، ان هذه المادة تتناول تشكیلات المجلس، موستەقل بێ، لەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی هیچ لە ئەحكامی خیتامی تێدا نەبوو، فقرە ثالثاً، نازانم على اساس ماددەیەكی موستەقیلە بەس تێیدا نەبوو لە راپۆرتەكەیان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز د.احمد فەرمووە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەلآ من یەك تێبینیم هەبوو لەسەر موستەشاری مەجلیس، كە ئەگەر لێرە ئایا جێگای مەكتەبی رەئیسی مەجلیس دەگرێتەوە، یان رەئیسی مەجلیسی هەیە و مەكتەبی رەئیسی مەجلیس هەیە لەگەڵ موستەشاری خۆی، چونكە لە فەقەرەی دووەم، كاك شێروان هەر ئەوەی خوێندەوە، یدیر مستشار رئیس المجلس موظف بدرجە مدیر عام حاصل على شهادە جامعیە اولیە على الاقل، یەعنی لێرەدا كە موستەشاری مەجلیس زیاد كراوە، مەكتەبی رەئیسی مەجلیس لە خامسا ئەو جێی ئەگرێتەوە، یان ئەویش ئەمینێ لە جێی خۆی؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گوڵێزار خان فەرمووە.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی دەیەم لە ئەصڵی پرۆژەكە، لە بڕگەی یەكەم پشتگیری لیژنەی یاسایی دەكەم، كە پێویست ناكات ساڵی خزمەتی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەكە لێرەدا باس بكرێ، بەڵكو تەنها ئاماژە بەوە بكرێ كە بەڕێوەبەرە گشتییەكان كە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی بێت، بڕگەی سێیەم بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێیەم،

چونکە ئەم ماددەیە باس لـە پێکهاتـەکانی ئەنجومـەن دەکـات، نـەك دانـانی پـەیڕەوی نـاوەخۆی ئەنجومـەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بەیان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنێ من پێشنیارێکی هەی کو ئیزافەیەکیان بکەین، ئەویش بـەو شـێوەیە بـێتن: للمجلس الاسـتعانة بـذوي الخبرة و الاختصاص في اعداد الدراسات و البحوث المتعلقة في شؤون الوظيفة العامة، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاراز حسین فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا بۆچوونەك هەیە ئێستا لە حکومـەتی هـەرێم کـە بـەرەو تەرشـیقی ئیـداری ئـەڕوات، ئەوەنـدەی تێبینی ئەکەم، لە ئەصڵی ماددەکە ماددەی چوار لەگەڵ ئەم ماددەی ئێستا ئەصڵی ماددەی نـۆ، ئەگـەر بـێین سەیری ئەو تەشکیلە ئیداریە بکەین بە مەجلیس و بە هەیکەلی تەنزیمیەکەوە، نزیکەی 10 مودیر عام بۆ 11 مودیر عامامان هەبێ، لە راستیدا ئەوە تەزەخومێکە لە وەزائیفی عولیا بە نیسبەت ئـەو ئیـدارە، نـازانم ئەگەر گۆڕانکاری لێ کرابێ، لەبەر ئەوە بۆچوونی من وایە لە هەیکەلی تەنزیمیەکە و تەشکیلاتی هەیکەلی تەنزیمی، ئەوانەی کە بەرپرسـی ئـەو دائیرانـەن ئـەو پێـنج دائیرەیـە، دەرجـەی مـودیر بـێ نـەك دەرەجـەی مودیر عام، سوپاس،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دیار بوو لە دەرەوە بووی، تەرشیق کرا، بووە چوار، کەم کرایەوە، سوپاس، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگـەڵ عەرەبیەکـەی کـە دەڵـێ: للمجلس اصـدار الانظمـة، لـە بەشـی ئەرکـەکانی ئـەم ئەنجومەنـە ئەوەیـە، پێویستە ڕێسای تایبەت دابمـەزرێ، یـەعنی دەبـێ پێویسـت بێـت نـەك هـەر تـەنها بـۆی هەیـە، دەبـێ بڵـێین پێویستە ڕێسای تایبەت هەبێ بۆ ئاسانکاری و جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز لیژنەی دارایی؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی كە هەبوو، بەراستی ئەو تەعدیلەی ئێمە ئیتیفاقمان لەسەر كرد وا بزانم شتێكی باشە، چونكە گۆڕانكاری پێش ئێستا كرا، دەبێت بە پێی ئەو گۆڕانكاریە وەكو خالاّ رێك بخرێت، راستە ئێمە لە پێش ئێستاش باسی ئەوەمان كرد كە مودیر عام دەبێت حاصل علی شهادة اولیة جامعیة بێت، من لێرە تەنها وەكو تیكرارێكی موفیدە، زەرەری تێدا نیە، ئەمە لە زمنی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوەخۆ و یان تەعلیماتی ئەوەی كە دەردەكەن، سەرۆكی ئەو دەزگایە دەتوانێت مەكتەبەكەی خۆی رێك بیەخیت بە پێی ئەو دەسەڵاتەی كە هەیەتی، ئەمما بۆ مەجلیس كە بۆی هەیە ئیستیعانە بە خەڵكێكی دەرەوەی مەجلیس بكات بۆ ئەوەی ئەمە شتێكی زۆر تەبیعی  و عادیە، چونكە ئەوان موهیمەی تەتویر و موتابەعە و دیراسات حەتمەن یان خەبیر و شارەزای خۆیان دەبێت، یان ئەتوانن ئیستیعانە بە هەندێ شەریكات و كەرتی تایبەت بكەن بۆ ئامادەكردنی هەندێ داتا و ئیحصائات كە ئیستیفادەی لێ بكەن، بە نیسبەت ئەوەی كە كاك د.ئاراس باسی لێ كرد، وا بزانم ئێمە تەرشیقێكی باشمان كردووە پێش ئێستا، ئیحتیمالە جەنابی لێرە نەبوو، ئەو دوو خاڵەی مایە سێیەم و چوارەم، پێمان باشە ئەوە بچێتە ئەحكام خیتامیە، چونكە عیلاقەی لەگەڵ ئەو بابەتەی ئێستا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتەی ئێمە تەقدیمان كردیە لەگەڵ ئەو ماددەیەی كە پێشنیارمان كردیە هەردووك یەك دەگرێتەوە، هیچ خیلافمان نیە، لەبەر ئەوەی لە فەقەرەی یەكەم حەزفی سەنەواتی خیدمەمان كردیە و لێرەش حەزفی سەنەواتی خیدمەمان كردیە، ئەوەمان بۆ زەوابیتە گشتیەكە هێشتووتەوە، صیاغەكەمان لەسەر ئەو ئەساسە كردیە، بە نیسبەت مودیری مەكتەبەكەش، بەجێمان هێشتیە لەبەر ئەوەی دەرەجەی مودیرە، حەتا ئەگەر ئیلغاشی بكەین، یەعنی مەجلیس دەتوانێ بە نیزامی داخیلی ئەم مەكتەبە دروست بكات و مودیریشی بۆ دابنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پرۆژەكەدا هاتووە و ئێمەش لە پرۆژەكە هێشتوومانەتەوە، بە نیسبەت ئەنزیمەی داخیلی، ئێمە پێمان وایە لە ئەحكامی خیتامی باسەكە بكرێ باشە، نەوەك لە هەیكەلی تەنزیمی، ئێستا ئێمە موقتەرەحێكمان هەیە، كە فەصڵی پێنجەم ببێتە ئەحكامی خیتامی، سێ، چوار ماددەمان هەیە و، یەك، دووەكی موقتەرەحە و یەك، دووەكیان پرۆتۆكۆلیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە پێشەوە بڕیارمان دا، ئەوانەی کە ئەندامی مەجلیسەکەن، ڕاستەوخۆ ئیدارەی مودیری دەوائیرەکان بن، لەبەر ئەوە بۆ ئاسانکاری زیاتر و بۆ ئەوەی ئیعادەش نەبێتەوە، دەتوانین وا بڵێین: يتولى اعضاء المجلس ادارة الدوائر التابعة للمجلس، ئەو کاتە پێویست ناکات بڵێین مودیر عام و شهادە و ئەوانە، یەعنی تەجاوزی ئەو ئیعادەی ئەوە دەکەینەوە، چونکە سیفاتەکان لە پێشەوە هین کردووە، یەعنی بۆ ئاسانکاری زیاتریش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا کێ ئەیەوێ موداخەلە بکات با ناوی بنووسین، داوای لێبوردن دەکەین، ڕاستە ئەو بەڕێزانە قسەیان کرد، تەواو بوو، لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەی بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان بەوە دا کە مەسەلەی مودیر عام ئیشارەتی لە ماددەکانی پێشوو پێدراوە، بۆیە بە تەنسیق لەگەڵ جەنابی وەزیر ئەم صیاغەمان داڕێشت بۆ ئەوەی بتوانین ئەعزای مەجلیس چۆن ئیدارەی دەوائیرەکان دەکات، بۆیە صیاغەی ماددەی نۆیەم بەم شێوەیەمان کردووە:

اولا: يتولى اعضاء المجلس، ادارة الدوائر المنصوص عليها في البنود (اولا وثانيا وثالثا ورابعا) في المادة الثامنة من هذا القانون.

ثانيا: يدير مكتب رئيس المجلس موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية على الأقل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی تر فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرەحەی کە لە سەرەتا ئیشارەتم پێدا، پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەکە ئەگەر بکرێ فەصڵی سێیەم و فەصڵی پێنجەم جێگایەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن، ئەویش بە تەصویت دەبێ، داوا لە جەنابتان دەکەین ئەو فەقەرەیە بدرێتە تەصویت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئیتان چیە بەڕێزان ئەندامان پەرلەمان لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕیە؟، دوو کەس هەیە، کاک عومەر نورەدینی و کاک عومەر هەورامی، فەرموون.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئی نیزام داخیلی بوو کە ئیحالەی ئێرەمان کرد، پێویستە لێرە جێگای بکەینەوە، للمجلس اصدار الانظمة اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون، ئەوە یەك لە ماددەکانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ تێبینیەکەی لێژنەی یاساییم، ژمارەی فەصڵەکە شەشە، نەك پێنج.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیەکەتان بخوێنن، لێژنەی دارایی مولاحەزەتان هەیە؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕەئی لێژنەی یاساییینە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە بەم شێوەیە دەبێت، للمجلس اصدار الانظمة اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون ، ئەوەش دەبێتە بەشێك لە فەصڵی شەشەم کە ئەحکامی خیتامیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ئەم بۆچوونە کێ موداخەلەی هەیە؟، کاك محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە یاساکانی دیکە، بە تایبەت یاسای وەزارەتەکان کە دەرمان کردووە، ڕێگامان بە وەزیر داوە کە دەسەڵاتی هەبێ لە خاریجی وەزارەتەکەی خۆی، یان لە خاریجی هەیئەتەکان ئیستیشارە بە خەڵکی موختەص بکات، بەڵام ئەم قانونەی کە دەرمان کردووە، دەستەیەکی زۆر گرنگە، لە هیچ شوێنێکدا ئاماژە بەوە نەدراوە ڕەئیسی ئەم لیستە بتوانێ ئیستیعانە بە خوبەرا بکات، بیهێنێتە مەجلیس و ئیستیشارەی پێ

بكات، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەگەڵ ئەو پەیڕەوە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ کە ڕێگە بە ڕەئیسی مەجلیس بدات ئیستیعانە بە خوبەرا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەو ڕەئیەی کاک محمد شارەزووری دەکەم، پێویست دەکات لە دوای سێیەم لە ماددەکە، للمجلس اصدار الانظمة اللازمة لتنفیذ احکام هذا القانون، بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکەین و بیکەینە چوارەم، للمجلس الاستعانة بالخبراء و المختصین لتحقیق اهداف المجلس، بۆیە من پێم وایە ئەوە زەرووره، بۆیە ئەوە ئیستیعانە پێویست دەکات لە خیبرەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە مەجلیس ناتوانێ ئەنزیمە دەربکات، دەتوانێ تەعلیمات دەربکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە دروستی ئەوەی کاک کاردۆ دروستە، نیزام دەتوانیت دابنێت و بە تەعلیمات دەری بکات، کاک شێروان ئاخیر صیاغە بخوێنەبۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، ڕەنگە زەلەت لیسان بووبێ، خۆی للمجلس اعداد الاتظمة اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون، لەبەر ئەوەی ئەنزیمە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسند دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە؟، ئەو پێشنیارەی کە کاک شێروان خوێندی؟، کێ لەگەڵە دەست بەرز بکات؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، ئەویش بە کۆی دەنگ، فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی ئیزافیمان هەیە ئەویش ئەوەیە:

للمجلس استحداث او الغاء او دمج مدیریات او شعب او اقسام عند الاقتضاء).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو ڕەئیەینە جەنابی سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ موداخەلەی هەیە؟ كاك نەریمان و سیوەیل خان فەرموون.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە بێت و ئەم دەسەڵاتەی بدەینە مەجلیسەكە كە هەتا ئەتوانێ مودیریاتی تر دروست بكات، ئەوە لە هەیكەلەكە دێتە ژوورەوە، ئەو مودیریانە دەبنە عوزو لە مەجلیسەكە و ئەو كاتە ژمارەكە زیاد ئەكات بەو شێوەیە بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عپمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە یاساكانی دی نووسیمان ئەگەر وەزیر بێ، للوزیر استحداث او دمج، لێرە نووسرایە للمجلس، ناكرێ بڵێین لرئیس المجلس؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت مودیریات، شتێكی ئیعتیادیە لە زمنی هەیكەلیەتی هەر موئەسەسەتێك دەستكاری بكرێت، ئەوانە نابنە عوزو لەو ئەنجومەنە، چونكە ئەوانە سیفەتیان سیفەتی مودیر عامیان هەیە، ئەوانە سیفەتی مودیر عامیان نیە، تەنها سیفەتی مودیریان هەیە، ئەمە یەك، ئەوەی تر، بە قەناعەتی من هەر ئەوەندە بوو ئەو پرسیارە، لۆ مەجلیسی بگەڕێتەوە باشترە، نەك لۆ ڕەئیسی مەجلیس و لەوێندەری قەراری لەسەر دەدەین لە بۆ دەستكاری كردنی هەیكەلیاتی ناو دەزگاكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

للمجلس استحداث او الغاء او دمج مديريات او شعب او اقسام عند الاقتضاء).

لێژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەو دەزگایە پێویست بە تەشکیلات دەکات، هەتا تەشکیلاتی بۆ دادەنرێ، دەزگایەکی تازەیە، وەختی دەوێت، بۆیە ئێمە 90 رۆژەکەمان پێ زۆر بوو، بۆیە کردمانە 60 رۆژ، وا بزانم ئەگەر بە 60 رۆژ دابمەزرێ زۆر باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس تەوزیحێك لەبەر ئەوەی جەلسەکە بلاودەکرێتەوە، 25 هەزارەکە چاوەڕێی ئەو مەجلیسە ناکات، 25 هەزارەکە دەست بەکار دەبێ، حکومەت کۆمەڵێك رێنمایی داناوە کە ئەگونجێ لەگەڵ روحی ئەم قانونە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێستا ئاخیر صیاغە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ينفذ هذا القانون بعد مضى (60) يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکات؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەنگە لە ئەنجامی ئیزافە کردنی ئەو دوو ماددەیە، ئەو ماددانەی ئەخیر تەسەلسولەکانی گۆڕانکاری بەسەر دابێ، ئەوە جەنابی سکرتێری پەرلەمان دەبێ ئاگاداری ئەو مەسەلانە بێ، ئێستا دەچینە ئەسباب موجیبە:

**الأسباب الموجبة**

من أجل بناء دولة المؤسسات وتنظيم شؤون الوظيفة العامة وتشكيل مؤسسة مهمتها تطوير العمل في دوائر الاقليم وبلورة القواعد والاسس السليمة وتأمين العدالة والحيادية وضمان معايير الكفاءة في التعيين وإعادة التعيين والترقية، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی تێبینیتان؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر نیە، لەگەڵ دەقی ماددەکەینە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ئەسبابی موجیبەین و، هیچ مولاحەزەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس لە بۆ تەشکیل موئەسەسە، بیکەین بە تەشکیل مەجلیس، چونکە خۆی مەجلیسە بۆ ئەوەی گرفت دروست نەبێ لە پێناسەکە، یەعنی لە جیاتی موئەسەسە بکرێت بە مەجلیس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیەوێ لەسەر ئەوە قسە بکات؟، کەس نیە؟ ئێستا گشت پرۆژەکە بە گشت ماددەکانی و بەوانەی ئیزافە کران، لەگەڵ ئەسباب موجیبە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستاش پرۆژە یاسای ڕاژەی گشتی لە هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ پەسند کرا، دەست خۆشی لە ئێوەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، لە گشت لیست و فراکسیۆنەکان یەکە، یەکە ئەکەین، زۆر هیلاك بوون، زۆر بە دڵسۆزی کارتان کرد بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ئەم یاسایەی هەبێت کە خزمەتی جەماوەری کوردستان بکات، بۆیە پیرۆزبایی لە گشت خەڵکی کوردستان دەکەین، لە گشت دانیشتووانی بە گشت پێکهاتەکانی، کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایەیان پەسند کرد بۆیان، دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر کاك د.کاوە ئەکەین، کە لەگەڵمان زۆر بۆچوونی بەسوودی پێشکەش کرد، سەرکەوتوو بێ، پیرۆزبایی لە حکومەتی کوردستان و گشت دام و دەزگاکانی ئەکەین و تەمەنا ئەکەین خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی حەزاری و بە یەکسانی سوود لەم

یاسایه وەربگـرێ و بکرێتـه بـابی جێبـەجێ کـردن و بـه خواتـان ئەسـپێرین و کۆتـایی بـه دانیشـتنەکەمان ئەهێنین تاکو ئاگادارتان دەکەینەوە بۆ دانیشتنی داهاتوو، خوا پشتیوانتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |